# خۆزە باڵتازار

خۆزە باڵتازار پیاوێکی کوڵەبنەی تێکسمڕاوی قوله ڕەشەیە. رووت و قووتە. تەنیا کۆتـە چـەرمێک نـەبێ، وەک فۆتـە بـە بـەر عەیبەیـەوەی هەڵدەدا، تیتۆڵێک پارچە چییە! پێیەوە نییە. تـووکی سـەری، چەشـنی بنجی گوێنییە. غەیری دەوری دەم و چەنەی نەبێ، چڵە موویـەکی لـێ نەڕواوە. جگە لە سپێنەی چاو و ددانەکانی نەبێ ـ ئەویش بـە هـۆی ئـەو بزەیەی قەت لە سەر لێوی ناتۆرێ و لە یەکـەمین نیگـادا، وەک قیـل بـە نیگای رووبەڕووەکەیەوە دەنووسێ ـ رۆشنایی لە سیمایدا بـەدی نـاکرێ. دارێکی نووک تیژی پێیە، لە بری گۆچانیش بە کاری دێنـێ. لیزگەیـەک مووروی درشتی لە مل دایـە. لـە ناوەڕاسـتەکەیدا سـێ ددانی درێـژ، لـە چەشنی کەڵپەی ورچ و گورگ و شفرەی بەراز تێدایـە. خـۆزە لـە گـەڵ

ئەوەی زوو بە زووش خۆی دەشۆرێ،  بۆدرِنی لێدێ. بۆنێـک وەک بـۆنی پیوی کولّاو، خامی گنخاو. خۆزە ژنێـک و کورِێـک و دوو کچـی عـازەبی هەیە. بەو سیمایەوە لە بەر چاوی جـەماوەر زۆر ئاسـاییـیـە، کـەس لێـی ناپرینگێتەوە.

ئێـستا پـاش ئـەوەی چەشـنی وێنەکێـشێکی نـەریتخواز، وێنـەی خۆزەمان خستە بەرچاو. تکایە ئیتر مەپرسە، ئەم کابرایە چۆناوچۆن و لـە کوێوە پەرِیوەی ئەم ولّاتە بووە. چونکوو ئەوە نە من دەیزانم و نە کەسـی تر. بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە، خۆزە لە ئاسمانڕا نەهاتۆتە خوارێ. لـە سووچێکی ئـەم گـۆ خۆڵـینەوە هاتۆتـەوە ئێـرە. لـە هـەوەڵ رۆژەکـانی سەرهەڵدانی خۆزە و بنەماڵەکەیدا، رۆژێک خۆزە لە ناو بازارِ تووشی دەبێ بە تووشی قالە کوێرەوە، کە کەیخودا و پیاوماقووڵی شارە. قالە کوێر لێـی دەپرسێ ناوی چییە و لە کوێوە هاتۆتە ئێرە. خۆزە پێی دەڵێ ناوی خۆزە باڵتازارە. قالە کوێر دوا بە دوای خۆزەدا دووپـاتی دەکاتـەوە: هـم! خولـە باڵتەزەرد. خۆزە بە دەم نەرمە پێکەنینەوە دەڵێ: خولـە نـا! مامـە قالـە. خۆزە، خـۆزە باڵـتازار . قالـە کـوێر دەڵـێ: بـە خـوا کاکـە لێرەکانـێ چ تەوفیرێک نییە لە مابەین خولـە و ئـەوەی تـۆ دەیـڵێی. خولـە بـە زاری خەڵکیەوە زۆر سووکترە. خۆزە دەڵێ خولە لە بەر خاتری چاوی ئەو هیچ، ئیتر ئەم باڵتەزەردە چییە؟ ئەو بە ماوەی ژیانی جگە لـەم کۆتـە چەرمـە نەبێ، قەت تیتاڵێکی پەرِۆ لە خۆ نەئاڵاندووە. بشیکوژن باڵتەزەردی ئیتـر قەبووڵ نییە. قالە کوێر بە توورِەییـیەوە دەڵێ: بێـدەنگ بـە. تـۆ باڵـتەی زەردت نەبووە. دڵم ختور دەکا. دوور نییە باوکت یان بابەگەورەکەت، یان بنەچەکـە گۆرِبەگۆرِەکـەت، دڵـنیام سـەگبابێکیان باڵـتەیەکی زەردی

سەربازی دوگمە ئاسنی بووە. ئیتر تەواو، کەڵەوەکێشی ناوێ. لەو ڕۆژەوە خۆزە بە سەر زاری جەماوەرەوە بووە خولە و باڵتازار بووە باڵتە زەرد.

منداڵەکانی خۆزە بە پێچەوانەی خۆزە و خێزانی وەک خەڵکی ئەم وڵاتە جلوبەرگ لە بەر دەکەن. ئەمانەش گرینگییەکی ئەوتۆیان نییە. ڕاستییەکەی ئەوەی بۆتە هۆی سەرسووڕمان، نەخۆشینەکەی خۆزە بوو. خۆزە ماوەیەک لەوە پێش نەخۆش کەوت. حەوت ڕۆژان بە جێوبان، بێ سەروزمان کەوت. کەس تاقە کەلیمەیە قسەی لێ نەبیست. خێزانی بە دەمە کەوچک چۆڕە هەلیماوێکی بە دەمییەوە دەکرد. لەو خواردنەش کەوت. حەوت ڕۆژی دواتر، بە لۆکە زاریان تەڕ دەکرد. تاکوو نەخۆشینەکەی خۆزە زۆرتر دەبوو، بۆدڕنی خۆزەش زیاد و زیاتر دەبوو. بۆنی پیوی کوڵاو و خامی گنخاو، وڵاتی هەڵگرتبوو. پاش ئەوەی لە زار تەڕکردنیش کەوت، ئەو جار کوڕەکەی چاوی نووقاند و بێ هەست و خوست وەکوو خۆزە حەوت ڕۆژ لە تەنیشتی ڕاکشا. بۆنی پیوی کوڵاو و خامی گنخاو لە زیاد کردن بوو.

پاش ئەو حەوتەیە، بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا و دەبوو روو بدا، خۆزە و کوڕەکەی وەک جووجەڵە، سەر لە هێلکە بێننە دەر، وە جووڵەجووڵ کەوتن. چەشنی کوللە و تانجییلۆکە، هەر جارناجارێک بە چەپۆک یان بە پێلاقە لە یەکیان دەسرەواند. ئەو شەڕ و چنگە پلماسکێیەش حەوتوویەکی خایاند. تەنانەت جاری وابوو سواری سەری یەکتریش دەبوون، یەکیان دەخرپاندەوە. بۆدڕنی خۆزە، زیاد و زیاد و زیادی دەکرد. ڕەنگە هەموو شتێک بۆنی خۆزەی گرتبوو.

لە کۆتـایی سـەعاتەکانی ئـەو حـەوتووەدا، خـۆزە سـواری سـەری کوڕەکەی بوو. لە چرکە ساتێکدا، هەردووکیان پێکـەوە چاویـان هەڵـێنا. چەقۆی نیگایان چەقاندە چاوی یەکتر. بە شێوەی فیلمی سینەما، دەمیان خستە ناو دەمی یەک. ئیتر لە پاش ئەو ماچە سێحراوییە، تاقـە کەسـێک چییە، کوڕی خۆزەی نەبینیـەوە. وەک ئـەوەی خـۆزە کوڕەکـەی خـۆی چەشنی جگەرە، بە لا لێویەوە نابێ و فڕی کردبێتە ناو دەروونی. بۆدڕنیش هەر لە گەڵ ئەو ماچە، لە ناو ماڵ و لە هەموو شـوێنێک قـڕ بـوو. ڕەنگـە ئەویش خۆی هەڵدابێتە ناو سییەکانی خۆزە.

خۆزە گوڕ و تینی لاوی هاتـەوە بـەر، زەق و زینـدوو بـۆوە. تـەنیا فەرقێکی کە کردوویەتی ئەوەیە. لە بەر دەم بڕێک شوێن وەک قاوەخانە، سـینەما، هۆڵـی بیلیـارد، بـەزازی ـ کـە لەمەوبـەر کوڕەکـەی دەچـوو ـ لەنگەرێک دەگرێ. دەست بە سەر چەند پارچە قوماشی سەوزی دامەیی، سووری سادە و بنەوشی پەڵەپەڵەدا دێنێ. پاشـان بزەکـەی سـەر لێـوی وەک پۆلووی دەم با دەگەشێتەوە، وە شنەشن دەکەوێ. بە لاقرتییەکەوە لۆقەیەک دەهاوێ. وەک ئەوەی ئەو حەزانەش لە ناخیدا هەڵبلووشێ.

خێزانی خۆزە بە دەم خولیا، کچە گەورەکەیەوە دەخنێتەوە. لامـە لامەی لە بەر دەکا. خولیا لە سەرخۆ و بێپەروا بە دایکی دەڵێ، ئەو قێزی دێ لە بۆدڕن. قێزی دێ لە شتی کۆن و پیسی شەقیلە بەستوو. دڵنیا بێ، هەزار ئەوەندەی تریش بیلاوێنێتەوە، بێ کەڵکە. ئەگـەرکوو لـە بـری نـۆ مانگ، نۆ ساڵیش بە چەرمی زگ هەڵیگرتایە،لـە بـری دوو سـاڵ، بیـست ساڵ شیری پێ بدایە. دیسانیش ئەگەرکوو لـە سـەر جـێ بکـەوێ، وەک

کاکی ناچێ چاوی بنووقێنێ و بێ هەست  وخوست لە تەنیشتی راکـشێ. تاکوو ئەو فڕی کاتە ناو سییەکانی.

هیچ دوور نییە. بەر لەوەی کار بگاتە ئەو کاتە، وەک ئیسکیموو بـە شتێکی قورس لە سەری بدا، خەلاسی کا. یان کاتــێ لـە جووڵـە کـەوت، چەشنی هیندوو ئاگری دا و خۆڵەمێشەکەشی نە دەکاتە ناو هیچ زێیەک و نــە دەیباتــە نــاو هــیچ مەعبــەدێک. رەنگــە هــەر لــە یەکــەمین رۆژی نەخۆشینەکەیدا، بۆ ئەوەی لە بەر چاوی گوم و گۆڕ بێ. وەک زەردەشتی، بیباتە ناو دەشتێکی کاکی بە کاکی فڕێی دا. با ببێتە خـۆراکی داڵــاش و سیسارکە کەچەڵە. خەڵاسی بێ لە بۆدڕن. لە بۆنی پیوی سووتاو و بـۆنی خامی گنخاو.

خەرمانانی ١٣٨٢(٢٠٠٣/٩)

# قەڵای . . . کلیل!

## «گفتوگۆ کلیلێکە هەموو دەرکە داخراوەکان دەکاتەوە»

ئەمە نووسراوەی سەرەتای یەکەم لاپەڕەی کتێبەکەی بوو. ئەم کتێبە کۆن و زەرد هەڵگەڕاوە، کە وەک خەزێنەیەکی بەنرخ، وەک نهێنییەک، هەمیشە لە بن چاکەتە ئەفسەرییەکەیدا شاردبوویەوە. ڕەنگە خۆشی دڵنیا بووبێ، تەنیا مەرگ بتوانێ لێی جیا بکاتەوە. پاش ئەوەی لە کارەکەم بوومەوە، دڵنیا نیم، لەوەی یەکەم شت، کە سەرنجی ڕاکێشابم، ئەو بەرزاییەی لای چەپی سەرسینگی بووبێ،. وەک مار، لە سەر دڵی پاپۆکەی خواردبۆوە. زووتریش وەخت و ناوەخت، بە پێی هەلومەرج هەستم بە بوونی کردبوو. شتێک لە ژێرەوە، چاکەتە ئەفسەرییەکەی هەڵمساندبوو. بەڵام تا ئەم دەرفەتە، نەمزانی چییە؟ ئەگەرچی دڵنیام، لای ئەو لە هەموو شتی دونیا پیرۆزتر بوو. شتێک کە بە ماوەی هەموو

تەمەنی، شەو و رۆژ لەگەڵ خۆی گێڕاویەتی. تەنیا ئیستێک چییە، لە خۆی دوور نەکردۆتەوە.

رەنگە یەکەم کەس کە هەستی بەو رەقاییەی سەرسینگی کردبێ، ئافرەتێک بووبێ! ئەگەرچی بڕواش ناکەم، ئەو جگە لە خۆی و ئەم خەزێنەیەی، کەس و چی‌تری خۆش ویستبێ. رەنگە ئەو ئافرەتە بە بۆنەی لاواندنەوە، لە سەر چاکەتە ئەفسەرییەکەیەوە ـ کە لە کاتی خەویشدا دەری‌نەهێناوە ـ دەستی لەو رەقاییەی سەر سینگی کەوتبێ. کاتێک ئەو خۆی کڕ کردووە، رەنگە ئافرەتەکە زیاتر تامەزرۆ بووبێ. پەی بەو نهێنییەی بەرێ. یەکە یەکە دوگمەی ئەفسەرییەکەی ترازاندبێ، بە هێوری دەستی بردبێ بۆ خەزێنەکەی. ئەویش وەک ئەوەی لەپڕ لە خەوێکی قورس رابووبێ، بە پێی هەڵسوکەوتی خاوەن ماڵ لەگەڵ دز، پڕی کردبێ بە پەنجەیدا. وەهای رێک‌گوشیبێ، خوێن لە سەری هەر پێنج قامکی پەنجەیەوە فیچقەی کردبێ. ئیتر قەت زاتی ئەوەی نەکردبێ جارێکی تر، قومارێکی لەم چەشنەی کردبێ. یان رەنگە بە پێی ئەو بەڵگانەی قەت ناخرێنە روو، بووبێتە قوربانی، کوتوپڕی هەڵمەتی دەستێکی بەهێز و چەقۆیەکی تیژ و جەرگبڕ.

خەزێنەکەی کتێبێک بوو. بە قەرایی بەرە دەستێکی مامناوەندی پان، بەندی ئەنگوستیش ئەستوور. لاپەڕەکانی زەرد و تەنک. شتێک لە مابەینی کاغەز و چەرم. تەنک چەشنی کاغەز، سفت و قایم وەک چەرم. خەتەکەی وا وێدەچێ، بە زیندوویی لە سەر ئەو پێستە داغ کرابێ. زبری هێڵەکانی لە پشتەوە ناکەوێتە بەردەست. گنجێکی چووکەی تێدا نییە.

بەو چەشـنەی سـێحری کتێبەکـە نووسـیبووی. قووڵـکەیەکم بـە قەرایی بەرەدەستێک، بە نووکی چەقۆکەم، بستێک دوورتر لەو، هەڵکەند. شوێنێکم وەک جۆگە، لە قووڵکەوە تا لای ئەو کێشا. تا خوێنەکەی بڕژێتە نێو. دواتر خوێنەکە لە نێو قووڵکەدا بمەیێ. ببێتە کلیلێک بۆ کردنـەوەی سـێحری ئـاخر دەرکـەی قەڵـا. دڵـۆپ دڵـۆپ خـوێن، لـە تەرمەکـەی دەچۆڕێتەوە. چەشنی دەنکی تەزبێح، بـەرەو چاڵـەکە بـە شـوێن یەکـدا لۆزمە دەبەستن. لە ناو چاڵەکەدا کۆزیلکە دەدەن.

ئەمە نەریتێکە دەگەڕێتەوە سەرەتایەکی زۆر دوور. پشت بە پشت و سینگ بە سـینگ، لەگـەڵ ئـەم کلیلـە سـوورانە هـاتوون. تـا ئەمڕۆکـە، گەیشتۆتە من. ڕێی هیچ شک و گومانیش نییە، لە منەوە دەگاتە تـۆ. لـە تۆشـەوە تـا کـێ؟ نـازانم. ئەمـە مێـژووە، درێـژەی دەبـێ . ناپـسێتەوە. نووسەری یەکەم لاپەڕەی ئەم کتێبە، بەم چەشنەی نووسیوە.

ئێمە دوو هۆزی بەهێز و یەک ڕەگەز بووین. دوو دەست لـە یـەک پەیکەر. دەستمان دایـە دەسـتی یـەک. وەک بـرا و یەکتـەن، هـەرچی نەیارمان بوو لە ناومان بـرد. تـەخت و بـەختیمان رووخانـد. بـەم شـێوە خۆمان لە فەوتان قوتار کرد. بە سەربڵیندی خۆمان لەو فەرتەنەو ئاژاوەی پێکهاتبوو دەربرد. شاد و بەختەوەر، بە تێر و تەسەلی دەژیاین. بـەردەوام خەریکی راو و شکار، کـەیف و نەهـەنگ بـووین. رۆژگارمـان بـەم شـێوە رادەبوراد. دڵنیا بووین لە سەر عەرد نەیارمان نییە. هـەرکات هەڕەشـە و مەترسییەک لە گۆڕێ بوایە، شان بە شانی یەک ملمان پێوە دەنا. زۆر جار لە بەر غلووری و ئازایەتی، سینگی خۆمان دەکردە قەڵغانی هۆزی برا.

ئاخر شەڕ، دوژمنێکی بە زەبر و هێز، هێرشی کردینە سەر. ئەوەی پیاو لە هۆزی ئێمە دەستی چەکی دەگرت، دەستی دایە چەک و هاتە مەیدان. هۆزی برا، بڕیار بوو دوژمن دەور بدا. لە پشتەوەڕا دەست لە دوژمن بوەشێنێ. شەڕ دەستی پێکرد. شەڕێک کەس بۆی روون نەبۆوە، چەندی خایاند. چەند مانگ، چەند ساڵ، چەند سەدە . . . هۆزی برا هەر نەگەیشتە مەیدان. دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی سەت هێندەی تیر و تیغی دوژمنی، لێ کوشتین.

پاش پێکدادان و کوشت و بڕێکی زۆر، ئەوەی کوژرا کوژرا. ئەوانەی مانەوە، هەر کەس لە حاندی خۆیەوە، پاشەوپاش گەڕاوە دواوە. هەر دوو بەرە، ئاش‌بەتاڵی کرد. روون نەبۆوە کام لا سەرکەوت، کام لا تێشکا. هەموو، ماندوو و شەکەت، بریندار و برسی، ملی ڕێگەمان گرتە بەر. هەر هاتین و نەگەیشتین. هەر هاتین و نەگەیشتین. وەک ئەوەی زەوی ژێر پێمان لە بەر یەک بڕەوێتەوە. ڕەنگە ساڵەهاتێکی زۆر بەڕێوە بووین. برین، برسێتی، ماندوویی، سەرما و دووری ڕێگا، هێندەی دوژمن قڕی تێ‌خستین.

لە دوورڕا هێڵێکی سپی، لە سەر ئاسۆ سەودای دابوو. شۆرەیەکی بەرز، بە ئاسماندا هەڵزنابوو. هەموو لامان وابوو، ڕێگەمان هەڵەکردووە. چونکوو لە هیچ شوێنێکی وڵات، تەنانەت بستە دیوارێک چییە، بەرزمان نەکردبۆوە. لامان وابوو لە بری وڵاتی خۆمان، روومان لە وڵاتی دوژمن کردووە. چارە نەبوو. هێز و توانا نەمابوو. بڕیارمان دا تەنانەت ئەگەر دیلی و مەرگیش بێ، بچین بە پیریەوە. بە مەترسی و دڵەڕاوکێ، بەرەو شۆرە خوشاین. ئاڵای هۆزی برا لە سەر شۆرەکە دەشەکاوە. خۆشی لە دڵمان

گەڕا. وتمان ئەو ماوەیـە ئێمـە سەرقاڵـی شـەڕ بـووین، ئـەوان ترسـاون. دەرفەتیان هێناوە، ئەم دیوارە بەرزەیان بۆ بەرگری لە دوژمن رۆناوە. بەڵام ئەمە جێی پرسیار بوو، بۆ تـەگبیریان بـە ئێمـە نـەکردووە؟ وەک دەیـان پرسیاری تر، کە دواتر هاتنە گۆڕێ، روون نەبۆوە. هەر وەک دەورەنەدانی دوژمن و دەست وەشاندنیان.

سەیر ئەوە بوو، دیوارەکە یەکپارچە و یەکدەست بوو. تاقە دەرکێک نەبوو، لێیەوە ئاوەدیوی ئەوبەری بین. سەر شۆرەکە، پڕ بـوو لـە تارمـایی مـرۆ. جموجوڵـیان بـوو. چەنـدەی دەسـتمان هەڵـتەکاند، گوڕانـدمان، پاڕاینەوە، وڵامێک نەبوو. هەست دەکرا دیوارەکە چەشـنی پێـستی مـرۆ، هەموو کون کـون بـێ. لەوبـەری هـەر کونێکـەوە چاوێـک زەق بۆتـەوە، دەمانڕوانێ. یان شک دەچوو، شـۆرەکە لـە شـێوەی چـاوێکی زلـە، سـاز کرابێ. کە نێو دەروونی مرۆشی دەبینێ، بەڵام کـە ورد سـەرنجت دەدا و دەستت پێدا دەگێڕا، تەنیا درزێکی چکۆلەی تێدا بەدی نەدەکرا. کە تاڵە موویەکی پێداچێ.

پاش گەڕان و پشکنینی زۆر، دەرکێک، دەلاقەیەک نەدۆزراوە. شەو هەموو پێکەوە، لە یەک کاتدا یـەک خـەومان بـینی. کەسـێک لـەو بـەر شۆرەکەوە دەیوت: «**ئەگەر حەز دەکەی بێیە ئـەم بـەری شـۆرەکە، ناو قەڵا ببینی، دەبێ کەسێکی بەلەسە و یاخی، لە هۆزی خـۆت لە ناو بەری. چاڵـێک بـە قـەرایی بەرەدەسـتێک هەڵـکەنی، تـا خوێنی تەرمی ئـەو کەسـەی بـڕژێتێ. پـاش مـەیینی خوێنەکـە، چەقۆیەک بخرێتە ناو خوێنەکە. مستێک خاک لـە جـێ شەقـڵی چەقۆکە بپرژێ. خاکەکە وردە وردە بە تـەڕی خوێنەکـە دەگـروێ،**

**سفت دەبێ. سفت‌تر لە پۆڵا. دەبێتە کلیل. هەموو شەوێک، ئێستێک بەر لەوەی *مانگ* لە دیواری قەڵا دەرکەوێ، دەرکێک لە ناو دڵی شۆڕەکە، دەردەکەوێ. ئەو دەرکە تەنیا بەو کلیلە دەکرێتەوە. بەختەوەر ئەو کەسەیە، ئەو کلیلەی دەسکەوێ و ئەو دەرکەی بۆ بکرێتەوە. بێتە ناو قەڵا. دەبێتە هاودەمی ئێمە. *هاوشاری* ئێمە. دەبێتە دانیشتووی تێر و تەسەلی *هەتاهەتایی* ناو قەڵا.»**

ئەوە خەون بوو یان واقع، لای کەس روون نەبۆوە. بەڵام حەقیقەتێک بوو، کە پاش ماوەی شەڕی گەورە، دەستەویەخەی بوون. زۆر کەس لە داخا دڵی تۆقی. زۆری‌تر لە بەر برسێتی و کەساسی. زۆری تر لە بەر سەرما و شەکەتی. سەرباری هەموو ئەوانە، ئازارێکی تازە، چەشنی خۆرە کەوتە ناومان. وردە وردە دەیخواردین، کەم و کەمتر دەبووینەوە. چیشمان لەگەڵی پێ نەدەکرا. هەموو لە یەکتر دڕدۆنگ بووین. ئێمەی کە لە شەڕی گەورەدا، پشتمان دەدا بە پشتی یەکترەوە،لامان لە یەک نەدەکردەوە. گوێی شەیتان کەڕ بێ، موو بە بەینماندا نەدەچوو. هەموو خۆمان لە گێلی دەدا. وەک ئەمە وەحییێکە تەنیا بۆ بیسەری هاتۆتە خوار. کەس زاتی نەدەکرد سەیری چاوی کەسی تر بکات. نهێنییەکی پڕ مەترسی لە قووڵایی چاوماندا خۆی مەڵاس کردبوو. لە بەر ئەوەی چاوە رازەکان ئاشکرا نەکا، چاومان لە چاوی یەک دەدزییەوە. هەر کەس تەنیا، دەیڕوانییە بەر پێی خۆی. موویەک ئەم لاو ئەولای نەبوو. ئەوە سەرەتایەکی تازە بوو! سەرەتای دەسپێکردنی هەوەڵین گفتوگۆ، بۆ کردنەوەی یەکەمین دەرکی قەڵا.

زۆرم لەگەڵ خۆم گـلودۆل کـرد. خـۆم بـۆ رازی نـەبوو. سـەرما، برسێتی، ماندوویی، برین و لاوازی تاکوو دەهات، زۆری بـۆ دێنـام. ئـاخر شەو، بڕیارمدا بەر لەوەی مانگ لە شۆرەی قەڵا دەرکەوێ، تفێک هەڵدەمە ناو روخساری قەڵا. شەقێک بدەم لە ژیانی تێروتەسەلی ناو قەڵا. بێ‌هیوا، بە پێدزە، وردە وردە، لە تاریکی شەودا، ملی رێگەم گرتە بـەر. پـشت لـە قەڵـا و رووەو دەشـت. پێـشتر وتم، گـشت شـۆرەکە چـاو بـوو. هـەموو جموجۆڵی ئێمە لەبەر چاو بوو. تەنانەت بیریـشیان دەخوێندینـەوە. بـەر لەوەی بمانەوێ کارێک بکەین، دەیانزانی. چەند کەسـێک بیریـان لـەوە کردبۆوە، شۆرەکە بن کۆڵ کـەن، بـا بـڕووخێ. بـڕێکی تـر بیریـان لـەوە کردبۆوە، رەهەند لێدەن، خۆیان بگەیێنە ناو قەڵا. بەر لەوەی دەستبەکار بن، کەوتنە بەر تیری ژاراوی یاساوڵی قەڵا، یان کەوتنە ژێر هاشاوڵی قیل و ئاوی کوڵاو. یان لە ژێر ئەو گابەردانە پان و فلیق بوونەوە، کـە لـە سـەر شۆرەکەوە بە سەریاندا باری.

وەک زۆر کەسی‌تر، مەبادا لە پشتەوە بکەومە بەر نـووکی پـەیکانی یاساوڵی سەر شۆرەی قەڵا. ئەگەرچی لەوکاتەدا، زۆرم حەز لە مردن بوو. بە تەمابووم ئەم هەنگاوە نەپێکراوم، هەنگاوێکی تر بپێکرێم. وردە وردە، لە قەڵا دوور دەبوومەوە. لە پڕ گوێم لە نووزەی کەسێکی سـەرەمەرگ بـوو. دەستم راستەوخۆ پەڕییە سەر چەقۆکەم. بۆ ئەوەی باوەڕ بە بوونی بکـەم، بە هەموو هێزم دەسکەکەیم گوشـی. بـەرەو دەنگەکـە خوشـییم. تـاکوو نزیکتر دەبوومەوە، دەنگی لرخەلرخی، زیاتر پشووی دەخنکانـد. لـە بـەر تاریکی هیچم نەدەدی. لاقم لە شتێکی نەرم هەڵەنگوت، تەپم دا سەری. چەقۆم لێ راست کردەوە، لە سـەر دڵـیم راگـرت. بەڵـام ئـەو هەسـت و

خوستی نەبوو، وەک ئەوەی لە حەوت ساڵان راست بووبێتەوە. ساتێک خۆم کرِ کرد. دوو چاو، چەشنی چاوی پشیلە. لەو شەوەزەنگەدا، دەبریسکاوە. سەیری دەکردم. لەسەرخۆ، پچرپچرِ ناوی منی هێنا. وتی پەلە کەم. تەنیا چاڵێک بە قەرایی بەرە دەستێک هەڵکەنم. با خوێنەکەیان برِژێتە ناوی و بمەیێ. ئەوجار دەمی چەقۆکەم بکەمەوە، بیخەمە ناو خوێنە مەییوەکە. با خوێنەکە شەقڵی چەقۆ بگرێ. پاشان چاڵایی شوێنی چەقۆکە، بە خۆڵ پرِ کەمەوە. خۆڵەکە وردە وردە بە تەرِایی خوێنەکە دەگروێ، سفت دەبێ. پاش ئەوەی سفت بوو، دەری بێنم. دەبێتە کلیل. دەرکی قەڵام بۆ دەکاتەوە. وتی پەلە کەم، چی وای نەماوە بۆ دەرکەوتنی مانگ لە شۆرەی قەڵا.

چاوم لەگەڵ تاریکی تەواو راهات. کەمێک لێی دوور کەوتمەوە. دوودڵ بووم، لەوەی جۆگەلە بۆ خوێنەکە ساز کەم، بەو جۆرەی خۆی وتبووی، یان جێی بێڵم. دەستم وە شتێکی نەرم کەوت. لێی ورد بوومەوە، تەرمێکی زەلام بوو. لە ترسان خەریکبوو دڵم بتۆقێ. ئەگەرچی من، پیاوی مەیدانی شەرِ بووم. ئەوەش هەوەڵین تەرم نەبوو کە دەمدی. پرسیم ئەم تەرمە کێیە؟ کێ کوشتوویە؟ وتی برامە. برِیارماندا، یەکمان ببێ بە سەدەقەی ئەوی کەمان. بە بێئەوەی یەکتر ببینین، لە تاریکیدا دەست لە یەک بوەشێنین. رەنگە چارەنووسی وابووبێ، هەر دوو یەکمان پێکا. ئەو تازە مردووە. من چاوەرِوان بووم. دڵم ختووری دەکرد، بەر لەوەی بمرین، کەسێکیتر لێرەوە تێدەپەرِێ. کەیف خۆشم ئەو کەسە تۆ بووی. خوێنمان بە فیرِۆ نەچوو. پەلە کە. دەست و برد کە پیاو، تۆ سەرکردەی مەیدانی شەرِی! بۆ حەبەساوی. زوو کە. تا مانگ لە شۆرە

دەرنەکەوتووە. چی وای بە بەرەوە نەماوە. ئێمە بکە پەیژە بۆ سەرکەوتنی خۆت. سەرکەوە سەرکردە.

لەو کاتەدا نازانم بۆ نەکەوتەوە بیرم، مــن پێــشتریش دەنگــی ئــەو پیاوەم بە دەیان جار بیستبوو. ئەو دەنگەی لە سەرەمەرگدا قسەی دەکرد، دەنگی کەسی ناو خەون و واقع بوو، کە پــەیتا پــەیتا هــانی دەدایــن، بــۆ سازکردنی کلیل. بۆ کردنەوەی دەرکی قەڵا. لە خوێنی ئــەو دوو تەرمــە، دوو کلیلم ساز کرد. یەکیان بۆ خۆم، ئەوی دیشیان بۆهــەر کەســێک کــە خوازیاری بێ. بەڵام ئێستاش نەمزانی، بۆتوند لە ناو مــستمدا شــاردمەوە، نەمدا بە کەس!

بەرەو قەڵا گەڕامەوە، پەلەم بوو. دەبوو بەر لەوەی مانگ لــە شــۆرە دەرکەوێ، خۆم بگەیێنمە قەڵــا. هێــز و گــوڕێکی تــازە لــە گیــانم گــەڕا. هەنگاوەکانم لە کاتی دوورکەوتنەوە لە قەڵا، شل و لەرزۆک بوون. ئێــستا توند و قایم بوون. کە گەیــشتمە بــن شــۆرەکە، ســەیرم کــرد دەرکێکــی گەورەم لەبەر چاوە. سەیری کلیلەکەم کرد، وەک پۆڵا سفت و رەق بــوو. بەڵام بەردەوام ئاوی دەداوە، ناو دەستمی سوور سوور کردبوو. بۆ ئــەوەی کەس نــەمبینێ، خێــرا کلــیلم لــە کــونی قفــڵی دەرکــە راکــرد. بــام دا. کەلەبەرێک هەر ئەوەندەی خۆمی پێدا بچم، کەوتە دەرکــە. بــە تاڵــووکە خۆم تێراکرد. چی ببینم. شارێکی ئاوەدان، پڕ لە خۆشی، هەموو شــتێک زۆر و زەوەند. ئەوەی لــەمێژ ســاڵ بــوو لــێم ون ببــوو، لــەوێ دیتمــەوە. ســەربازی راکــردوو، جەحێــڵی تــۆراو، برینــداری شــەڕ، دۆســت و نــەیار، قارەمان، تەنانەت مردووش.

هەر کەسم دەدی کە دەستی دێنا لە گەڵم لێ داتەوە، دەستم لـە پشتمەوە دەشاردەوە. ئەویش بزەیەکی تاڵ دەکەوتە سـەر لێـوی. ئـاخر نەمدەویست گومان بکەنە من، ئەو سوورایيەی دەستم ببینن. سڕم ئاشکرا بێ. دواتر بۆم روون بۆوە، هەموو ئەوانەی لە هۆزی ئێمە هاتبوونە ناو قەڵا، هەر هەموویان،دەستیان لە من سوورتر بووە. بەرە بەرە سوورایی دەستیان کاڵ بۆتەوە. یان رەنگە خوومان پێوەدەگرت، لەبەر چـاوی خۆمـان کـاڵ دەبۆوە. بە کردنەوەی دەرکە، بە یەکجاری ئەو دیوارە بەرز و قایمەی قەڵا، وەک هەڵم لە بەر یەک رەوییەوە. ئیتر نە بریندارێک بوو، نە کەلاکێک، نە کەنەفتێک. وەک ئەوەی قەت نەبووبێتن. هەمووی لە پێش چاوم ون بوو. بەڵام ئەوەی راست بێ، هەستم بە بوونی دیوارێکی تازە لە پێشمەوە کرد. زانیم تەنیا کەسانێکی تایبـەت دەتـوانن بچنـە ئـەو بـەری ئـەم دیـوارە. کەڵکەڵە کەوتە گیانم. حەزێک. حەزی دۆزینەوەی دەرکەی ئەم دیـوارە تازە، حەزی ساز کردنی کلیلی تازە . . .

### «گفتوگۆ کلیلێکە هەموو دەرکە داخراوەکان دەکاتەوە»

نازانم ئەم پارچە چەرمەم چۆناوچۆن کەوتە دەسـت. نـازانم، ئەمـە چارەنووس یان سەربەهۆردەی کێ بووە، بەم شێوە نووسراوە. دڵنیام ئـەم چارەنووسە، ئەم قەدەرە یان هەرچی تۆ ناوی بنێی، تـەنیا لـە ناوچـاوانی کەسـێک و دوان نەنووسـراوە. بـۆ دۆزینـەوەی سـەرەهەودای گوڵۆڵـەی ئاڵۆزی رابردوو، لکاندنی بە ئێستاوە. زۆر بـەرەو دوا گەڕامـەوە. جگـە لـە مانای نووسراوەی ئەم کتێبە چەرمە زیاتر، چیم بەبیردا نایات. نە دیوارێکم بینی لە پشت سەرم، نە پردێک، نە کوێرە رێیـەک. ئـەوەی کـە بـوو، لـە پێشمەوە بوو. ئەوەی کە شکم دەبرد، پەرژینێکی پیرۆز بوو، دەبـوو لێـی

تێپەڕم. پەرژینێکی روون، بە روونی رۆژ هەست دەکرا. رەشێنی بـوو، لـە تاریکی شەودا نەدەبینرا. من نووسەری چەند لاپەڕەی ئەم پارچە چەرمە، هەستم کردبوو. لەم بازنەیەی ئێمەمانان تێیـدا دەژیـن، دونیایـەکی تـر، بازنەیەکی تر هەیە. ئەوەم بە تەجرەبە، بە سازکردنی کلیل، بە کردنەوەی دەرکەی تازە، بۆ روون بۆوە.

بازنەیەک لە ناو بازنەیەکی تر. چەشنی خانوویەکی چەند نهـۆمی. دانیشتوانی نهۆمی سەر، نەدیون لە دانیشتوانی ژێرەوە. بەڵام چرپەی پێ و دەنگیان دێتە گوێ، هەست بە جموجۆڵیان دەکرێ. منیش شتێک لەم چەشنە، هەستم بە بوونی جەماوەر و جەغزێکی تر دەکـرد. پـەیتا پـەیتا دەنگێک، لە وشیاری و خـەودا. بـەردەوام هـانی دەدام. هـانی دەدام بـۆ ترازان لە جەغزی خۆم. ئاوێتە بوونی دونیای جەغزێکی تر. هانی دەدام بۆ گفتوگۆ. بۆ سازکردنی کلیل. بۆ کردنەوەی دەرکی نێـوان ئـەو جەغزانـە.

**«کارەکـە سـووک و سـانایە. تـەنیا شـڵپێک خـوێن و بـە قەرایی شوێن چەقۆیەک خاکی دەوێ.»**

چاڵەکە پڕ بووە لە خوێن. خەریکە دەمەیێ. با چەقۆیەکی تێخەم. بە سەری قامک هێزی دەدەمە سـەر، بـا جـوان شـەقڵ بگـرێ. توربـەی خۆڵەکە کە پێشتر پڕم کردبوو، دەکەمـەوە. لـە نـاو خوێنەکـە، لـە جـێ شەقڵی چەقۆکە، ئەو چەقۆیەی سەرکردەم پێکوشت، دەپرژێنم. چاوێـک لە تەرمی سەرکردە دەکەم. مچورکێک دێ بە لەشمدا. بۆ ئیستێک قێزم دێ لە خۆم. بێ ئەوەی خـاک و خۆڵـم پێوەبـێ، خـۆم دەتـەکێنم. بـیر دەکەمەوە.

دوودڵی دەکەوێتە گیانم. خەریکە رۆحم دەخوات. ئەگەرکوو لە پشت ئەم دەرکە هیچ نەبێ؟ ئەگەرکوو هیچ شتێک نەگۆڕدرێ؟ دەیان و سەدان ئەگەر و پرسیاری کە. چەشنی جۆلاتەنە نازانم لە کوێوە دەکەونە ناو سەرم. مێشکم دەتەنن. بڕوا ناکەم وابێ. ناشبێ وابێ. بڕۆن دەستم لێ هەڵگرن. ئەوەتا، هەر لاپەڕێکی ئەم کتێبە، ئەم کتێبە سەیر و سەمەرەیە، ئەوە دەسەلمێنێ. دەرکێکی‌تر، جەغزێکی تر هەبێ. هەر بەشێکی، بە دەستی کەسێک نووسراوە. نووسەری هەر بەشێک، رۆژێک بکوژ و رۆژێکیش کوژراوە. بۆتە کلیل، بۆ کردنەوەی دەرکە. بە قەرایی بەشەکانی ئەم کتێبە، بکوژ و کورژاو، دەرکە وکلیل، دونیای تازە بووە. ئەوەش رێی هیچ شک و گومانێک ناهێڵتەوە. دەرکەو دونیای تازە نەبێ. نابێ گومان بکەم. نابێ دڵنەرم بم. دەبێ هەر چەشنە گومانێک، پرسیارێک لە مێشکمدا بەر لەوەی بگروێ، بکووژم.

ئەم جەنابی سەرکردەیەش، رێی تێدەچێ چەند کەسی کوشتبێ. خۆ هیچ نەبێ بکوژی تاقە کەسێک بووە. ئەگینا نەدەگەیشتە ئەم پلەوپایە. بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری تر، بوونی ئەم کتێبەیە. ئەگەر وا نییە، چۆناوچۆن کەوتۆتە دەستی؟ خۆ منیش پاش کوشتنی ئەو، کەوتە دەستم. ئەوەش بەڵگەیەکی کە. ئەوەتا ئەو خاک و خوێنە، چۆن چۆنی سفت و رەق بووە. سەیرە. دەڵێی لە کوورەی ئاسنگەری ئاو دراوە. ئەمەش کلیل. دەستم تەڕ دەبێ. لام وایە ناو دەستم ئارەقی کردبێ، سەیری دەکەم. سەرم سووڕ دەمێنێ. دەستم خەریکە سوور دەبێ. ئەوەش خۆی بەڵگەیەکە. ئەوەش یەکی تر! ئەم دەرکە لە بەر دەمم قوت بۆوە. رەنگە پێشتر لەوێ نەبوو. یان باشتر وایە بڵێم لێم نەدیو بوو. رازی

دەرکەوتنی دەرکە، سازکردنی کلیلە. رەنگە تا کلیل نەبێ، قفڵ نەبێ. دەرکە نەبێ، پێچەوانەشی رەنگە وابێ.

بەرەو دەرکە دەچم. هەڵوێستێک دەکەم. بۆ دواجار، چاو لە تەرمی سەرکردەی گەورە دەکەم. بە دڵەڕاوکێ و گومانەوە، کلیل دەخەمە ناو قفڵی دەرکە. دەرکە بە قەرایی ئەوەی تەنیا خۆمی پێدا بچم، دەکرێتەوە. چاو دەقووچێنم، هەنگاو دەنێم. لاقم سست و لەرزۆکە، لە دووم نایە. بە هەر لەونێک بێ،خۆ لەو دیوی دەرکە دەپەستێوم. ژێر پێم خاڵی دەبێ. لە بڵێنداییەکی زۆر بەرزەوە دەکەومە خوار. دڵنیام کارم کۆتایە. ئێستا یان ساتێکی تر، لە عەرزی دەکەوم. هەپروون بە هەپروون دەبم. خوایا ئەوە بۆ ناگەمێ. بە ئاستەم گۆشەیەکی چاوم دەکەمەوە. دەبینم لە ناو بیرێک یان داڵانێکی باریک و پێچەڵاوپووچ کەوتووم، بە توندی سەر بەرەو ژێر دەڕۆم. توندتر لە هەموو ماشین و فڕۆکەیەک. رەنگە خێراتر لە نووریش. هەست دەکەم ساڵەهاتێکی زۆرە لە ناو ئەم داڵانە پێچەڵاوپووچەدا، سەربەرەو خوار دەخزێم. بیر لە یەکەم نووسەری ئەم کتێبە دەکەمەوە، سەرکردەی شەڕی گەورە. ئەویش وتوویەتی، پاش گەڕانەوە لە شەڕی گەورە، ساڵەهاتێک بەڕێوە بووە.

ئەگەر هاتو ئەم ڕێگەیەم بە سڵامەتی بڕی، ئەگەرچی بڕواش ناکەم، منیش وەک هەموو ئەوانەی تر، سەربەهوردەی خۆم دەنووسمەوە. چەند لاپەڕە، بەشێکی تازە، دەخەمە سەر ئەم کتێبە سەیر و سەمەرەیە. بەڵام ئەوەی راست بێ، تێدا ماوم، نازانم جنسی چییە. لە سەر چی بنووسم کە کتێبەکە دوو رەنگ نەبێ. دڵنیام، ئەمەش رەنگە قەدەر بێ. کاتی خۆی بگات، ئەو کەرەسەیەش دەکەوێتە بەر دەستم. لەوە دەچێ وردە وردە

خەریکە خێرایی کەوتنە خوارم، کەم و کەمتر دەبێتەوە. ئەوە خەریکە بە تەواوی دەوێستم. چاوم دەنووقێنم. ڕەنگە ئەوە ڕۆحم بێ هەست بە وێستان بکات. ئەگینا چۆن ئەقڵ دەیبڕێ، پاش بەربوونەوە لە بەرزاییەکی ئاوا تووش و سەخت. مرۆ لە پۆڵاش بێ،هەپروون بە هەپروون دەبێ. ئەویش بەو تیژی و خێراییە!

ئێستا بە تەواوی دەوێستم.زات دەکەم، چاوم هەڵدێنم. لە شوێنێکی زۆر غەریب و نەدیو دام. شۆرەیەکی بەرز، لە پێش چاومە. ئەم هەموو بریندارە، برسی و کەلاکە، لە کوێوە پەیدا بوون. بڵێی پاشماوەی لەشکری تێکشکاوی کام شەڕ بن. سەیر ئەوەیە، ئەم دیمەنە دەڵێی دیمەنی یەکەم لاپەڕەی ئەم کتێبەیە. ئەو دەنگە نەگبەتییە دێتە گوێم. ئەو دەنگەی لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا سەدان جار ئاماژەی پێکراوە. خۆشم دەیان جار بیستوومە. ئەو دەنگەی بەردەوام هانی دەدام بۆ ترازان لە جەغزی خۆم. «**بەر لەوەی مانگ لە دیواری قەڵا دەرکەوێ، دەرکێک لە ناو دڵی قەڵا بەدی دەکرێ. ئەگەرکوو کلیلی دەرکە دەستبکەوێ. بەختەوەر ئەو کەسەیە بێتە ناو قەڵا. دەبێتە هاودەمی ئێمە. دەبێتە دانیشتووی تێروتەسەلی هەتاهەتایی ناو قەڵا. دەستخستنی کلیل،پێویستی تەنیا بە شڵپێک خوێن و لاوێچێک خاک هەیە.**»

بە خۆمدا دەپەرمووم. سەرم دوو سێ جار بە توندی رادەوەشێنم. بەڵکوو ئەگەر مێشکم شڵەقابێ، بچێتەوە شوێنی خۆی. بیر دەکەمەوە. لە سەرکردەی شەڕی گەورە، لە نووسەری یەکەم لاپەڕەی ئەم کتێبە. لە سەرکردەی گەورە، کە من بکوژیم. لە قەڵا، لە دەرکە، لە کلیل، لە خوێن

و چەقۆ و خاک. بیر دەکەمەوە. بیر لە گفتوگۆ. لە گفتوگۆی نێوان ئێمە و کەسگەلی ناو قەڵا. کە لە سەر ئەو شۆرە بەرزەوە دەڕواننە ئێمە. ئێمەی ئەمبەری شۆرە. کە برین و ماندوویی، برسێتی و سەرما، رۆحی هێناوەتە سەرلووتمان. ئێمەی بڕست لێبڕاو. بیر دەکەمەوە لە چۆنیەتی بەشداری ئێمە لەم گفتوگۆیە. لە چەندایەتی بەشی ئێمە، کە لایەکی ئەم گفتوگۆیەین. لە رادەی گوێڕاداشتنی دانیشتوانی ناو قەڵا، بۆ قسەی ئێمە.

بیرێکی تازە خۆی دەهاوێتە ناو مێشکم. پرسیارێکی تازە. چ دەبێ! لە بری سازکردنی کلیل، بۆ کردنەوەی دەرکە، هەوڵ بدرێ بۆ خاپوورکردنی دیوار؟ وەک سەرەتا، بەو شێوەی کە لەم کتێبەدا هاتووە، نەهێڵین بستە دیوارێک ببێتە پەرژین. ئەم چەقۆیە، تەنیا کەرەسەی بەردەستمە. هەوڵ دەدەم بۆ رووخاندی بەردی بناغەی ئەم شۆرەیە. رەنگە من یەکجار زۆر بچووک بم، بۆ ئەم کارە. گرینگ نییە. تەنیا بۆ ئەوەی کارێکم کردبێ، ناوێستم. ئەگەر بکەومە بەر هێرشی قیل و ئاوی کوڵاو. یان لە ژێر گابەردێکدا پان و فلێچ ببمەوە. هەوڵ دەدەم.

سەیرە. لەگەڵ وەشاندنی هەر دەمە چەقۆیەک، پیتێک لە سەر چەرمی دڵم دەنووسرێ. وردە وردە پیتەکان ریز دەبن، دەبن بە واژە. واژەکان دەبن بە دێڕ. بە کاوەخۆ، سەر بەهوردەی من دەنووسنەوە. چەرمی دڵم دەبێتە لاپەڕەیەکی تازەی ئەم کتێبە. لێم روونە، ئیتر لاپەڕەکانی ئەم کتێبە، دووڕەنگ نابێ. وەسیەت بێ بۆ تۆ. بۆ تۆ! کە ئەم کتێبەت دەکەوێتە دەست. چەرمی دڵم وەک قژەسەر، تاڵ تاڵ بکەی. بیکەیە ژێ. تەموورەیەک ساز کەی. کاسەکەی دار سێو بێ،

دەسکەکەشی داری بەڕوو. دڵنیام هەر کەسێک ئـەو تەموورەیـە بژەنـێ، سەربەهوردەی من دەخوێنێتەوە. سەر لەبەری ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە.

جۆزەردانی ٨١ (٢٠٠٢/٦)

# خەمەکانی لالۆحەمە

لالۆحەمە پیاوێکی زۆر موسوڵمان و لە خواترسە. دایمە و دەرهــەم خەریکی نوێژ و تاعەتە. لە ئاوی شەوێ پارێز دەکات.

من ڕەبەنم. لە گەڵ دوو خوشکە بێوەژنەکەمدا دەژیم. بە تەمابووم لە سەر وەسیەتی دایکم، لە پاش بەشوودان و دابین کردنی خوشـکەکانم ئــەوجار بکەومــە خــۆ. تــازە خــەریکبوو خۆشــی لــە دڵــم دەگــەڕا، لــە هەیتوهووتی بە شوودانی خوشکە چکۆلەکەمدا بــووم. وەک ئــەوەی لــە پڕێکدا کاسەیەک ئاوی ساردم بە سەردا کەن. هەستی وەجۆش هاتووم لە کەفوکوڵ کەوت. خوشکی گەورەم بە هۆی نەزۆکییەوە سێ تەڵاقە کــرا و مێردی خوشکی گچکەش لە پاش شەش مانگ، وەک بــەردێک بیخەیتــە ناو گۆمێکەوە، لە پڕ شرت و گوم بوو. بە ناچــاری ئــەویش رووی کــردەوە

ماڵی باوان. ئەمەیان بە پێچەوانەی خوشکی گەورەم ئـافرەتێکی سـپی و سۆڵ و کەڵەگەتە، دەستە و خڕوپـڕ و سـەوزەیەکی خـوێن شـیرینە. لـە بەشوودانی هیچ کامیاندا پەلەم نەکرد. بە دڵەڕاوکێ و پارێزێکی زۆرەوە بە دڵی خۆم، ئەگەرچی خۆشیان ناقایل نەبوون، دامن بە مێرد.

لالۆحەمـە و خوشـکەکانی زەوی و زارێکـی زۆریـان لـە ناوچـەی شاورک پێ بڕابوو. بە هۆی هەڵبەستنی سەد لە ناوچەکـەیان ،کـەوتبووە ژێر ئاو، پووڵێکی باشیان لەبری وەرگرت. لەپاش لەکیسدانی زەوییـەکان، کارێکی ئەوتۆیان لـە ئاوایـدا نـەمابوو. لالۆحەمـە بـۆ کردنـەوەی گرێـی خەمەکانی (بەشوودانی خوشکەکانی و ژن هێنانی خۆی) لـە مـاوەی دوو ساڵ لەمەو بەرەوە هاتۆتە ئەم بەندەرە. لە گەڕەکی کۆتەڵ دوور لە زەریـا خانووبەرەیەکی خنچیلانەی کڕیوە، بە پاشمـاوەی پارەکـەیان وردە وردە عەللافی دەکات.

گەڕەکەکەمان هەرچەندە نێو پەڕە، جەماعەتێکی زۆر دەم رووت و سەر رووت بە بەرماڵی ئێمەدا دێـن و دەچـن. کـاکم ئەگـەرکوو رۆژێـک پیاوێکی بە جۆرێک لە نزیک ماڵی خۆمان دەبینێ، تەنانەت ئەگەر بیەوێ تازە لە ماڵ بچێتە دەر، دەگەڕێتەوە ماڵێ. لە ژووری چۆک دادەکوتێ، تا سۆزی دەرناکەوێ، ئەگەرکوو کارێکی گرینگیشی هەبێ. شەوانە جارجـار پێی وایە گوێی لە چرپە چرپی پێی یەکێک لە بـن دەرکـە یـان سـەربان بووە، بەپەلە دەست دەداتە تەورەکەی و بە پرتاو دەردەپەڕێتە دەرێ. دوو سێ خول بە دەوری ماڵەکەدا لێدەدا و دەچێتە سەربان، کە هـیچ بـەدی ناکا ئینجا دێتەوە ژووری. دەست بە قوڵف و کلۆمی دەرکـی ژوورەکـەی ئێمەدا دێنێ، کە لە دیوی دەرەوە شەوانە بۆخۆی لێی دەدا. لە پاش دڵنیا

بوون، ئەوجار لە شووشەی سەردەرانەی دەرکەکەوە، لە سەر کورسییەکی چکۆلانە کە هەر بۆ ئـەم مەبەسـتە لای وەسـتا نایـەری دارتـاش سـازی کردووە، چاومان لێدەکات. پاشان تا ماوەیەکی زۆر بەبێهەست خۆی لـە سووچێک مەڵاس دەدا، کە خەو زۆری بۆ دێنێ، بە تەورەکەیەوە لـە بـەر پەنجەرەی ژوورەکەی ئێمە تا شەکەت دەبێ، دێت و دەچێ.

بەیانیان لالۆحەمە کە لە خەو رادەبێ، چاوەکانی دەبێتە دوو گۆمی خوێن. بە پێ دزە دەچێ دەرکە لە کچـەکان دەکاتـەوە، دەزانـێ ئـەوان دەمێکە لە خەو هەستاون. جێ وبانیان کۆ کردۆتـەوە، بـەرچایی سـازە و سفرە ڕاخراوە، چاوەڕوان دانیشتوون. لالۆ خۆی لە چاویان دەدزێتەوە، بە تایبەت لە نیگا شەیتانییەکەی خوشکی گچکە. خۆی بە شێواندنی چایی و نان خواردنەوە سەرقاڵ دەکات. لەم ماوەیـەدا زۆری هـەوڵ داوە بەشـکو چارەنووسی خوشکەکانی بە چارەنووسی پیاوێکی ترەوە دووبارە شـەتەک بدا. هەرچەند خۆشی دەزانێ، دۆزینـەوەی مێـرد بـۆ بێـوەژنێکی قـسر و ئافرەتێک بە مارەو تەڵاقی کەسێکی ترەوە، کارێکی هەروا سووک و سـانا نییە. ئەمیش لەم شارە دەبەنگە! کە نێرەکانی وەک رێوی وان. هەمیـشە لە دەوری نەچیر ملۆمۆیانە، ئاوێک بە ئاستەم خوڕەی بێ خۆی لێ نادەن. لەوەش گرینگتر بەهۆی ئەوماڵە تازانەوە کـە لـە پـشت قوللـە، قوللـەی چاوەدێری بۆ سەر زەریا سازکراون. ئەو ماڵانەی بە پێچەوانەی ماڵـەکانی ناو شار، رەنگی سوور لـە دەرکـە و رەنگـی کەسـک لـە پەنجـەرەکانیان دەدەن.

ئێمە دانیشتوانی گەڕەکی قوللە هەڵە و هەرزە و قاچاغ و قوچـاغی چواقوڕنەی وڵاتین. بۆ کارکردن روو دەکەینە ئەم بەندەرە، رۆژ لـە گـەڵ

ڕۆژ ژمارەمان لە زیادبوونە. سەرەتا ئێمەش بـە شـێوەی ئاسـایی لـە نـاو دانیشتوانی گەڕەکەکانی تری شاردا جێی خۆمـان دەکـردەوە، بەڵـام بـە هۆی دزی و فزی و بەدمەستی و چەقۆکێشییەوە،بەرە بەرە جێمان لـەق بوو. ئێمەش بە یارمەتی عەباس قۆچاڵی، حەسەن میرخوناوکـە, عەباسـە رووت، و سەی کانـاڵ و . . . بـە دژایـەتی خەڵـکی شـار، ئـەم گەڕەکـە تازەیەمان بنیات نا. بەرە بەرە بووە شارێکی تازە. شارێکی گچکە کە ژیان لەودا بە پێچەوانەی ژیانی ناو شار، کە لەودا لە گـەڵ هەوەڵـین گزنگـی خۆرەتاو وردە وردە دەبووژێتەوە و لە گەڵ دوایین پێکی روونـاکی بـەرەو کزی دەچێت و خاو دەبێتەوە. لەم شارە گچکەیەدا، ژیان لە گەڵ مردنی جموجۆڵی ژیانی نـاو شـار وەک مـاری سـڕ وردە وردە تـین لـە گیـانی دەگەڕێ و تا بووژانەوەی دووبارەی ژیانی ناو شار لە کـەفوکوڵ ناکـەوێ. ئێمە کۆڵکێشی بەندەر، قومارباز، دز، جەردە، پیاوکوژ، هێـرۆئین فـرۆش، شـیرەیی، قاچـاغچی، عـەیاش . . . و گـەواد، دانیـشتوانی ئـەم شـارە تازەیەین. بـۆ رابـواردنی شـەو و حەوانـەوە رووی تێدەکـەین، خـەریکی خواردن و خواردنەوە و . . . نین تا دەمەو بەیان شەڕە چەقۆ دەکەین.

من و سوغرا عەجەم و زارا درێژ . . . ژنانی گـەڕەکی قوللـە، کچـە هەڵخەڵەتاوەکانی شار و گوندە دوور و نزیکەکانی چوار قوڕنەی وڵـاتین. ئێمە ئەو ئافرەتە تەڕ و تازانـەین کـە بـە نابەدڵـی لـە پـیرە عەمتـەرێکی هەوەسباز مارە دەکرێین. ئێمە ئەو کیژانەین بە بێ ئەوەی چاو و گوێمان بکرێتەوە و خۆمان ناسیبێ لەبری ژن بۆ باوکە ژن مردووەکان،برا شـێت و فێدارەکان، سەودامان پێدەکرێ. ئێمە هەموو ئەو ئافرەتانەین لە دوورەوە وەک خاکی پیرۆز، بەهەشتی سەر زەوی بۆ ئەم بەنـدەرە دەڕوانـین. بـە

تاسە و ئاواتەوەین، ئەگەر بۆ ساتەوەختێکیش بێ تـەنیا جارێـک چاومـان پێی بکەوێ. ئەم بەندەرە شاری خەونە رەنگاورەنگەکانمانە، کە تێیدا باڵغ دەبـین و دەمـرین و دەژێینـەوە. ئێمـە لـە چوارقورنـەی وڵـاتەوە رووی تێدەکەین، تا لە دەست خەم و مەینەت و کـوێرەوەری نـەجاتیمان بـێ. گوڵی هیوامان بپشکوێ. شەربەتی کامەرانی بەسـەرەو بنـێین و لـەزەتی بەختەوەری بچێژین. پێمانوایە بۆ هەموومان قەسرێک بە هەموو کەلوپەل و پێداویستی ژیان، بە دەیان کارەکەر و قەرەواش و ئاشپەزەوە چاوەڕێمان دەکات تاکوو بێین و خاتوونی تێدا بکەین. کـە چـاو دەکەینـەوە، سـەیر دەکەین تەنیا بووینەتە لەتێک پەڕۆ، سووچی یـەکێک لـەم ماڵـە دەرکـە سوور و پەنجەرە کەسکانەمان پێ پڕ کراوەتەوە. هەموو خەڵکی بەندەر بە چاوی رق و نەفرەت و لۆمەوە سەیری ئێمە دەکـەن. یـەکتر ئامۆژگـاری دەکەن خۆیان لە گەڕەکی قوللە بپارێزن. لە بـیر خۆیـانی دەبەنـەوە کـە یەکەمین تـاقی کردنـەوەی نێرایـەتیان، لـە یـەکێک لـەم ماڵـە دەرکـە سوورانەدا بووە.

لالۆحەمە لە کاتی گەڕانەوە لە ئاودەسەکە حەپەسـا و دەمـی بـووە تەڵەی تەقیو. ئەو دەمێک پێشتر بۆ دەست بەئاو هاتە دەرێ. ئاودەسەکە دە پـازدە گـەز لـەو سـەر حەوشـەکە دوور لـە ژوورەکـان هەڵـکەوتووە. لیتەیەکی خەست حەوشەکەی پڕ کردبـوو. لیتەیـەک لـە چەشـنی ئـەو لیتەیەی کە هەموو جارێک لە پاش بارینێکی بەخوڕەم، لە دەشتی گۆلەوە بــە دەم سێــڵاوەکەوە دێتــە خــوارێ. لــە دەوری مەیــدانی شــۆڕش و ئەسکەندەری کۆدەبێتەوە، بەجێ دەمێنێ. لیتەیەکی رەش لـە چەشـنی ئەو لیتە رەش و بۆگەنەی گۆلی ورمـێ، کـە هاوینـان ژنـان و پیـاوان بـۆ

نەخۆشی لە سەروچاویانی هەڵدەساون، لە بەیانییەوە تا ئێوارە لـە رۆخـی ئاوە سوێرەکە لەبـەر سـوورەتاو خۆیـان هەڵـدەخەن. لالۆحەمـە سـەری سوورمابوو. لەم ساتە وەختەدا کە ئەو لە ئاودەسەکە بوو، ئەم هەموو لیتـە رەشە چۆن چۆنی لەم حەوشەیەدا کۆ ببۆوە؟ خۆ بارانێـک نـەباریبوو کـە لیتەیەکی وا لە پاش خۆی بەجێبێڵێ! لە پاشان شـانی راسـت و چـەپی حەوشەکە دیوار بوو. لای باکوورەوە ماڵی هاوسێکەیان گرتبووی. لە لای باشووریشەوە ژوورەکانی خۆیان هەڵکەوتبوو. ئەی ئەم هەمووە لیتە رەشە لە کوێوە رژابووە ناو ئەم حەوشەیە؟ بە پـارێزەوە بـەرەو ژوورەکـان وەڕێ کەوت. لیتە بە بن پێیەوە کڵاشەی دەکرد، جار ناجارێک پرشکەیەک قوڕ هەڵدەبەزییەوە و لە چۆکی بەرە ژێر بە پاتۆڵەکەیەوە دەلکا. لالۆ پیاوێکی زۆر پاک و خاوێن بوو، هەر خێرا بە لەتێک تەختـە کـەوش و پاتۆڵـەکەی پـاک دەکـردەوە. قوڕەکـە بـەبێ‌ئـەوەی شـوێنێک لەسـەر پاتۆڵـەکەی بەجێبێڵێ، وەک دەڵەمە بەردەبۆوە.

تاووساوێکی خۆشە. لالۆحەمە هێشتا لە نیـوەڕێی حەوشـەکەدایە، چـاوی دەکـەوێ بـە خوشـکەکانی. هـەردووکیان رووت رووت لـەناو لیتەڕەشەکەی حەوشەدا مەلە دەکەن. کوڕێکی شەش حـەوت ساڵـانەی رووتیان لە تەنیشتە، سنجووەکەی رەپ کـردووە. لالـۆ چـاوی دەپەڕێتـە تۆقی سەری. گەورەکەیان دانیشتووە لە پشتێنە بەرەوخواری لـە لیتەکـە نوقم بووە. خوشکی چکۆلە خۆی لە سەر پشت راکێشاوە، مەلـە دەکـات. مەمک و سـەر ئـەژنۆکانی لـە لیتەکـە هاتوونەتـە دەرێ. جـار ناجارێـک چەشنی مراوی سەری نوقم دەکات و دەستێک دێنێ بە سنجووی کـوڕە چکۆلەکـەدا، سـەر دێنێتـە دەرێ. قوڕەکـە وەک ئـاو بـە بـێ‌ئـەوەی

شوێنەوارێک لەخۆی بەجێبێڵێ، دەچۆڕێتەوە. لالۆحەمە بـە دیـتنی ئـەو دیمەنە لە دین دەهری بوو. هەڵیکوتایە سەر خوشکی گچکە. بـە پێلەقـە بەربووە سەر و سینگی، ئەویش قاقا پێدەکەنی و دەتریقاوە، وەک ئـەوەی لالۆحەمە گەمەی لە گەڵدا بکا. لالۆحەمە جار لەگـەڵ جـار پێلاقەیـەکی تونـدتری لـە سـینگی دەدا، تـاکوو زیـاتر لـە لیتەکـە بچێتـە خـوارێ. مەمکەکانی وەک دوو فوودانە بەهۆی هێزی لاقی لالـۆوە دەکەوتنـە بـن لیتەکە، خێرا دەکەوتنەوە سەر. لالۆحەمە بەپڕتاو بەرەو تەورەکەی غاریدا. لاقی لە دەرکی ژوورەکەی خۆی کە رووبەڕووی ژووری خوشکەکانی بـوو هەڵەنگوت. دەمەوڕوو، یەکسەر لەناو ژووری خوشکەکانی لە سەر عەرزی تخێڵ بوو. تەورەکە کەوتـە سـەرەوە. لالـۆی سـوور کردبـوو. لالۆحەمـە سەیری کرد خوشکەکانی لە ژوورەکەی خۆیان نەماون، قوڵـف و کلـۆمی دەرکەکەیان کێشرابۆوە. تەنانەت دەرکەی دەرێش لەسـەر گـازی پـشت کرابۆوە.

سەرماوەزی ١٣٧٨ (١٢/١٩٩٩)

# ئۆغر

لە ئێوارەیەکی خۆڵەمێشیدا چاوم پێـی کـەوت. ئێوارەیـەک وەک ئـەوەی بـە ئەنقەسـت لـە مژێکـی بـۆرت هەڵکێـشابێ. لـە چوارڕێیـانی ئیتلاعاتەوە بەرەو چوارڕێیانی مینەی پاسەبان. لە بەر دەرکی ماڵی وەستا بیلال بوو، کە دیتم. زمانم لە گۆ کەوت، لاقەکانم هێزیان لـێ بـڕا. چـاوم سـپی هەڵـگەڕا و بـە قـەرایی کەشـکە فەریکەیـەک دەرپـەڕی. کـۆت و شەڵوارێکی رەش و پاک و خاوێنی لەبەردا بـوو. رەنگـی کراسـەکەیم بـە هۆی مژەکەوە بۆ روون نەبۆوە. زۆر بە گەرم و گوڕی سڵاو و ئەحواڵپرسی کردم. من نە هیچم بۆ وترا و نە هیچم پێ کـرا. پرسـیاری کـرد لێـرە چ

دەکەم، بە بێئەوەی وەڵامم پێ بدرێتەوە یان ئـەو چـاوەڕوانی قـسەیەک بکـات، وتی: وەرە بـا بـڕۆین. خۆشـم نـەمزانی لـە بـەر تـرس بـوو یـان خۆشەویستی، بە بێئەوەی ورتەم لـە دەم بێتـە دەرێ، وەدووی کـەوتم. پاشەوپاش بە شەقامی سەقزدا بەرەو قیبلـە وەڕێ کـەوت. منـیش وەک هێزێکی نادیاری موغناتیسی ڕەکێـشم کـات، چەنـد هـەنگاو دوورتـر بـە شوێنیدا ڕۆیشتم. ئێستاش بۆم روون نـەبۆوە لـەو کاتـەدا بـە دیتنـەوەی خۆشحاڵ بووم یان ناڕەحەت، خۆشم دەویست یان قینم لێی بوو.

ڕەنگە ئێوە ئەم ئاکارەی منتان بە لاوە سەیر بێ، بەڵام بزانن! مـن دڵنیام ئەگەر ئێوەش لەبری من بوونایە، لەمەش سەیرتر هەڵسوکەوتتان دەگەڵ دەکرد. چونکە ئەو لە شازدە ساڵ لەوە پێشەوە، لە ڕۆژێکی سـارد و سڕدا کە بەفرێکی بۆر و چڵکن وڵـاتی داپۆشـیبوو، سـەفەری کـرد. لـە ئێوارەیەکی خۆڵەمێشیدا وەک ئـەوەی بـە ئەنقەسـت لـە مژێکـی بـۆرت هەڵکێشابێ. ئەو سەفەری یەکجار پێ خۆش بوو، کەیفی لێ بوو دایمە لە سەفەردا بێ. هەر لە بەر ئەوە، قەت لە شوێنێک نەدەحەجما. دوو مانـگ لێرە، سێ مانگ لە تاران، مانگێک لێرە، چوار مانگ بەنـدەر، سـێ مانـگ لێرە چوار مانگ ئەهواز . . .

ئاخرجار کە ڕۆیی کۆت و شەڵوارێکی سپی لەبـەردابوو. سـپییەکی مەیلەو زەرد، زەردێک لە ڕەنگی نەبات. کراسێکی سپی و گوڵێکی سووری تۆخ لە سەر سینگی، لە یەخەی چەپی کۆتەکەی دابوو. ئەو ڕۆژەش وەک ئەمڕۆ سیمایەکی سارد و سڕ و بێڕۆحی هەبوو. تۆزێک گڕ و تین چییە لە

هیچ کوێیدا بەدی نەدەکرا. تەنانـەت چاوەکانیـشی دەتگـوت دوو چاڵـی قووڵ و بێبنن. مرۆیان بەرەو ئەبەدییەت دەبرد. ئەو ڕۆژە ئاکاری ئاسایی نەبوو، لە چەشنی روبـات هـەموو ئەنـدامی لەشـی بـە فاسـیلە لـە یـەک دەجووڵانەوە. دەتگوت زەمان بە دەستی ئەنقەست جموجۆڵـی پچڕپچـڕ دەکات، یان باشتر وایە بڵێین ڕەنگە بە کارەبا کاری دەکرد.

دەستم گرت و لە پێپلیکانی شەمەندەفەرەکە سەرم خـست. خـوا خوام بوو هەرچی زووتر سەرکەوێتە سەرێ و دەستم لە ناو دەستی بێنمە دەرێ، دەستی هێندە سارد بوو دەتگوت لەتێک سەهۆڵم بە دەستەوەیە. قامکەکانی دەستم ڕچیا. بەڵام ئەو دەربەستی دەستی من نـەبوو. تـا نـاو ژوورەکـەش لەگەڵـی چـووم، ژوورێکـی یـەک نەفـەری بـوو. لـە سـەر کورسییەکە دامنیـشاند، دەسـتم هـەر لـە نـاو دەسـتیدا بـوو. پـێم وت: ڕێگاکەی دوورە، ئەگەر حەز دەکا ڕاکشێ. بە بێئەوەی چاوەنواڕی وڵامی ئەوبم، لە سەر کورسییەکە درێژم کرد. دەستی بەردام، بەتانییەکەم تاکوو سەر سینگی وەسەر کێشا.

چاوم لەسەر چاوی گیرسابۆوە، بۆ چ ماوەیـەک نـازانم. هـەروا بـە بـێهەسـت و خوسـت سـەیری یـەکمان دەکـرد، دەنگـی فیکـەی شەمەندەفەرەکە وەخۆی هێنامەوە. دەسـتم لـە سـەر سـینگییەوە بـردە سەرتر، بۆ ملی، ژێرچەنەی، ڕوومەتی، تەوێڵی سارد سـارد بـوو. خـۆم بـە سەردا نووشتاندەوە، تەوێڵیم ماچ کرد. بەبێئاگا دەستم بە سەر برۆیدا بە سەر چاوە مەڕییەکانی کشان. پێڵووەکانیم نووقانـد. وتم پێویـست ناکـا!

هێندە خۆت ئازار مەدە. خۆ تۆ هەوەڵ جار نییە سەفەر دەکەی ؟ دەزانم پاش دوو سێ مانگیتر دەگەڕێیەوە، دووبارە چاومان بە یەک دەکەوێتەوە. ئینجا دەستم بردە خوارتر بۆ کوڵـمەکانی، ئـەو کاتـە رەنگیـان پـەڕیبوو. دەتگوت لە شتێک ترساوە. بۆ سمێڵە خورماییەکەی. دوو فیکەی لە سەر یەکی شـەمەندەفەرەکە لـە خواحـافیزی کـردن، وە پەلـەی خـستم. بـە بێئەوەی چاوەنواڕی وڵامی ئەو بم، دابەزیمە خوارێ. لەو ئێوارەدا کـەس لـە شـەمەندەفەرەکە دانەبـەزی. غـەیری ئـەویش کـەس سـوار نـەبوو. جەماعەتێکی زۆر وەک تارمایی بە ناو ئێزگەدا دەهاتن و دەچوون. سیمای موسافیری ناو ژوورەکانی شەمەندەفەرەکە لە پشت رۆشنایی تەمگرتـووی پەنجەرە، وەک پەڵەیەکی بۆر دەکەوتە بەرچاو.

تا سێ چوار مانگیش ئەم دیمەنەم لە بەر چاو بوو، شەوانەش خەوم پێوە دەدی. هەموو جارێک لە خەودا دەمدیت کە لە سەفەر گەڕاوەتەوە. تێرتێر ماچم دەکـرد، دەمـوت لـەخۆڕا کـاتی رۆیـشتن هێنـدە پەشـێو و خەفەتباری بووی. پێم نەوتی، ئەوەتا! ئەوە دووبارە گەڕایتەوە و بە دیداری یەکتر شاد بووینەوە. کە لە خەو رادەبووم، چاوم بە دەوروبەرمدا دەگێـڕا، دیار نەبوو. ئەو کاتە دەمزانی ئەوە تەنیا خەونێکە و هیچی تر. تەنانەت زۆر شەو لە خەونەکەشدا دەمزانی کە خەون دەبینم! کە دەمدیت گەڕاوەتەوە، لەبەر ئەوەی لێم ون نەبێ، توند توند قۆڵم دەکرد بە قۆڵیدا. کە خەبـەرم دەبۆوە، سەیرم دەکرد قۆڵم لە باڵنجەکەم توند کـردووە. تـا وای لێهـات سیمای وردە وردە لە خەونەکانمدا کاڵ بۆوە. تەنانەت بڕێک جاریش لەپڕ

کـە دەکەوتـەوە یـادم، زۆرم بۆخـۆم دێنـا، کـەچی دیـسان شـێوەیم بـۆ نەدەچۆوە سەر یەک.

ئەمە بوو هێزی لاقی بڕیبووم، زمانی لە گۆ خستبووم. چـاوی پـێ سپی و بە قەرایی کەشکە فەریکەیەک دەرپەڕاندبووم. هەر وا بە بێ قـسە بە دوایدا دەڕۆیشتم، چەند هەنگاوێک لە پشت سەری بەشەقامی سـەقزدا بەرەو قیبلە. بۆ چوارڕێیانی بەندەری. دەگەینە چوارڕێکە، زۆر سەیرەهیچ کەس بە دەرەوە نییە. خۆ دەبێ لەم کاتی ئێوارەیەدا، رێـی رێـدار نـەبێ. جاران دەبوو لەم کاتەدا بە شانەترنجێ ئەم بەر و ئەوبەری شەقام بکـەی. دووکان و بازار هەموو داخراون. ئاوێکی روون بە ناوەڕاستی چوارڕێیانەکەدا بەلێشاو لە کەلـهوڕاواوە دەهاتە خوار. لە لای رۆژئاواوە تارماییـەک بـەرەو ژوور دەهاتە سەر، لە سەر چوارڕێیانەکە، دوو سێ گەز دوورتر لە مـن، لـە بەر دەمی ئەو وێستا. پاش ماوەیەکی کەم لە ناو مژەکەدا توایەوە. ئەو وتی دوکتوری برام بووە. فەرمووی لێکردووە بۆ ماڵی خۆیان، ئەویش وتوویەتی ماوەی مانگێکە گەڕاوەتەوە، تازە چاوی بە من کەوتووە. دەچێ بـۆ ماڵـی ئێمە. دیارە ئەو لە گـەڵ دوکتـوری بـرام پێـشتریش چاویـان بـە یـەک کەوتووە. نازانم بۆ! من نە دوکتورم دی و نە گوێـشم لـە قـسەکانی بـوو. وڵات چۆڵ و قاقڕە. هیچکەس بە دەرەوە نییە. غەیری ئەو و مـن، مـن و ئەو.

ئەو کۆت و شەڵوارێکی پاکوخاوێنی لە بەردایە. بۆ ئەوەی پیس نەبێ، بە سەر ئاوەکەدا باز دەدات. کە بە ناوەڕاستی چوارڕێیانەکەدا دەهاتە خـوار.

لەو بەر ئاوەکەوە هەڵوێستێک دەکـا، ئـاوڕم لـێ دەداتـەوە. منـیش لـەم بەرەوە بۆ ئەوەی بە دوویدا باز بدەم، لە قەراخ ئاوەکە لەنگەر دەگـرم، لـە ئاوێنەی ئاوەکەدا سیمای خۆم بەدی دەکەم، کۆت و شەڵـوارێکی سـپیم لەبەردایە. سپییەکی مەیلەو زەرد،  زەردێک لـە ڕەنگـی نـەبات. ڕەنگـی کراسەکەم بە هۆی مژەکەوە بۆ روون نییە. گوڵێکی سووری تۆخم لە سەر سینگم، لە یەخەی چەپی کۆتەکەم داوە. کوڵـمەکانم ڕەنگیـان پـەڕیوە. وەک ئەوەی لە شتێک ترسابم.

سەرماوەزی ١٣٧٨ (١٩٩٩/١٢)

# ئەو پیاوەی هاتبوو لە بەهەشت بمرێ

بۆ شاعیر: یۆنس ڕەزایی

دووهەم ڕۆژی بەڕێوەچوونی فستیواڵەکە بوو وەک ئاو بە ئاوردا بکەی، لە ناکاو دەنگی مووسیقا و گۆرانی لە گەرووی شاردا خنکا. بێدەنگی شاری قووتدا. گومان لەوەدا نەبوو زۆر کەسی تریش وەک من حەولی ئەوەیان بووبێ. بزانن هۆی وێستانی کوتوپڕی گۆرانی و مووسیقا چییە. بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە پێشتر لە دەزگا ڕاگەیەندنە گشتییەکانەوە بڵاو کرابۆوە، هێشتا یەک لە سێی بەرنامەکە بەڕێوە نەچوو بوو. من زۆرم حەولدا بوو تاکوو مەرەخەسی ساڵانەم بخەمە ئەو کاتە.

وەک بە دار لە سەریان دابێم، خۆم کرد بە یەکێک لەو دووکانانەی دەوروبەری هۆڵی بەڕێوەبەری فستیواڵەکە. کە خەڵک روویان تێدەکرد، بە سەر پێیەکەوە شتێکیان دەخوارد و دەخواردەوە. پێم وابوو لەو شوێنە رەنگە شتێکم سەبارەت بەم بێدەنگییە خنکێنەرە دەس بکەوێ. یەکەم مێزی چۆڵم کەوتە بەرچاو کورسییەکەم کێشاوە و تەپم دا سەری. بیرەیەکی سارد و هێندێکم پستە داوا کرد. چاوێکم بە دەور و بەردا گێڕا، پێم سەیر بوو غەیری من کەسیتری لێ نەبوو. کوڕێکی قنج لە پشت یەخچاڵی دووکانەکە دانیشتبوو. هەر خۆشی بە ناقایلی پاکەتێ پستە و بیرەیەکی ساردی بۆ هێنام. چاوێکی پڕ لە تەوسی لێکردم، وەک ئەوەی تاوانێکی گەورەم کردبێت. لیوانێکم پڕ کرد و فڕم هەڵدا. خۆم بە خواردنی پستەوە سەرقاڵ کرد، تا بەشکوو کەسێکیتر لێمان وەژوور کەوێ. ئاخر ئەو هەتیوە نەگبەتە هێندە مچومۆڕ بوو بۆ ئەوە نەدەبوو پیاو بوێرێ بیدوێنێ، دەتگوت باوکی مردووە.

بیرەم تەواو کرد، کەچی کەسێکیتر وەژوور نەکەوت. خەریک بوو کردنەوەی شووشەی زاری ئەو هەتیوەم لە وێستانی فستیواڵەکە لە لا شیرینتر دەبوو. بیرەیەکی تریشم داوا کرد. کوڕە بە لالووتێکەوە بیرەکەی لە بەردەمم دانا. هات بڕوا زاتم کرد، تونـد مەچـەکم گـرت. وتم ببـوورە دەکرێ تاوێک لە گەڵم دانیشی. خۆ غەیری من کەسێکیتر لێرە نییە. ئەگەرچی من ئارەقخۆرێکی قەهار نیم، بەڵام قەت بە تەنیا حەز ناکەم بخۆمەوە. تکایە حەز بە چی دەکەی بۆ خۆتی بێنە، میوانی منی. گرژی نێوچاوانی تۆزێک خاو بۆوە، وتی حەز بە خواردن ناکا. وتم دەی باشە خۆ دەتوانێ تا مشتەرییەکیتر بێتە ژوور لە سەر مێزەکە دانیشێ. کوڕە

دانیشت. وتی لای وانییە لانیکەم تا دوو سەعاتیتر کەسێک بێتە ژووریٚ. من بەسەر سوورِمانەوە پێم وت چۆن ئاوا بە ئەرخەیانی قسە دەکا. وتی بۆ من نازانم کە هەموو دەنگخۆش و مووسیقاژەن و بەرِێوەبەر و بەرپرسانی کۆرِەکە چوون بۆ گۆرِستان. وتم خۆ ئەمە لە بەرنامەکەدا نەهاتووە. ئەوەندەی منیش ئاگادارم هیچ ساڵێک فستیواڵەکە ئاوا بەرِێوە نەچووە، لە جەنگەی کۆرِەکەدا بچنە سەر گۆرِی زیرەک. ئەمکارە هەوەڵی بەرنامەکە و پاش بەرِێوە چوونی فستیواڵەکە دەکریٚ.

وتی ئەمرِۆکە شتێکی جیاوازە. هەموو خەڵکی شار بۆ ریٚ و رەسمی بە خاک ئەسپاردنی ئەو مووسیقاژەنە پیرە! چوونەتە گۆرِستان. من پرسیم کام مووسیقاژەن؟ وتی ئەو مووسیقاژەنە پیرە کە دوێنیٚ شەو پاش پێشکەش کردنی بەرنامەکەی مردووە. ئەو خەڵکانەی وا گوێیان لە بەرنامەکەی بووە گێرِاویانەتەوە لەو کاتەدا سووک سووک بوون. هەستیان کردووە لە بەهەشتن. بوونەتە گوڵ و گیا، بە دەم شنەی دەنگی زورِنای ئەو پیرە پیاوەوە کەروێشکەیان کردووە. پرسیم چۆناوچۆن مرد؟

وتی شەوێک بەر لە مردنی لێرە بووە. هەر لە سەر ئەو مێزەی کە منی لە سەر دانیشتبووم. لە ئاخری شەودا داوای لە باوکی کردووە، ئیزنی بدا لە سووچێکی ئەو دووکانە بخەویٚ. باوکی وتوویەتی جیٚ خەویان نییە. ئەو دەڵیٚ جیٚ خەوی ناویٚ. لێی گەرِێن لە سەر ئەو کورسییەی لە سەری دانیشتووە چاوێک ویٚک نیٚ و وچانێک بدا. باوکی وتوویەتی بۆ ناچێتە هوتێل یان ماڵە ناسیاوێک. ئەو دەڵیٚ لەم شارە غەریبە. چۆتە هوتێلیش، جێی دەسنەکەوتووە. خۆی دەزانیٚ، کوا لە قەرەباڵغی وادا جیٚ خەو گیر دەکەویٚ. ئینجا باوکی چەتێک لە ئارەقەکەی خۆی و هێندێک مەزە

دەباتە سەر مێزەکەی. بێئەوەی لێی بپرسێ دەخواتەوە یان نا، پێکێکی بۆ تێکردووە. ئەویش لە بری ئەوەی خۆی مچ و مۆڕ نیشان بدا، خێرا یەکبین پێکەکەی هەڵ داوە. باوکی پرسیویەتی بۆ هاتۆتە ئەو شارە، کاری چی هەیە، بەڵکوو ئەو بتوانێ کارێکی بۆ بکا.

مووسیقاژەنەپیرەکە دەڵێ هاتۆتە ئێرە بمرێ. باوکی پێکەنی بوو. بەگاڵتەوە وتوویەتی بۆ لە سەر ئەم عەرزە پان و بەرینە شوێنێکیتر نەماوە بۆ مردن. ئەو دەڵێ لە مێژ ساڵە کارێکی ناتەواوی ماوە، دەبێ رایپەڕێنێ. ئەوجار بە دڵنیاییەوە دەتوانێ بمرێ. باوکی پرسیویەتی کارەکەی چییە. بەشکوو بۆی راپەڕێنێ و نەهێڵێ بمرێ. مووسیقاژەنە پیرەکە دەڵێ کار، کاری خۆیەتی و کەس ناتوانێ بۆی راپەڕێنێ. باوکی پێکێکیتری بۆ تێکردووەو وتوویەتی پیاوێکی دەسرۆیشتووە، لەم شارەدا دۆست و برادەری زۆرە. مووسیقاژەنە پیرەکە چاوی دەنووقێنێ و ئەو پێکەش هەڵدەدا. دەڵێ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چل ساڵ لەمەوبەر. ئەو کاتە ئەو لۆتییەکی زۆر ناودێر بووە. خاوەنی سێ چوار زنجیر ورچ و عەمتەر و چوار دەست دەهۆڵ و زوڕنای بووە. بە ئیجارە داونی بە کەسیتر، کاری پێبکەن بە نیوەیی.

لە رۆژێکی پاییزیدا چۆتە ئاواییەک کە لە جادەوە زۆر دوور بووە. بە شەکەتی گەییونەتە ناو دێ. کاتێک دەسیان کردووە بە دۆینە، دۆینە و ورچ هەڵپەراندن و دەهۆڵ کوتان. ریش سپی و کەیخودای ئاوایی بەرەو پیریان هاتوون، دەسیان ناوە بە روویانەوە. نەیانهێشتووە کارەکەیان بکەن. وتوویانە خەلیفە بۆ زیکر و ئیرشاد هاتۆتە ئاوایی. خێر و بەرەکەت بەسەر ئاواییەکەیاندا رژاوە. تەنانەت مەلایکەش لە عاسمانەوە هاتوونەتە

خوارێ . ئەگـەرکوو ئـەمان دەهـوڵ و زوڕنـا لێـدەن و ورچ هەڵـپەڕێنن، دەتارێن. ئەجننە و شایەتینی دەڕژێتە ناو ئاوایی.

مووسیقاژەنە پیرەکە بە ناچاری رووی لە مزگەوت کردووە. چـووە لە خەلیفە بپاڕێتەوە پاش تەواو بوونی زیکـر و ئیرشـادی ئـەو، ئیـزن بـدا دەهوڵ و زوڕنا لێدەن و ورچ هەڵپەڕێنن. بەڵکوو شتێک کاسـپی بکـەن. خەڵکی بەربەستی بوون، نەیان هێشتووە بچێتە مزگـەوت. ئـەو بـە هـەر لەونێک بووە لە گەڵ جەماعـەت خـۆی ترینجاندۆتـە ژوورێ. ئەگـەرچی خۆشی پێی وانەبوو خەلیفە کارێکی بۆ بکا، خۆی خستووە بە سەر لاقیدا و ماچی کردووە. پاشـان لـە چۆنیـەتی کارەکـەی گەیانـدووە. هەرچەنـدە بـاوەڕی بـە گوێچکـەی نـەبووە. بیـستوویەتی کوێخـای بانـگ کـردووە، وتوویەتی لێیان گەڕێن با ئەوانیش کاری خۆیان بکەن. کوێخا هاتووە بڵێ ئاخر قوربان، خەلیفە قسەکەی پێ بڕیوە. وتوویەتی قوربانی ناوێ. ئێمە لە مزگەوت کاری خۆمان دەبەین بەڕێوە، با ئەوانیش لە دەرێ کاری خۆیان بکەن.

مووسیقاژەنە پیرەکە دانەویبۆوە دووبارە لاقی خەلیفە ماچ بکاتەوە. خەلیفە توند دەستی گرتووە، وتوویەتی بۆ نانی نیوەڕۆ بچێتـە مزگـەوت. ئەو رۆژە وەک رۆژی حەشر وابووە. دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و بـۆڕەی ورچ لە لایەک، دەنگی سێ تەپڵ و دەف و قریشکەی یا هـووی دەروێـش لـە لایەک. ئەگەرچی تا نیوەڕۆ دەهۆڵیان کوتـابوو و ورچیـان هەڵـپەڕاندبوو، دیسانیش باوەڕی نەکردبوو کارێکی وا بووبێ. ئەو ئەوەی وەک خـەونێکی خۆش کەوتبووە بەرچاو. بۆ نانخواردن چووبوونەوە مزگـەوت. نانیـان لـە سەر مەجوومعە هێنابوو. خەلیفە لە سەر هەر مەجوومعەیەک لۆتییـەک و

دەروێشێکی دانابوو، خۆشی لە گەڵ خەلیفە لەسەر یەک مەجوومعە نانیان خواردووە.

مووسیقاژەنەپیرەکە هەر لەوێ شـەرت دەکـا پـاش ئـەو سـەفەرە، دەست لەو کارەی هەڵگرێ و ببێتە دەروێشی ئەو خەلیفەیە. چـل سـاڵ لەو رووداوە تێپەڕیوە. هەرکات گوێی لە دەنگی زوڕنای شایی و مەجلیس بووە، دەنگی زوڕنا بێ ئیختیار پەلکێشی کردۆتە ئەو شوێنە. سۆزی دەنگی زوڕنا تاوێـک بێـدەنگ، تاوێـک بـە بانـگ و سەڵـا چەشـنی ئـازیز مـردە گەرمەشینی پێگێڕاوە. گرژی هەوایەک بـە قـوون هەڵـیپەڕاندووە. ئاڵـۆز بوونیشی، وەک پیرەگورگێک ددانی لە چیرەوە بردووە و حـەوت پـشتی کابرای زوڕناژەنی دوبارە گوڕەوشار کردۆتـەوە. ئـەو زۆر جـار خـەوی بـە زوڕناوە دیوە، لە شایی و گۆوەند زوڕنـای لێـداوە، ورچـی هەڵـپەڕاندووە. لەپڕدا چاوی بە خەلیفە کەوتووە پێی پێکەنیوە. ئەویش لە شەرمان ترێق بۆتەوە. خەلیفە پێی وتووە ئەو زوڕناژەنێکی بەهەشتییە. ئـەو پرسـیبووی مەگەر لە بەهەشتیش مووسیقا هەیە. خەلیفە وتوویەتی ئەو تەنیا دەتوانێ لە بەهەشت زوڕنا بژەنێ. ئەو  پرسیبووی بـڵێی لـە بەهەشـت کەسـێک هەبێ حەزی لە مووسیقا بێ و گوێی لێ بگرێ. خەلیفە پێکەنیوە. ئەویش لە ترسان لە خەو ڕاپەڕیوە. هەموو دم ولێوی وەک برێشکەی سـەر سـاج هەڵتۆقیوە و بۆتە تێمیسک.

مووسـیقاژەنەپیرەکە لـەم دواییانـەدا هاتۆتـە سـەر ئـەو بـاوەڕە، ئەگەرکوو جارێکی تر دەس بەرێ بۆ زوڕنا و تۆبەکەی بـشکێنێ دەمـرێ. هەر ئەوەش حەز و لەزەتی زوڕناژەندنی لە لا سەت هێندە زیاتر کردووە. تەنانەت زۆر جار گووپی بە بێ زوڕنا پڕ لە «بـا» کـردووە و دەمەلاسـکەی

زوڕناژەندنی کردۆتەوە. ئێستێ ئەو حەزە هێناویەتە ئێرە و هەموو شتێکی پێدەبڕێتەوە. هەر کە دێتە ئەم شارە وەک ئـەوەی لـە دەمێکـەوە بـاوکم بناسێ و بزانێ گرێی کارەکەی بـە دەسـتی ئـەو دەکرێتـەوە، رووی لـەم دووکانە کردووە. وتبووی من مووسیقاژەنێکی بەهەشتیم. هاتوومەتە ئێرە زوڕنا بژەنم و بمرم. ئەو مووسیقاژەنە پیرە ئەم رووداوەی ئاوا، یان رەنگـە بە شێوەیەکی تر بۆ باوکم گێڕابێتەوە. یان رەنگە شتێک نـەبێ جگـە لـە چەرخەیەکی هیچ لە خەیاڵی نووسەر.

رەزبەری ٧٩ ـ تاران (٢٠٠٠/١٠)

# قابیل

**بۆ شاعیری جوانەمەرگ ـ مارف ئاغایی ـ**

زۆر سەیرە! ئەوە ماوەیەکە ئەم خەونە بەربینگی پێگرتووم، دەست لە یەخەم ناکاتەوە. یەکدا بە دوو، بەردەوام لێم دووپات دەبێتەوە. هەموو جارێکیش لەشم شەڵاڵی ئارەق دەبێ، لە بەر ترس و شەرم لە پڕ لە خـەو رادەچڵەکێم. ئەم خەونە وای لێکردووم، لە ترسان شەوانە ناوێرم بخـەوم. خۆم بە کارێکەوە سەرقاڵ دەکەم، دەڵـێم ئـایش، بەشـکم شـەکەت بم و ئەویش دەستم لێ هەڵگرێ، بەڵام هەرچی دەکەم بێ کەڵکە، دادێک نادا. ئەم خەونە نەگبەتە چاووڕووی لـێم کراوەتـەوە. تەنانـەت لـەم دوایانـەدا لەکاتی بەخەبەریـشدا ئاوقـام دەبـێ، هـەرچی دەکـەم رزگـاریم نایـە لـە

دەستی. خۆشم نازانم ئەم خەونە چییە و لـە کوێـوە خـۆی خزانـدە نـاو خەوەکانم، هزر و خەیاڵی داگیر کردم.

ڕەنگە پێتان وابێ داخۆ دەبێ ئەم خەونە چ دیمەنێکی پڕمەترسـی بێ، یان دەبێ پڕ بێ لە دێو و درنـج و جندۆکـە، یـان ڕووداوێـک بـێ لـە چەشنی فیلمەکانی هیچکاک. نا! نا بە هەڵە مەچۆ. بە پێچەوانەی هەموو ئەوانە دیمەنێکی یەکجار مەلەکووتی و پیرۆزە. باسی ڕەهایی لە بەرزەخە بەرەو مەلەکووت و عەدەم. لەم خەونـەدا لاوێکـی ڕەزاشـیرینی باڵـابەرز، سەرتاپا سپی پۆش، تەنانەت دەسرەیەکی سپیش لەسەر دەبەستێ. چەن سوورە گوڵی وردی لە ڕەنگی خوێن، بەلای چەپی کراسەکەیەوە. بە باڵـا وەک پێشتر وتم پیاوێکی تەواوە، کـە بـە باڵـای خـۆمی دەگـرم لـە مـن بەرزترە، بەڵام نازانم چۆن لە ناو ڕکەیەکی دارینەی کەودا دیل کراوە؟

خەنجەرێکی مشتوو زێوین، چەشنی مەل بـە ئاسمانـەوە دەفـڕێ. ئەم بەروئەوبـەری مـشتووەکەی بەقـەرایی دوو قامـک لێـی جیابۆتـەوە. جەمسەرەکانی کەمێک بۆ لای سەرێ هەڵـگەڕاوەتەوە. لـە دوورەوە کـە بیبینی، دەڵێی مەلـە و باڵـی لێـک ئاواڵـە کـردووە. کـە ڕووەو مـن دێ مشتووەکەی دەکەوێتەوە بەرەوە، وەک کۆتر بە نەرمی لە نـاو پەنجەمـدا دەنیشێتەوە. کە ڕووەو قەفەسی لاوەکـە دەچـێ، تیخەکـەی دەکەوێتـە بەرەوە. لە چەشنی باز تەپ دەداتە سەر نەچیر، لەسـەر سـینگی لاوەکـە ڕۆدێ. شووڵی ڕکە لێک دەڕەوێنـەوە، لاوەکـە دەبێتـە کـەوێکی سـپی، خاڵێکی سوور لە سەر دڵی. بەرەو ئاسمان باڵدەگرێ، هەرچی مەل و قاز و قورینگی دنیایە دەکەوێتە شوێنی.

له جێ دەمی خەنجەرەکەوە خوێن چۆڕاوگە دەبەستێ، چۆڕاوگەی خوێن هەموو خەونەکەش سوور دەکات. بڕێکجار کە لە خەو رادەچڵەکێم، ورد سەرنجی دەست و پلم دەدەم، جێی چەن پەڵە خوێنی پێوە دەمێنێ. لەپاش سوورکردنی لاوەکە جار لەگەڵ جار دەنگی مووسیقایەکی جادوویی لە زۆر دوورەوە دێتە گوێ. وردە وردە بەرزتر دەبێتەوە، بە پێی بەرزبوونەوەی ئەو مووسیقایە، سیمای لاوەکەش روونتر دەنوێنێ. ئێستە وای لێهاتووە بۆتە یەکپارچە نوور. تەنانەت لەژێر پێستی لەشییەوە تەواوی پەراسووەکانی، دڵی، . . . . گورچیلە و ناو ریخۆڵەی دەبیندرێ. زۆرتر لە مانگی شەوی چواردە دەچێ.

نازانم چەند و چەندە، ئەم خەونە نەگبەتییەم لێ دووپات بۆتەوە. ئێستە پێم وایە لەم جیهانە گەورەیەدا، غەیری من و لاوێکی سپی پۆشی باڵابەرز، کە لە ناو رکەیەکی دارینەی کەودایە و خەنجەرێکی مشتوو زێوین، کە چەشنی باز لە نەچیر رۆ دێ، هیچی تری تێدا نییە. خوایە بۆ دەبێ ئەم دیمەنە تەنیا بخزێتە ناو خەونەکانی من. پەیتا پەیتا لە پێش چاوم بەردەوام دووپات بێتەوە. تۆش ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت، خۆ کامە فیلمی سینەماش خۆش و بەرزە، دیتنی تەنیا دووجار و سیان خۆشە. تۆش بی جارِز نابی؟ من بوومەتە برای خوێنی شەمشەمەکوێرە و رەفیقی بایەقوش. ئێستە وام لێهاتووە قینم لە هەرچی رووناکییە. قینم لە مانگیشە. هەموو شەوێ تا ئاوا دەبێ دەکەومە شوێنی، بە تف و بەرد رەجمی دەکەم.

تەح! چیم لێ بەسەر هاتووە. دەبووری لە بیرم چوو، ئەم خەونە نەگبەتە وای لێکردووم هەموو شتێکم لە بیر چۆتەوە. من و ئەو و پیرە

پێکەوە دەژین. ئەوەندەی لە بیرم بێ قەتم نەدیوە پیرە جیاوازییەکی لـە نێوانی من و ئەو دانابێ. ئەو من و پیرە و هەموو جیهـانی خـۆش دەوێ. بەڵام نازانم بۆ هەر کە ئەو دووانە بە تەنیا پێکەوە دەبینم، چاوم دەپەڕێتە تەوقی سەرم. لام وایە باسی من دەکەن. دەڵێم پیرە مرۆیەکی زانا و دنیا دیدەیە، ڕەنگە سۆسەی خەونەکانمی کردبێ. ئامۆژگاری دەکا، خۆ لە من بپارێزێ. کەچی لە پاش تەواوبوونی قسەکانیان کە چاوی بە من دەکەوێ، بە پرتاو بەرەو من دێ. زەڕڕەیـەک چییـە لـە خۆشەویـستییەکەی کـەم نابێتەوە. هەمیشە کراسێکی ئـاودامێنی سـپی لەبەردایـە، بـەو کراسـەوە سـیمای لـە هابیـل دەچـێ. تەنانـەت زۆر جـار وەک لاوی نـاو ڕکەکـە پارچەیەکی سپی لە سەر دەبەستێ، روو لە مـن دەکـا و دەڵـێ: ئـاوا لـە خەونەکانم دەچم. من وەک خەونەکانم دادەتروسکێم. هـەرچی دەکـەم ناتوانم باوەڕ بکەم، دوو کەس هاوکات لە گەڵ یەک خەونێک ببیـنن، نـا! تۆش هەر باوەڕ مەکە.

لە کڵۆڵی من جیهانی راسـتەقینە و بەخەبـەریش لـوول دەبێـت و دەچێتە ناو خەونەکانم. لەپاش هەر شەوە خەونێک، بەیانی سەیر دەکەم سیمای وەک خەونەکە نوورانیتر بووە. هێند جوانە دەڵێی یۆسفە. هەموو جارێک لە ژێر تیشکی رووناکی ئەودا دەروانمە خـۆم. جـاری وایـە خـۆم دەبینم، بوومەتە گیانلەبەرێک لە چەشنی بزنی مەرەز، ئازای ئەنـدامم بـە قەرایی بستێک تیسکی رەشی لـێ رواوە. بوومەتـە گـلۆڵەیەک مـەرەزی رەش. چاوم بە قـەرایی دەنکـە نـۆکێکی رەشـی لێهـاتووە. لـەم تیـسکە رەشەی خۆم زیـاتر، موویـەک ئـەولاتر نابینـێ. جارجـارەش وەک بـزن، گوێرەکە و زۆر ئاژەڵی تر دەبالێنم، گوێ قوت دەکەم و کوڕە گوێ دەبم.

لە تەواوی جەستەمدا تاقە تروسکەیەکی کەم سۆش چییە رووناکی بەدی ناکرێ. خۆم لەم هەمووە تاریکییەی ناو خۆم، زەندەقم چووە. جا تۆخوا تۆ بڵێ! چۆن ئێرەیی پێ نەبەم؟

هەموو جارێک کە دەیکوژم، دەبێتە کەوێکی سپی و ئەو گشتە مەل و قاز و قورینگە دەکەونە شوێنی. قاو و قریشکیان دنیا پڕ دەکات. بە تەختی ئاسماندا هەزاران بازنە ساز دەکەن، چەپ و راست لە دەوری دەسووڕێن، هیچی وە هیچی ناکەوێ، بازنەی مەل هەڵدەزنێ و هەڵدەزنێ، تا دەگاتە مەلەکووت. دەنگی قاو و قریشکی مەل و مووسیقا جادووییەکە ئاوێتە دەبێ، ئێستەش جریوە جریوی لە کاسەی سەرمدا دەزرینگێتەوە. گوێیەکانم توند توند ئاخنیوە، بەڵام زەنا زەنای دەنگی قاز و قورینگ هەر دێ. زارم دەدوورم، دیسانیش دەنگ دێ، چاویشم دەنووقێنم، دەنگ هەر دێ. تەنیا کونە لووتم ماوە! دەڵێن چی؟ ئەگەرچی رەنگە بخنکێم، ئەویش بئاخنم.

گژجارێ کە مشتووی خەنجەرەکەم وەبەر دەست دێ، وەهای بە قینەوە لە دەستمدا دەگووشم، وەک تەزبێحی سەیدی نوشتەنووس ئاوی لێ دێنم. بە قەرایی قامکەکانی پەنجەم لە سەر مشتووەکە چاڵ دەبێت، هەست دەکەم هەموو مێژووی مرۆڤایەتیش ناتوانێ جێ پەنجەم لە سەر دەسکی ئەم خەنجەرە بسڕێتەوە. بە هەموو هێز و گوڕی خۆم، نووکەکەی لە سەر دڵی لاوی ناو ڕکەکە دادەهێڵم، بە جۆرێک گوێم لە کرتە کرتی شەق بردنی دڵی دەبێ. تیخەکەی سێ چوار جار لە ناو دڵیدا بەم لاو ئەو لادا دەگێڕم، بەڵکوو بکەوێ و ئیتر هەڵنەستێتەوە. منیش لەم خەونە نەگبەتییە خەلاسیم بێ. بەڵام تاکوو من زیاتر بە قینەوە لێی رادەسێم،

ئەو بزەی شیرینتر دەبێ و بەرزتر دەفڕێ. قاز و قورینگێکی زیاتری لێ کۆ دەبێتەوە، دەنگی قاو و قریشک و مووسیقا لەجۆشتر دەبێ، سیمای جار لە گەڵ جار نوورانیتر دەبێ. دڵم خەریکە شەق دەبا، چاوم لە بەر ئەم گشتە رووناکییە وەشەوارە کەوتووە، هەڵنایە. بوونم لە بەر ئەم هەمووە گەورەیی و شکۆیە، تەنیا خاڵێکی رەشە و هیچ. تۆ خۆت بڵێ! جا ئەوە خەونە؟ تۆ تا ئێستە قەت خەونی وات دیتووە یان بیستووە؟ خۆ ئەوە تازە هەمووی نییە، ئەگەر تاقەتت ماوە، چاو بنووقێنە و هەست راگرە. دەس بدە دەستم، دەتکێشمە ناو خەونەکانم. یەک، دوو، سێ. . . باوەخولێ گێژم مەکە، گێژت دەکەم. باوەخولێ گێژم مەکە، گێژت دەکەم.

جارێک ئەوەم بە خەیاڵدا هات بەو خەنجەرە تیژە ئەو تیسکە رەشانە لە کۆڵ خۆم بکەمەوە. چەشنی مەڵەغان بە راست و چەپ، سەر و خوار، هەموو لەشم شەش تیغە کرد. بە شێوەیەک کێچ لە سەری هەڵدەخلیسکا، دەتگوت بارێکی یەکجار قورس و قەبەم لە سەر شان لاچووە. ئەو جار لە ژێر تیشکی رووناکیی ئەودا سەرنجی خۆم دا، سەیرم کرد بوومەتە کرمێکی نەرم و لینچقی ریوەڵەی سەر رەش. ئەویش لێم بووە درەختێکی بەرزی نوور. بەرەو باڵای رووناکی هەڵزنام. هێند لینچق و لووس بووم، هیچ کوێم لێی گیر نەدەبوو. پێیدا هەڵدەگەڕام، دەکەوتمە خوارێ. ئەو درەختێکی بەرزی نوور و رووناکی بوو، منیش کرمێکی سەر رەشی لووس و برسی. لە پاش ماندوو بوونێکی زۆر، بێ بڕست و کەلەلا کەوتم. ئەویش بە ئاسپایی لقە گزنگێکی بۆ رایەڵ کردم، کە پێیدا هەڵگەڕێم. هەرچیم دەکرد هیچ کوێم لێی گیر نەدەبوو، لە ناعیلاجی و حەیبەتدا قەپم پێدا کرد.

تامێکی یەکجار شیرین و خۆشی هەبوو، تا ئەو کاتە تاموچێژێکی وا بەلەزەتم لە هیچ چەشنە خواردەمەنییەکی تر نەچەژتبوو. هەرچەندم دەخوارد برسیتر دەبووم، بە خواردنی ئەو وردە وردە دەبووژامەوە. هەستم کرد خەریکە دەبمە کرمێکی گوو ئەستێرە. منیش لە خۆمەوە نوور بڵاو دەکەمەوە. بۆ ئەوەی نوورەکەی من سێبەر بخاتە سەر نوورەکەی ئەو، وەک هار قەپم پێدا دەکرد و دەمخوارد. لە جێ کەڵبەکانمەوە نوورێکی سوور فیشقەی دەکرد، تامی شەڕابی سێوی دەدا. تا دەهات پێی مەستتر دەبووم، سەرم جار لە گەڵ جار گەرمتر دەبوو. وردە وردە دەمارەکانی لەشم خاو دەبوونەوە، بڕێکم مابوو بگەمە سەر ترۆپکی دارەکە،لەپڕ لەو سەرەڕا بەربوومەوە، وەک مەشکە لە بەر یەک پچڕام، خوێنێکی شەڕابی بە تەواوی دەور و بەرمدا پرش و بڵاو بۆوە. لە جێ شوێنی هەر پەڵە خوێنێک، نەمامێکی تازە سەری هەڵدا.

تەواوی ئەو ناوە لە چاو ترووکانێکدا بووە دارستانێکی نوور. مانگ و هەتاو، لە بەر حەژمەتی تیشکی رووناکی ئەو ناوە، دەستیان کردبووە کەپری چاویان. من هەروا خوێنم لە بەر دەڕۆیی، خوێنێکی رەش. هەستم کرد بوومەتە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی رووبارێکی خوێنی رەش. لەپڕ هەزاران پەپوولەی ناسکی رەنگاوڕەنگ لەو ناوە پەیدا بوون. لە سەر لق و پۆپی ئەو دارانە نیشتنەوە، کەمێکیان گەڵا خوارد و هاتنە دەم رووبارە خوێنەکەی من، چوونەوە سەر درەختەکان. منیش بە پەلە هەرچی گەرای هەمبوو بە پێ و پلی پەپوولەکانەوە، بە ناو لق و پۆپی ئەو دارستانەدا بڵاوم کردەوە.

لە سەر هەر درەختێک، سەدان کرمی نەرم و لینچقـی سـەرڕەش سەرهەڵدەدەن. دەست دەکەن بـە خـواردنی ئـەو درەختانـە، بـەردەوام مەست دەبن و لەو سەرەوە بەر دەبنەوە خـوارێ دەقەڵەشـێن. لـە جـێ شوێنی هەر پەڵە خوێنێکی شەرابی، درەختێکی تازەی نوور دەڕوێ. هەر کرمێک دەبێتە سـەرچاوەی لـەبن نـەهاتووی رووبـارێکی تـازەی رەشـە خوێن. هەزاران پەپوولەی رەنگاوڕەنگی ناسک لەپڕ پەیدا دەبـن. دەچنـە سەر لق و پۆپی ئەو نەمامە تازانە، گەڵا دەخۆن. دێنـە دەم ئـەم رووبـارە تازانە، بە بێئاگا گەرا بە ناو لق و پۆپی ئەو نەمامە تازانەدا بڵاو دەکەنەوە.

من پێم وایە مرۆ لەبری ئـەوەی بـەنی ئـادەم بـێ، بـەنی عادەتـە. دووپاتبوونەوەی ئەو دیمەنانە وای لێکردم لەگەڵ ئەو کارەساتە رابێم. خوو بەو کارە بگرم. رۆژێک دەرفەتێکم بۆ رەخسا، لە نەورۆزدا من و ئەو و پیرە وەدەرکەوتینە دەرێ. پیرە لە سەر گردێکی بەرز روو لە قیبلـە دانیـشت. سەر و ریشی لە جاران زۆرتر بوو، پشتی چەشنی گومبەز بە سـەر باڵـایدا چەمابۆوە، وەک ئەوەی بڵێی ئەم گۆ خۆڵینەی زەوی لە باوەش گرتـووە، کراسـێکی شـینی ئاسمـانی، بـە شـێوەی سـیناتۆرەکانی رۆمـی قـەدیم لەبەرکردبوو. لە ژێر لێوەوە ورتە ورتی دەهات، وەک ئەوەی دوعا بخوێنێ. لە پاش تەواو بوونی هەر دوعایەک، دوو سێ جار چەپڵەی لێدەدا. لە گەڵ هەر چەپڵەیەک، لە ناو دەستییەوە نازانم کۆتر بوو یا کەوێکی سپی بەرەو ئاسمان باڵی دەگرت. لەو کاتەدا شێوەی لە ئادەم، یاقووب، ئیبراهیم یان رەنگە ئیزرائیل دەچوو.

من دەستی ئەوم گرت و چووینە ناو شیو و دۆڵێکەوە. چاوێکم هەر لە پیرە بوو. سـەر و ریـشی دەتگـوت چـۆڕی شـیرە. هـەروا بـەردەوام

سەرقاڵی هەڵفڕاندنی کەو بوو، لە مابەینی هەر دوعایەک گۆشـەنیگایەکی تێدەگرتین. هەر چەند لێی دوور دەکەوتینەوە هەستم دەکرد لە هـەموو کاتێک لێمان نزیکترە، لـە پـەنا گوێمـدا هەسـتم بـە گـەرمی هەناسـەی دەکرد. هەستم دەکرد ئەگەر پەلە نەکەم ڕەنگـە دڕدۆنگـی بکـا. کـەچی تەنیا جارێک نەمدیت لێم بتەکێتەوە. دەستی هەر وا بە دەستمەوە بـوو. راوێستا و وەریسووڕاندم. پیرەم کەوتە پشتەوە، لێم نادیار کەوت.

کراسـێکی سـپی بـێ یەخـەی لەبـەردابوو، لـەو کاتـەدا شـێوەی ئیسماعیلی دەدا. بە هەموو هێزی خۆی نیگایەکی تینووی لە پیرە گرت و چاوی نووقاند، وەک ئەوەی بیەوێ هەموو حـەز و خۆشەویـستی ئـەو لـە چاویدا حەشار بـدا. وەرسـووڕا و پـشتی تێکـردم. وتی: بەسـە ! وەرە بـا کۆتایی بە خەونـەکانمان بێـنین و خۆمـان رزگـار کـەین. منـیش وەک هەمیشە، بەبـێ سـێ و دوو خەنجەرەکـەم لـە پـشتەوە تـا بـن مـشتووە زێوەکەی لە ناو دڵی رۆکرد. بـە قینـەوە چـەن جـار لـە نـاو برینەکەیـدا سووڕاندم. بەبێئـەوەی ورتـەی لـە دەم بێتـە دەرێ، دەمـەوڕوو کـەوت. کاتێک خەنجەرەکەم لە پشتی دەرکێشا، تەنیا دڵـۆپێک خـوێن، بـە دەم تیخەکەوە لە دەم برینەکەی فیشقەی کرد. بە ناوچاوانمەوە لکـا. ئێـستە جـێ شـوێنی ئـەو پەڵـە خوێنـە، بۆتـە خاڵـێکی ڕەشـی گۆشـتی بـە ناوچاوانمەوە. هەرچەن دەیبڕم، هەمیسان هەڵدەداتەوە. بە هەرچی ئاو و کیمیای دنیایە شتوومەتەوە، پاک نابێتەوە. ئەو خاڵە ڕەشـە، رۆژ لەگـەڵ رۆژ گەورەتر دەبێ و پەرە دەستێنێ. ئێـستا خەریکـە، بـە تـەواوی رووم ڕەش دەکا.

تێبینی: گوو ئەستێرە، گـوڵ ئەسـتێرە، بـنج ئەسـتێرە: کرمێکـی باڵدارە، خۆی نووری نییە، لە مانگەشەو نوور وەردەگرێ. پێی وایە ئەویش بۆتە ئەستێرە، باڵێک بەرەو ئاسمان دەفڕێ. دەکەوێتە خوارێ دەمرێ.

سەرماوەزی ١٣٧٨ (١٢/١٩٩٩)

# میوان

که هاتمەماڵی باوکم، ئەو وەک هەمیشە لە ژوورەکەی خـۆی لـە سەر شانی راسـتەی راکـشابوو. بـە دیـتنی مـن، خێـرا وەردەسـووڕێ و دەکەوێتە سەر زگ. دەموچاویم لێ ون دەبـێ. لـەو دەرفەتـە کەمـەش، وەڕەزی و تووڕەیی لە سیمایدا بەدی دەکەم. وتم بابـە گیـان! دوور بـێ، دەڵێی نەخۆشی، بۆ وا وەڕەزی؟ ئەویش بەبێئەوەی وەرسووڕێ یان چاوم لێ بکا، دەڵێ جا چۆن وەڕەز نەبێ؟ قـەت وا دەبـێ، ئـەوە وەزعـە ئـەوی تێدایە. بە سەر ئەم هەموو خێزانەدا بۆ دەبێ تاقە کەسێک نەبێ تەنانـەت حەوتوویەک بیباتەوە ماڵێ، خزمەتی بکا. ئەی خزم و کەس و عەولاد بـۆ وەختی وا نەبێ، بۆ کەی دەبێ؟

سۆزی دەنگی بە جۆرێکە، ئاگرم تێبەردەدا. پێم وت: خـۆت بـاش دەزانی کە من بۆتۆ وانیم. من هەمیشە پێم خۆشە لەگەڵ تۆدا بژیم. بەبێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێ، وەها بە کوڵ دەست دەکەم بە گریان کە پـشووم بە ئاستەم دێتە دەرێ. بە هەزار زەحمەت و نـاری عـەلی، پچرپچـڕ وتم: بابەگیان! ئەگەر وا بیر بکەیەوە، قەت گەردنت ئازا ناکەم.

ئەو منی زۆر خۆش دەوێ، دەزانم تاقەتی گریانی من ناهێنێ. خێرا وەردەسووڕێتە سەر شانی راستەی، هـەر دوو دەسـتی لـە پـشت سـەری هەڵدەپێکێ. لەم حاڵەشدا هەر پشتی لێمە، قۆڵی چەپی دەموچاویم لـێ دەشارێتەوە. من هەروا بە کوڵ دەگریم. سەرم خەریکـە بـە هەنیـسکەوە هەڵکەندرێ. ئەو کە هەست بە نزیکبوونەوەی دەنگی پێی کەسێک دەکـا ئەگەرچی گرینگیش نییە بـزانین بـەرەو کـوێ دەڕوا، بـە ئاسـتەم قۆڵـی راسـتەی بـەرز دەکاتـەوە، لـەژێر قۆڵـییەوە چـاوم لێـدەکا. منـیش بـە دەرکەوتنی روخساری، خێرا گریانەکەم دەوێستێ. ئەو دووبـارە سـیمایم لێدەشارێتەوە. منیش کوڵ دەمگرێتەوە، نازانم ئـەم گریانـەم چۆنـاوچۆن تەواو دەبێ. کە دێمە دەرێ لە حەوشەکە حاجی ئایشێی زێدەوان دەبینم، بـە خـۆی و بەرماڵـەکەی شـانی و تەزبێحـە ناجیلـە سـەت و یـەک دەنکییەکەی دەستی. دەڵێ: ئەمشەو لە سەعات سێ ـوە بە خەبەرە!

بە مووبایلەکەم زەنگ بۆ ماڵێ لێدەدەم. دەپرسم چیمان پێویـستە لەگەڵ خۆم بیبەمەوە. خێـزانم دەڵـێ کـەمێک گۆشـتی مـەڕ و قاپێـک ماستی مەڕ بەرمەوە، سبەی نیوەڕۆ بەربەسێڵ لێـدەنێ. دەکەومـە بـیری باوکم. ئەو حەزی لە بەربەسێڵ بە گۆشت و ماستی مەڕ دەکـرد. لـە بـەر ئەوە لەو کاتەدا بیرم لە داخوازییەکەی خێزانم نەکردەوە. ئاخر ئەو قـینی

لە گۆشتی مەڕە. دەڵێ لە کاتی کوڵاندا هەمووی دەبێتە ئاو، ماستی مەڕیش ناخوا، دەڵێ بۆکڕوزی لێدێ.

کاتی نیوەڕۆ پاش دووکان هەڵگرتن بۆ نانی نیوەڕۆ دەچمەوە ماڵێ، بۆنی بەربەسێل وڵاتی هەڵگرتووە، لە سەری کۆڵانەوە هەست بە بۆنەکەی دەکەم. سفرە تازەکەی تایبەتی میوان رادەخرێ. وەختە لە حەیبەت بەربەسێڵ سۆم بێتەوە. بەپەلە ئاوێک لە دەست و دەموچاوم دەپرژێنم. لە سەر سفرەکە دادەنیشم. قۆڵی کراسەکەم تا ئەنیشکم هەڵدەکەم، دەڵێم: بۆم تێکەن ئەما بۆم تێکەن.

خێزانم و منداڵەکان دێنە سەر سفرەکە، چاوم لە دەستی خێزانمە. سەری قابڵەمەکە وەلا دەنێ، بۆنی بەربەسێڵ رژایە ناو ژوورەکە. دەمەوێ بە خێزانم بڵێم دەزانی لە کەیەوە بەربەسێڵمان نەخواردووە؟ قسەکەم دەگێڕمەوە. یەکەم قاپ کە تێدەکرێ کاسەیەکی چینی گوڵ سوورە، ئەویش زۆرتر بۆ میوانی دادەنێن. کاسە چینییەکە پڕ دەکرێ و لە سەرووی منەوە دادەنرێ. بستێکی رۆن لە سەرە. تەماشایەکی دەوروبەرم دەکەم. غەیری خۆمان کەسێکی غەیرە نابینم. کاشییە گڵەکەی من تێدەکرێ و لە بەردەمم دادەنرێ، من ئیشتیای چێشتی ئەو کاسە چینییە دەکەم. لە بەر خۆمەوە دەڵێم حەتمەن میوانمان هەیە، هەر ئێستا نا ئێستا دێتە سەر سفرەکە. تاقەتی دەست راگرتنم نامێنێ، دەست دەکەم بە خواردن، بەڵام بیرم هەر لە لای چێشتی کاسە چینییەکەیە. کەسێکیتر نایەتە سەر سفرەکە. دەڵێم رەنگبێ یەکێک لە جیرانەکانمان هاتبێتە ماڵێ و بۆنی بەسەردا چووبێ یان چاوی پێی کەوتبێ، بۆ ئەویان داناوە. نانەکەم دەخۆم و لە سەر خوانەکە هەڵدەستم. دەست دەدەمە

ڕۆژنامەی ئەو ڕۆژە و خۆم بە خوێندنەوەی سەرقاڵ دەکەم. قسەی خۆمان بێ دەزانم چێشتەکەی من تامی چێشتی کاسە چینییەکەی نەبوو.

پاش خواردنەوەی دوو سێ چـایی بـە دەم خوێندەنـەوەوە خـەوم لێدەکەوێ. بـە دەنگـی قاقـا و پێکـەنینی وریـای کـوڕم وەخەبـەر دێم. هەوەڵجار پێم وایە خەون دەبینم، کە هەڵدەستمە سەر پـێ، دەبیـنم لـە حەوشە جۆلانێ دەکا. وریا تەمەنی چوار ساڵە، بە بێئەوەی کەسێک پاڵی پێوە بنـێ، دێـت و دەچـێ و لـەخۆڕا دەتریقێتـەوە، پێدەکـەنێ. دەچـم چۆڕێک ئاو بە دەم و چاومدا دەکەم. خێزانم خـەریکی شوشـتنی قـاپ و کەوچکە. کاسە چینییەکەش لە ناو قاپە شۆراوەکاندا دەبینم. بـیرم هـەر لای وریایە، کچەکان لەم کاتەدا لە قوتابخانەن. ئەی کێ پـاڵ بـە وریـاوە دەنێ؟

دەموچاوم دەشۆم، خۆم سـاز دەکـەم بچمـەوە دووکـان. خێـزانم دەڵێ: لە گەڵ خۆت هێندێک گێلاخە بێنەوە. ئەو دەزانێ مـن قیـنم لـە چێشتی گێلاخەیە. نازانم لە کەیەوە لەماڵی من چێـشتی گێلاخـە سـاز ناکرێ. بەهاران کە خێزانم ئیشتیای ئەو چێشتە دەکا، دەچێتـەوە ماڵـی باوکی، پڕ بە دڵی خـۆی گێلاخەیـەکی مـزر دەخـوا. ئێـوارە بـە ناقـایلی هێندێک گێلاخە دەکڕم. لە کاتی کڕینی گێلاخەکەوە، دەکەومـە فکـری ئەوەی بۆسبەینێ نێوەڕۆ خۆم بە سەر کێدا ساخ کەمەوە.

خۆراکی شەوانەی من بەرلە خەوتن، لەتێک نان و تۆزێک ماسـتە. لە هەوەڵی ئێوارێ ـ وە دەچمە ژوورەکەی خۆم، خـەریکی گـوێگرتن لـە رادیۆ دەبم. پاشان ئەگەر نووسینم هەبێ خەریکی نووسین، ئەگەریش نا، تا درەنگانێ خەریکی خوێندنەوە دەبم. ئەمـشەو تـا درەنگانـێ خـەریکی

دارشتنی گەڵاڵەی ئەم چیرۆکەم. هەڵدەستم بۆ خەو بچمە ژوورێکی تـر، کە دەچمە هۆڵەکە، دەبینم چرای ژووری منداڵەکان نوور دەڕژێنێتە نـاو هۆڵەکە. گوێ هەڵدەخەم، حەکایەتی تیتل و بیبل دەگێڕنـەوە. تەنانـەت وریاش نەخەوتووە، پێدەکەنن و لەخۆ دەبنەوە. پێم سەیرە! بۆ تا ئەم کاتە نەخەوتوون؟ بە ئاسپایی تەقە لە دەرکەی ژوورەکەیان دەکەم. وتم: شـەو درەنگە، بەیانی کاتی قوتابخانە، وەخەبەر نایەن.

بەیانی زوو بـە دەنگـی بـانگی بـەیانی وەخەبـەر دێم، دەڵـێی لـە حەوشەی ئێمە بانگ دەدەن. کچە گەورەکەم بەر لە هەموومان هەستاوە، نوێن وبان کۆ دەکاتەوە. دەستێ نوێنی تازەی پێیە، کە تایبـەتی میوانـە. چاوێکی پڕ لە پرسیاری لێ دەکەم، بەڵام ئەو دەربەست نییە. نیوەڕۆ پاش گەڕانەوە لە دووکـان، سـفرەی میـوان رادەخـرێ، کاسـە چینییـە گـوڵ سوورەکە تێدەکرێ. چێشتی گێلاخە وەک قوڕاو، دەنکە دەنکە کشمیش وەک بالووکە بە سەریەوە هەڵتۆقاوە.

دوانیوەڕۆ کاتی وەدەرکەوتن خێزانم داوای ماسی دەکـا. چـاوێکی سەیری لێدەکەم. ئەو خـۆی بـادەدا و دەڕوا.هـەموو جارێـک کـە ماسـی دەکرم، تا دوو سێ رۆژ دەبۆڵێنێ. دەڵێ بۆگەنەکـەی لـە دەسـت و پلـم نابێتەوە.

ئێوارێ کڕینی ماسی، گوێگرتن لە رادیۆ، نووسینی سـەرەتای ئـەم چیرۆکـە، خوێندنـەوە. شـەوێ کـاتی خـەو. منـداڵ نەخـەوتن، گـوێ هەڵخستن، گێڕانەوەی حەکایـەتی مێـشوولە، تریـق و هـۆڕی پێکـەنین. نیوەڕۆ پاش گەڕانەوە لە دووکان سفرەی میوان رادەخرێ، گۆشتی ماسی بە دوو سێ جۆر چێشت لە سەر دەوری گوڵ سووری چینی دادەنرێ.

دوا نیـوەڕۆ کـاتی وەدەرکـەوتن، خێـزانم داوای ئەسـپەناغ دەکـا. ئێواریٚ کڕینی ئەسپەناغ، گوێگرتن لە رادیـۆ، سـەر لـەنویٚ نووسـینەوەی سەرەتای ئـەم چیرۆکـە. شـەویٚ کـاتی خـەو. منـداڵ نەخـەوتن، گـویٚ هەڵخـستن، گێڕانـەوەی حەکایـەتی مەڕۆکـە و بزنۆکـە، تریـق و هـۆڕی پێکەنین. نیوەڕۆپاش گەڕانەوە لـە دووکـان، سـفرەی میـوان رادەخـریٚ، ئەسپەناغ و زەردێنە هێلکـە وەک یـاقیق لـە نـاو رۆنـدا تروسـکەی دیٚ. دەوری چینی گوڵ سوور دانراوە.

دوا نێوەڕۆ کاتی وەردەرکەوتن، خێزانم داوای بڕوێش دەکا. ئێواریٚ کڕینی بڕوێش، رادیۆ، نووسین، خوێندنەوە. شـەویٚ کـاتی خـەو. منـداڵ نەخەوتن، گویٚ هەڵخستن، گێڕانەوەی حەکایەتی کوڕە کەچەڵە، تریق و هۆڕی پێکـەنین. نیـوەڕۆ پـاش گەڕانـەوە لـە دووکـان، سـفرەی میـوان رادەخریٚ، کاسەی چینی، هەلیماوێکی تراوی تیژ.

دوانیوەڕۆ کاتی وەردەرکەوتن، خێزانم داوای کەنگر دەکا. ئێـواریٚ کڕینی کەنگر، رادیۆ، نووسین، شەویٚ کاتی خەو. منداڵ نەخەوتن، گـویٚ هەڵخستن، گێڕانەوەی حەکایەتی بستە باڵای چل گـەزە ریـشە، تریـق و هۆڕی پێکـەنین. نیـوەڕۆ پـاش گەڕانـەوە لـە دووکـان، سـفرەی میـوان رادەخریٚ، کەنگری سوورکراوە وەک دەنووکی کەو، ماستی مـەڕ، دەوری چینی، پیاڵەی چینی.

دوانیوەڕۆ کاتی وەدەرکەوتن خێزانم دەڵیٚ: ئێواریٚ هێنـدێک گیـا دۆکڵیو بەرمەوە. ئێواریٚ کڕینی گیا دۆکڵیو، بۆگەنی سیر و لووشە، رادیۆ، پاکنووس کردنی ئەم چیرۆکە، شەویٚ کاتی خەو. منداڵ نەخەوتن، گـویٚ هەڵخستن، گێڕانەوەی حەکایەتی مام رێوی، تریق و هۆڕی پێکەنین.

نیوەڕۆ پاش گەڕانەوە لە دووکـان، سـفرەی میـوان رادەخـرێ، بـۆ عەتری گیا دۆکڵیو، کاسەی چینی، سەیرە! بـۆ لـەم حـەوتووەی رابـورد، کەس کاری بە کاری من نییە؟ وەک ئاغای قەدیم، کەیف کەیفی خۆمـە. بە دڵی خۆم گوێم لە هەموو رادیۆکان گرتووە، نووسیومە، خوێندوومەتەوە. جارجار خێزانم یان یەکێک لە کچان، بە بێدەنگی چایی و خواردنیان بـۆ هێناومەتە ژوورەکەم. بە بێئەوەی قسەیەک بکەن، وەک ئەوەی کەسێک چاوەڕوانیـان بـێ بـەپەلـە چوونەتـە دەرێ. وریـای کـوڕم سـەیرە، لـەم حەوتووەدا هەر قەرەم نەکەوتووە.

دوانیوەڕۆ کاتی وەدەرکەوتن، دەچـم سـەری ماڵـی بـاوکم بـدەم. حاجی ئایشێ بە خۆی و بەرماڵ و تەزبێحەکەیەوە، بە بۆڵەبۆڵ لە دوورەوە بەرەو پیرم دێ، دەڵێ: جا ئەوە کارە! ئەم حەوتووە هەموو شتێکیان لـێ تێکچووە. دوێ شەو لە پاش دوو سەعات خەو، سۆفی رەسـووڵ دەسـتی کرد بە بانگدان. خەوی لە چاوی هەمووان زڕاند، تا درەنگانێ کەس خەوی لێ نەکەوتەوە. هێندە درەنگ خەوتوون، بۆنوێژی بەیانی کەس خەبـەری نەبۆتەوە. پێرێ شەو تاو دەمێک بوو عەرز و بـانی گـەرم داهێنـابوو، کـە سۆفی مینە بانگی وت. کە دەنگیان دا ئەویش لە داخان ئیتر بانگی نـەدا. بەسرپێرێ شەو سەر لە بەیانی دەروێش حوسـێن بـانگی دا. لای نیـوەڕۆ لەخۆڕا دەستی کرد بە سەڵا. پێی وا دەبێ ئەو رۆژە جومعەیە. کە پێیـان وت لە شەرما ئیتر بانگی نەدا. شەوی دواتر کـا حەمـە رەحیمـی مجێـور بانگی دا، تا نوێژی عەسر باش بووە، سەر لە ئێوارێ خەوی لێدەکەوێ و لە بیری دەچێ بانگی شێوان بـدا. ئـەو رۆژەش نـوێژی شـێوان و خـەوتنان دەچێ. شەوی دواتر حاجی سمایل بانگی دا. لە پاش بـانگی بـەیانی ون

دەبێ و تا شەو درەنگانێ ناگەڕێتەوە. ئەو رۆژەش غەیری نـوێژی بـەیانی نەبێ، کەس تاقە نوێژێکی نەکردووە.

شەوی دواتر مەلا عەلی و سۆفی سولەیمان لـە سـەر کـاتی بـانگی بەیانی، لێیان دەبێ بە شەڕ. لە داخی یەکتری هیچیان بانگ نادەن. ئـەو رۆژەش کەس تاقـە نـوێژێکی نـەکرد. شـەوی هەوەڵـیش لـە سـەرەتای شەوەوە وەک کەڵەشێر، هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە بانگی داوە. کەس چاوی نەچۆتە خەو، کەس باوەڕی بە کەس نەبووە. کەسیش تاقە نوێژێکی نەکردووە.

من حەبەسرام. سەرم لەم قسانە سوڕما. بە بێئەوەی متەقم لە دەم بێتە دەر، هەروا بە بێـدەنگی بـەرەو ژوورەکـەی بـاوکم بـە دوی حـاجی ئایشێدا دەڕۆم. کە دەگەمە بەر دەرکـەی ژوورەکـەی بـاوکم، گـوێم لـە دەنگی بانگ دەبێ. تـــەماشایەکی سەعاتەکەم دەکـەم، کـات ! نـوێژی شێوانە . . .

گوڵانی ١٣٧٩ (٥/٢٠٠٠)

# تەنیا

خۆت بەسەر تـەختی ژوورەکـەدا دەدەی، دەمـەوڕوو درێـژ دەبی. گریانێکی وشک ئەوکت دەگرێ، خەریکـە دەتخنکێنـێ، ئـازار و ژانێکـی قورس چزاوەتە دڵت، هەموو خوێنی لەشت ڕەش هەڵدەگێڕێ. خوێنێکی ڕەش و خەست چەشنی هەنگوینی کەندووی مێشێکی پـیر، لـە دڵـتەوە شۆلاوگە دەبەستێتەوە نێو دەروونت. وردە وردە ناو زگـت پـڕ دەبـێ، لـە کونە گوێ و لووت و چاوتەوە کەلاو دەکات. خـوێنێکی ڕەش و ئـازاراوی شین بـاو، بـەتام وبـۆنێکی تیـژ و تفـت و تـاڵ هێـرش دێنـێ، خەریکـە دەتتەقێنێ. تەنانەت لە کونە وردەکانی ژێـر پێـستتەوە دەدەڵـێتە سـەر تەختەکە. هەسـت دەکـەی بوویەتـە زۆنگێکـی پـان و بـەرین. هـەزاران سوججە ماری ژێر زگ زێڕینی سووروسپی، هەزاران بۆقی سەوز سەوز، لە

چەشنی کەڕووی مس، فافۆن و ورکەنان، لە سەر جەستەت قڕەقڕ دەقڕێنن. سەدان حاجی لەقلەقی لاق درێژ و مل باریک، سەدان سیسارکە کەچەڵەی مل رووت و چاو سوور نیشتوونەتە سەرت، بۆ راوە بۆق و راوە مار. دەمت وشکە. تینوویەتییەکی گەرم دەگەڕێتە گیانت، چەشنی ئافرەتی دووگیان مەگیرانی بە خوێنی خۆت دەکەی. بۆت روونە هیچ ئاوێک غەیری خوێنەکەی خۆت تینویەتیت ناشکێنێ، تەنانەت ئەگەر ئاوی هەموو رووبار و زەریاکانیش هەڵچۆڕێنی هەر تینوویت. تەنیا قومێک خوێن بەسە، سووکناییت پێی دێ. رووباری خوێن لە تەختەکەوە بۆ ژوورەکەت، لە ژوورەکەتەوە بەفڕکە بەرەو دوورگە و کەنداو، بەرەو زەریا رێ دەکات. ئاوی هەموو زەریاکان بوونەتە رەشێکی شین باوی ئازاراوی. خۆت سەرچاوە و بناوانی هەموو ئاوەکانی. کەچی لە هەموو کەس تینووتری. خەریکە لە تینوویان قڕت بێ. تینووتە، تینوو . . .

لە سەر تەختەکە هەڵدەستی، نازانی کاتژمێر چەندە، بەرەو حەوشە دەڕۆی. لەسەر حەوزی حەوشەکە سەروچاوت دەشۆی، خۆت فێنک دەکەیەوە. ماسییە سوورە بەتەنێ لە نێو حەوزەکە دێ و دەچێ، جارجار سەری لە ئاوەکە وەدەردەنێ، پەیتا پەیتا دەمی دەجوولێتەوە، وەک ئەوەی شتێکت بە ئەسپایی بە گوێدا بچرپێنێ. چاو هەڵدەبڕی بۆ ژوورەکەی ئەوبەر، لایەکی پەردەکەی هەڵداوەتەوە، لێت دیار نییە. بەڵام دەزانی چەشنی نیسێ دایم سایەی بە سەرتەوەیە. بز بز سەیرت دەکا. دەزانی لەو کاتەوە کە هاتوویەتەوە، چاوی لە ژوورەکەت نەترووکاندووە. رەنگبێ خەیاڵە ئاڵۆزەکانیشت بخوێنێتەوە.

ڕۆژ لە تەواوبوونە، بەرەو ژوورەکەت دەگەڕێیەوە. قەفەسی بەتاڵی قەنارییەکان کەوتە بەرچاوت، بۆ چەند چرکەیەک سەرنج و نگاتی لەسەر خۆی قەتیس کرد. بە حەسرەتەوە دەستێکی بە سەردا دێنی. خۆ بە ژوورێدا دەکەی و کورسی و مێزێک دێنیە دەرێ. لە گوێی حەوزەکە دایدەنێی. دەگەڕێیەوە خۆت دەگۆڕی، بە تویی ژێر کراس و ژێر شەڵوارەوە دێیەوە دەرێ. بەرەو یەخچاڵەکەی ئەوبەر دەچی. قاپێک ئارەقی کشمیش، سارد وەک تەرزە، ڕوون وەک چاوی قرژاڵ و پەرداخێک بۆ بەزمی شەوانە بەرەو مێزەکە دەچی.

هەوەڵ پەرداخ قەرەتەپە پڕ پڕ بە وشکی هەڵ دەدەی، هەر لە گەرووتەوە تا ناو زگت ئاور دەدا، پشووت پێڕادەوەستێنێ. چاوت پێ زەق دەکا، نێوچاوانت پێ تێک دەنێ. بە زمان دوا تامی توند و تاڵی پەرداخەکە مەزمەزە دەکەی. هەست دەکەی سوور سور هەڵگەڕاوی، چەشنی پشکۆ دەسووتێی. وردە ئارەقەیەکی نەرم لە سەر تەوێڵت پوورەی داوە.

ئەو چەشنی نیسێ بێهەست و خوست کەشەفێک لە بەر دەمت دادەنێ و پاشە و پاش دەگەڕێتەوە. هێندێک سەهۆڵ، پیاڵەیەک خەیار و ماست و سیر، دوو شیش گۆشتی برژاو، پاکەتێک جگەرە و شقارتەیەک. پەرداخێکی تریش قەرەتەپە تێدەکەی، شووشە نیوە دەبێ. بە حەسرەتەوە چاوێکی لێدەکەی، بە فڕکە ئەم پەرداخەش هەڵدەدەی. ئەمەت یەک بین بۆ تەواو نابێ. قومێکی تێدا دێڵییەوە. تاڵی ئەمجارەیان بە کەوچکێک سیروماست دادەمرکێنی. خۆش خۆشی. لە پێش چاوت ماسییەکە لاسارانە بە مڵچە مڵچ بێدەنگی و تەنیاییت بێشەرمانە دەشکێنێ. ڕووی تێدەکەی: «ها! گوێم لێتە بە سەر هەردووک چاوم»

پاش ماوەی نێو پەرداخەکە قلّپ دەکەیە نێو حەوزەکە «ئەوەش بەشی تۆ. خۆش بی، نۆشی گیانت بێ» ڕەنگە گلودۆری ئەوەی بێ لەگەڵـت ببێتـە هاودەم و هاوپیاڵە. بڵێی بۆی هەبێ من و ماسی ببینە هاودەنگ؟ ئەی بۆ نا! ئەی چۆن دەگەڵ ئەم شووشە ڕەق و تەق و بێ‌گیانە بوومەتە هاودەنگ و هاوڕاز. تۆ باشی، وەک من لە گۆشت و ئێسک و پێست ساز کراوی، لـە هەموو گرنگتر ئەقڵ و هەستت هەیە، ئەقڵیەتی ئێوە چۆنە؟ ئێمـەی مـرۆ دایمە هەوڵمان داوە تەنیایی خۆمان بشکێنین، کاتێک خۆمان لە تەنیایی دەرباز کرد، ئەوجار هەست دەکەین لە هەموو کاتێک تەنیاترین.

دەست دەبەی جگەرەیەک دادەگیرسێنی، یەک دوو مـژی تونـد و خەست تا ناخت هەڵدەمژی، حەز ناکـەی وا زوو دووکەڵـەکەی بدەیـەوە دەرێ، بۆ ماوەی پشوویەکی درێژ لە زیندانی سییەکانت حەپسی دەکەی، پاشان بە هەموو هێزت دەیکەیەوە دەرێ. بـە شـوێنیدا بـە جگەرەکـەی دەستت بازنەیەکی دووکەڵی شین باو، دەخولقێنی. یەک بەشوێن یەکدا تاکوو حاندی سەربانی ژوورەکان، هەر دەڕۆن و هەراوتر دەبنەوە. پاشـان لە چەند لاوە لێک دەپچڕێنەوە، لە بەرچاو گوم دەبن. چاو لە ماسـییەکە دەکەی. ئەویش لە سەر سینگی حەوزەکە چەند بازنەیەک دەنەخشێنێ. بە نەرمی مەلە دەکا، زۆر سووک و بێ‌پەروا بە سەر ئاوەکەدا دێ و دەچێ، دەخوشێ و دەچێتە بن حەوزەکەوە، دێتەوە سەر ئاوەکـە، دەڵـێی کچـە سەماکەرێکی سەر شانۆیە، لەبەر چاوت بە بێ‌دەنگی سەمای بالە دەکات. دەربەستی هیچ شتێک نییە. بڵێی نێر بێ یـا مـێ؟ بـەم نەرمـە مەلەیـە، لەنجەولار و ڕەوتەدا دەبێ مێ بێ. «ئەگەر من وەک تۆ ماسی بووایەم، لە سووچێکی حەوزەکەدا ماتـەم هەڵـدەگرت. تـەنیا کاتێـک دەجوڵـام کـە

پەپوولەیەکی بەر تیشکی گڵۆپەکە دەسووتا و دەکەوتە نێو حەوزەکە، ئەوجا بە هەڵپە هەڵپ دەکەوتمە مەلە و هەڵمەقووتم دەکرد.» دڵنیای کچە سەماکەرێکە لە پێش چاوی تۆ سەما دەکا، عیشوە و ناز دەفرۆشێ، بۆ هاوتایەک دەگەڕێ. چاوەنواڕی دەکا هەر ئێستە ها کاتێکی تر لە لایەن دەرهێنەری شانۆوە، دۆستەکەی بنێردرێتە سەر شانۆ ئاخر مانای نییە پیاو لەبەر چاوی پیاوێکی تر، بێئەوە شتێک لە گۆڕێدا بێ خۆی بادا و خۆ بنوێنێ. ڕاکێشانی هەستی پیاو بۆزەلامێکی تر چ خۆشی و لەزەتێکی تێدایە.

شەپۆلی جەغز و بازنەی ئاوەکە لە لێواری حەوزەکە دەدرێ و دەمرێ، شوێن پێیان هەڵدەگری، بە سەر ئاوەکەدا دەڕۆی. لە بازنەی گەورەوە بۆ چووکتر، بۆ چووکتر . . . پلە پلە پێیدا شۆڕ دەبییە نێو حەوزەکە. ئێستا دوو ماسی سوورن لە نێو حەوزەکە، لە سەر جێوبانی نەرمی ئاو تێک دەئاڵێن. دەچنە بن ئاوەکە، قەپ لە کلک، سەر، پشت و ژێر سکی یەک دەگرن. دێنەوە سەر ئاوەکە، ئەو ڕادەکا لە دەستت، تۆش دەکەوییە سەری. دەیگریەوە، قەپ دەکەی بە لاملیدا، دەیکێشییەوە بن حەوزەکە.

ئێستا دەرهێنەری شانۆ ئاماژە دەکاتە تۆ، بەڵێ! تۆ، ئەرێ تۆ بچۆ سەر شانۆ، وەختی ئەوە هاتووە بچییە پێش، دەوری خۆت بگێڕی. بینەران چاوەڕوانن. بێ ئاگا وەک پیاوێکی مەست چوویە سەر شانۆ، دەستت کرد بە سەما، وەک ئەوەی لە منداڵییەوە هەر سەماکەر بووی. ڕەنگبێ لە سەماش زیاتر هیچ کارێکی کە نەزانی. کچە سەماکەرەکەش دەناسی، وەک ئەوەی سەدان سەماتان پێکەوە کردبێ. خاڵێکی ڕەش بە

لاچەنەگەیەوە، وەک موگناتیس کەمەندکێشی کردی. دەستی یەک دەگرن، تێک ئەنگووتن، لێک ئاڵان، ئەو شانۆیەتان ئەوا پێشکەشی بینەران کرد، بە بێدەنگی، بە بێ‌قسە، تەنیا بە سەما و هیچی تر . . .

ئەرێ هەر وابوو. کە تۆی دیت بزەیەکی شیرین کەوتە سەر لێوە سوور و گۆشتنەکەی. لێتی پرسی ماشێنی مەهاباد کامەیە؟ تۆش پەلەت بوو. خوا خوات دەکرد ماشێنەکە زوو پڕ بێ و بکەوێتە ڕێ. «ئەمەیە وەرە سەرێ» بە ڕواڵەت ئاشنا! بە دەمتەوە پێدەکەنی، وات هاتە بەر چاو لە دەمێکەوە دەیناسی، هەر چییەکت کرد هیچت بۆ نەچۆوە سەریەک. جانتایەک و کوڕێکی چوار پێنج ساڵانەی پێ‌بوو، هاتە سەرێ لە سەر کورسییەکەی بەر دەمت دانیشت. چاوی خومار کرد، بە پێکەنین و سووکە شەرمەوە وتی: ئەگەر ژنێکی‌تر هاتە نێو ماشێنەکە باشە ئەگینا تۆ زەحمەت بکێشە لێرەوە دانیشە، با غەیرەم نەیەتە لا. تۆش ورد بە چاوی مشتەری، وەک برووسکە سەرتاپاییت دا بەر زەین، بە پێکەنین و شەرمەوە «هەر چۆنێکی تۆپێت خۆش بێ». هەستای جێیەکەت گۆڕی، چوویە ئەوبەر لاجەو لاج کەوتن. بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە یان کەسێک گومانتان لێ بکات، بە جوانی دەتبینی. خێرا خێرا رووی تێدەکردی و دەیوت: «ئەوە کەی پڕ دەبێ؟» زوو زووش چارشێوەکەی بۆ دەکردییەوە. پێت سەیر بوو چۆن ئاوا یەکدا بەدوو لە گەڵت ڕێک کەوت. وەک ئەوەی لە زوویەکەوە نێزیکایەتی و کەین و بەینتان هەیە، حەز و خۆشەویستی، جوانی و پەتیارەیی لە دیمەنی دەباری. تۆش کێچ کەوتە کەوڵت, هەموو گیانت حەزی دەکرد و ختۆکەی دەهات.

سەری لێ هێنایە پێشێ، تۆش لەو بەرەوە لێی چوویە پێشتر، کە باش گوێت لە دەنگی بێ. وتی: «من پەلەمە بلێی وا زوو پڕ بێ؟» دەنگی ناسکی نەرمی گوێچکەتی ختیلکە دا، هاڵاوی گەرمی هەناسەی کوورەی نێرایەتی و تەنیایی دەماندی. هەستت کرد خوێنێکی گەرم و تازە بە گوڕ بە دەمارتدا دێ و دەچێ، ئاڵۆشێک کەوتە گیانت. کوڕە چکۆلەکە خۆی خوار کردەوە بۆ جانتاکەی بەردەمی، کراسەکەی هەڵماڵکا، پشتی وەدیار کەوت. تۆش بۆ ئەوەی قسەی لە گەڵ خۆشتر کەی، بە ئەسپایی دەستت برد کراسی کوڕەکەت داکێشا خوارێ. «پشتی داپۆشە، سارده سەرمای دەبێ» رووی تێکردی وتی: «تۆزەحمەت مەکێشە، زۆر سوپاس، دەستت خۆش بێ. چی لێ بکەم، زۆرم وت مەیە، ساردە. هەرچییەکی کردم بۆم رازی نەبوو.» هەستا سەرپێ، چارشێوەکەی لە ژێر خۆی دەرکێشا و خستییە تەنیشتی پاڵی پێوەدا وتی: «هێندە قورسە دەڵێی کوتەکە، ملەمای لێ بڕیوم.» سەری بۆ لای تۆ وەرگێڕا، گەردنی سپی و قەڵەوی وەدیار کەوت. دەتوت گەردنی پەیکەرە داتاشراوەکانی دەسکردی هونەرمەندانی یۆنانی کۆنی ناو موزەخانەیە.

تەختی سینگی وەک مەڕمەڕی سپی لووس و بێ گرێ بوو. کراسێکی سووری لە بەردا بوو. سپییەتی پێستی کردبووە بلوور، سوور و سپی چەشنی ماست و دۆشاو تێکچڕژابوون. دوو مەمکی وەک دوو هەناری سوور، لە سەر سینگی قوت وێستابوون. مەمکەوانەیەکی رەش بە چاوچنۆکی لە خۆیدا دەگوشی. دەگەڵ هەر پشوو کێشانێک تیژایی ئەو بەر و ئەمبەری گۆی مەمکی کراسەکەی لە سەر سینگی رێک دەکرد. هاوکات دەگەڵ پشوودان درزی مەمکی چاڵاییەکی نەرمی دەکەوتە نێو،

مردووی وە تەماح دەخست. پێی وابوو درزی دەروازەی بەهەشتە. هەوڵی دەدا بەو درزەدا شۆڕ بێتەوە خوارێ بۆ ناو بەهەشت. جار ناجارێک بە ئەنقەست رووی لە تۆ دەکرد، لە سەر کورسییەکە دادەهاتەوە. مەمکی وەک دوو زەردە بەهێی گەییو، لە سەر مەمکەوانەکەوە دیقەدیقەی پێدەکردی. هەموو گیانی ئاوری گرتبوو. وردە وردە تۆشی دەگڕاند. لووتێکی شووش و قەڵەمی، دوو چاوی بەڵەک، برۆی پەیوەست و کەوانی، خاڵێکی رەش بە لاچەنەگەیەوە، چەشنی مۆگناتیس سەرنجی پیاوی جڵەوکێش دەکرد. خاڵ . . . خاڵ ئەرێ هاتەوە بیرت؟ جارێکی تریش بەرەبەیانی رۆژێکی تووش و سەخڵەت هاوسەفەر بوون. لە سەر کورسییەکی یەک نەفەری لە پەناتەوە دانیشت، پانتۆڵێکی پیاوانەی هەڵکێشابوو، چارشێوێکی کۆنی بە سەرەوە، دەستی خستە بەر پشتێنەکەی و خۆی کشمۆڵە کرد، لە سەرمان هەڵدەلەرزی. تۆش بەزەییت پێیدا هاتەوە، سۆبەی نێو ماشێنەکەت هەڵکرد و پاڵت پێوەنا بۆ بەردەمی. ئەرێ ئەرێ راست خۆی بوو، زۆر باشت ناسییەوە. «بڵێی لە چی بگەڕێ؟» ئەورۆژە سەرنجی رانەکێشای، لات وابوو قاچاغ فرۆشە. شت و مەک دێنێ و دەبا، بەڵام ئەمڕۆ وا نەبوو. لە دوورەوە هەستت بە نەرمی و گەرمی لەشی شلکی کرد، گیانی دەدا بۆ تۆزێک، تاوێک حەجمین، حەوانەوە و توانەوە.

لاقی چەپەی خستە سەر لاقی راستەی، کەوشەکەی داکەند. دانەوییەوە گۆرەوییەکەی تا خوارێ داماڵی و هەڵیکێشایەوە. پوز و بەلەکی سپی و تورتی دەتوت بە سماتە سمڕاوە، جومگەی قولاپەی وەک قوڵە هێلکەی پاک کراو، سپی و خڕ بوو. چاوێکی لێ کردی . تۆش هەر

چاوێکت لێ بووە چوار چاو. پێت خۆش بوو لە بەری پێیەوە تا تەوقی سەری بە زمان بلێسییەوە، هیچ کوێی نەمێنێ پەی پێ نەبەی و لێت شاراوە بمێنێتەوە.

دوو سێ نەفەر موسافیر وەژوور کەوتن. تۆخوا خوات بوو کەسێکی ناسیاوت لێ وەژوور نەکەوێ، لێتان ببێتە درووی مەم و زین، ریسەکەت لێ بکاتەوە خوری. هەزار خۆزگە و بریات خواست ژنێکی تر نەیەتە نێو ماشێنەکە، بۆ ئەوەی خۆت بچی لە پەنایەوە دانیشی، تەک بدەی بە تەکییەوە. ران بە رانییەوە بنووسێنی، خۆت بکەیە گورگە خەو. چاوت لە سەر یەک دانێی، هەر نەبێ لە باخی لەشی جار جار شەوڕنێک بکەی. ژن و پیاوێکی پیر وەژوور کەوتن. بە حەسرەتەوە چاوێکی لە تۆ کرد، بە ژنەی وت: «تۆ لە لای منەوە دانیشە.» ژنە لە لای ئەو دانیشت و پیرەش چووە پشت سەریان. تۆ شڵەژای، داروبەردت دا بەر جنێو. «ئەم پیر و پاتاڵانە نازانم لە چی دەگەڕێن، پیرێژنی سەر ئاسن، لە هەموو شوێنێک دەبێتە ملۆزم، هەمیشە ملۆزمن».

دەگەڵ پیرەپیاو دەستی کرد بە سڵاو و چاکوخۆشی. وا دیار بوو ناسیاوییان هەیە، تەواو خەمت لێ نیشت، کارەکەت لێ تێکچێ. ئەو دەروونتی خوێندەوە، بە پیرە پیاوی وت: «دڵت نەتۆقێ تا دەگەینە مەهاباد با لێت دوور بێ، مەترسە رۆنیشی لێ ناگرم.» دەگەڵ پیرە جەفەنگی لێدەدا و دەئاخاوت، بەڵام چاوی لە تۆ نەدەترووکاند. پیرە باسی زۆر شتی ناسکی کرد، ئەویش هەموو جارێک چاوی تاق و جووت دەکردن، دەمی دادەپچڕی ئەیەڕۆیەکی دەوت. بە ئاستەم بە پەنجەی دەستی سووکێک بە لاڕوومەتی خۆیدا دەکێشا، بۆ ئیستێک سوورایییەکی

ئاڵ دەچزا ژێر پێستە سپییەکەی گۆنای. دەمی دەکردە گوڵ خونچە، لێوە سوورەکەی بە هەزار عیشوە و ناز، بە ئەستەم دەگەزت. ددانە رێک و مرواریبەکانی وەدیار دەخست. لە زەریای حەز و جوانیدا نوقمی کردی.

ماشێنەکە پڕ بوو، کەوتە ڕێ. رانت توند پێکەوە نووساند و خۆت وێک هێناوە، دوو سێ تەزووت پێداهات، هەستت بە گەرمییەکی خۆش کرد پاشان فێنکی، تەڕایی و خاوبوونەوە. پشووت سوار بوو، وەک کەڵ دەتمشاند، چاوێکت لێکرد، زانیت ئەویش وەک تۆ وایە. هەستی بە گەرم داهاتن و گۆڕانی تۆ کردووە، هەر ئەوەی مابوو لە بەر چاوی ئەو هەموو عالەمە، وەک لە قاتی و قڕیڕا هاتبێ هەڕاتکاتێ و بتخوا. بە ناچاری کتێبەکەی دەستت لێک کردەوە، چاوت وشەکانی نەدەدیت، بە سەر هێڵەکاندا دەخلیسکا. بە رواڵەت چاوت لە کتێبەکە بوو بە خەیاڵیش، لەشی رووت و نەرم و نیانی ئەو بوو لە ئامێزتدا دەتگەوزاند. زۆرت بۆ خۆت هێنا، کەمتر چاوی لێ بکەی. خۆت لە ژێر قورسایی ئەو هێزە موگناتیسییەی رزگار کەی. بەڵام تۆ مەست بووی مەست. ئەو قەلێکی رەش بوو لە سپێنەی چاو و مێشکتدا هێلانەی چێ دەکرد. تەنانەت ئەو هەوایەی کە هەڵت دەمژت، بۆنی ئارەقەی لەشی، بۆنی مێیینەیی ئەو بوو، کەپۆ و سییەکانتی داگیر دەکرد. بۆنێک وەک عەتری برینج، بۆنی پڵاو کە تازە دادەڕێژرێ.

خۆت بە نووسراوەی کتێبەکەوە خەریک کرد، زۆرت بۆ مێشکت هێنا [فرۆید دەڵێ دووری کردن لە غەیرە لەزەت، کە دەستکردی پێک هەڵپرژانی کردەوەی سروشتی نهێنییە (غەریزە). تەنیا لە رێی دابین کردنی پێداویستییەکانی سروشتی نهێنی لەگەڵ خۆشی و چێژ دێتە دی.

واتە لەزەت بردن زیاتر ڕاکردنە لـە دەرد و ئـازار، تـا وەدەسـت خـستنی لەزەت] ئەرێ دەبێ کاتی دابەزین پێی بڵێم «بڵێی خۆی جێگای ببـێ؟» کێ دەڵێ نا! بەو ڕووهەڵماڵدراوییەی‌ڕا دیـارە لـە سـەت ئـاوی وای داوە قولاپەی تەڕ نەبووە. «ئەی ئەگەر جێی نەبوو چـی؟» بـیرت کـردەوە زۆر جار کە ناچییەوە، ماڵێ دایکیـشت دەچێتـە ماڵـی خوشـکت یـان ماڵـی خاڵت، بڵێی ئەمڕۆش ڕۆژێک لەو ڕۆژانە نەبێ؟ دەی جا با لە ماڵیش بـێ. تۆ چ دەربەستی ئەوی. وەک دەیان جاری تر، بەرەو ماڵی خوشـکت یـان ماڵی براکەی بەڕێ دەکەی. جا با لە ماڵیش بێ. تۆ پەکت بە بوونی ئـەو ناکەوێ. ئەو لەو ماڵەدا بۆتە سێبەر، هەستی پێدەکەی و دەیبینی، بەڵـام نیشە. «ئەمەش وەک ئەوانی تر بە نێوی یەکێکەوە دەینرخێنم» دەیکەی بە کێ؟ هێندەت دایـک و خوشـک و ژنی دۆسـت و هـاوەڵ و هـاوڕێ و ناسیاو وەخت و بێ‌وەخت بردۆتـەوە، کەسـی وات بـە گورچـۆوە نـەماوە، نێودێری کەی. ئەگەرچی ئەو لەو کاتەوە کە بە سـەریدا گوڕانـدت، ئیتـر هیچ ناڵێ. ئەوجارەش زمانی سووتا هەر ئەوەندەی وت «خۆ زێـڕین ئـەو جارەی تر کە هات، قژی زەرد و چاوی شین بـوو؟» تـۆش گوڕانـدت بـە سەریدا، من چووزانم ئەم سەگبابانە هەر ڕۆژەی بە جۆرێک و بە مۆدێـک سەریان ڕەنگ دەکەن. جگە لەمەش، بە تۆ چی کێ بوو، تۆ سەری خۆت داخە و کارت بەوانە نەبێ.

تۆ جارێ لەوانە گەڕێ، چووزانی وایـە؟ «خـوا دەکـا لەگەڵـم دێ، وەک ئاو دەیخۆمەوە. لە پێلووی چاومدا حەشاری دەدەم.» زۆر ئـافرەت هەن هەستێکی پیاوانەیان هەیە، بە بێ‌مەبەست بـە دەم پیـاوی خـۆیی و غەیرەوە پێدەکەنن. ئەوەش لە متمانەیەکەوە سەرچاوە دەگـرێ کـە بـە

خۆیان هەیە، خۆ تەنیا پێکەنین و چاو لێکردن نابێتە بەڵگە لە سەری کـە وابێ. لە سەر کتێبەکەوە چاوێکت لێ کرد. ئەویش سیلای چاوی هەر لە تۆ بوو، پێدەکەنی و بۆت دەتریقاوە، هەموو گیانی هاواری دەکرد.چەشنی مرۆیەکی نەوسن ئیشتیای دەکردی، چاوی لـێ نەدەترووکانـدی، ئـاو بـە لالغاوەیدا دەهاتە خوار، زوویەکی قووتی دەداوە. خێرا خێرا چاوی خومار و لێوە سوورەکەی تەڕ دەکرد، تەنیا تۆزێکی مابوو لە خۆیدا بتتاوێنێتەوە.

برۆی بۆ لای پـیرەی پـشت سـەری هەڵـتەکاند، تێـینەگەیـشتی مەبەستی چی بوو. دوایەش چاوێکی لە تۆ قرتاند، بۆ ئیستێک سەری شۆڕ کردەوە. لە خۆشـییان شاگەشـکە بـووی، لـە خـۆت راخـوڕی «نـەموت! نەموت. کەی بە هەڵە چووی. ئەوە دووهەم جار بێ» تۆهەمیشە ناسیوتن، دەیانپێکی. ئارام و قەرارت لێ هەڵگیرا، ئـاوری دەروونـت وەک کـوورەی نێڵدراو وە لرفەلرف کەوت. ئەوجاریش بە تەواوی لە خۆت دڵنیا نەبووی، ئاوڕێکت بۆ پشت سەرت داوە. هەموو موسافیرەکانی پشتەوەت بـە سـەر کردەوە، کەس ئاگای لە ئێوە نەبوو، هەموویان سەریان نابووە نێو کەوڵـی خۆیان. ئەو کاتە تەواو خاترجەم بووی.

ماشێنەکە لەسەرەخۆ رێگای دەبڕی و ویڕەویڕی دەهات. گـەرمای نێو ماشێنەکە شووشـەکانی بـە تـەمێکی تـەنک داپۆشـیبوو، بـە دەسـت شووشەکەی بەر دەمـت خـاوێن کـردەوە، بـۆ دوور روانیـت. هەڵـۆیەکی تەنیات کەوتە بەرچاو، دەتوت بە ئاسمانەوە وشک هەڵگەڕاوە، باڵی لێـک کردبووەوە، نەیدەبزواند. «بڵێی بە دوای چیدا وێڵ بێ؟ تۆ بڵێی ئەویش لە نێچیر نەگـەڕێ» نـێچیر کاتێـک هەڵـۆ دەبینـێ خـۆ لـە بـن گـوێنی و ڕەوەزەبـەرد، حەشـار دەدات، نـاوێرێ ببـزوێ. بـرێک جـاریش چـاوی

دەقوچێنێ تا ئەو کاتەی هەست بە تیژایی چنگێک لە سەر جەستەی دەکا، دەبینێ لە مابەینی عەرد و ئاسمان مۆلەق وێستاوە. ئەوە دوا چاوکردنەوەیە. دوا ماڵئاوایی و دوا چاوپێکەوتنی ژیان و جوانییەکانییەتی. لە پڕ دەنووکێکی بەهێز، سەری هەڵدەپڕوچقێنێ. نێچیری ئەمڕۆت زۆر رژد بوو. تۆ خۆت لە ژێر کتێب و پەنجەرەی ماشێنەکە حەشار دەدا، خۆت لێ دەدزییەوە. ئەمڕۆ تۆ بوویە نێچیرێکی ترسەنۆک، ئەویش تەوارێکی بەشکۆ، بە سەرتەوە پەڕبازی دەکرد. جاری وابوو نەرم دەفڕی. دەتوت بە سەر ئاوەوە وێستاوە مەلە دەکات. جاری واشبوو بە تیژی دەهات و دەچوو، وەک بەرد لە ئاسمانەوە خۆی بەردەداوە! لە تۆ رۆدەهات.

بیرت لە ئازاد کردەوە، ماڵی ئەویش زۆر باش بوو، ئێستا کاتی ئەوە بوو بۆ زانکۆ بچێتەوە. تێیڕادەبینی پێی بڵێی بۆنیوەرۆش نەیەتەوە، پاروویەکی ئاوا چەور و قەڵەو، حەیف بوو ئاوا بە خێرایی بەری دەی. «بەشکم رازی کەم بۆ شەویش لە گەڵم بمێنێتەوە» هەروا کتێبەکەت لە پێش چاو گرتبوو. جار ناجارێ لە سەرەوە چاوت لێدەکرد و هەستت دەکرد ئەویش وەک تۆ وایە، ئاڵۆشێک کەوتۆتە گیانی، مەستە. لە جۆشە. لێوە لەرەیەکی سووک کەوتە سەر لێوی، پشووی سوار بوو. نەرمە مشەیەکی دەهات، بەڵگی لوتی کەوتبووە سەما، وەک فرفرە دەپەڕی. کە بۆ لای پیرە وەردەسووڕا خۆی لە کورسییەکەی هەڵدەساوی.

شاگردی ماشێنەکە مەقەستی خستە سەر هەودای خەیاڵت، داوای کرێ ماشێنی لێکردی. پڕ بە دڵ حەزت دەکرد کرێی ئەویش حسێب بکەی، دەستت کرد بە گیرفانی باغەڵتدا هێندێکت ئەسکیناسی ورد و درشت دەرهێنا، بەڵام ئەو چاوی هەر لە خۆت بوو. پیرە زوو پووڵی

ئەویشی دا، ئەو خۆی چەپكێك پووڵی دەرهێنا. سوور بوو لە سەر ئەوەی كرێی پیرە و تۆش حسێب بكات. پیرە لێی پرسی حەتمەن دەچێتە سەردانی ڕێبوار. «بەڵێ» دووبارە پرسییەوە قەراریان لە سەر داوە یان هەر وا ماوەتەوە؟ ئەو هەناسەیەكی هەڵكێشا «بەڵێ هەر ئەم حەوتووەی لێرە ماوە، پاشان بەڕێی دەكەن بۆ تاران» پیرە پرسی زۆری بۆبڕاوەتە؟ «ئەرێ وەڵڵا زۆرە» چاوێكی هەر لە تۆ بوو. لە بارودۆخەكەی دوایی نەترازا، بۆت دەشنییەوە، بە هەزار غەمزە و ناز ڕاوی دەكردی، دڵی تەنیاتی كەمەند كێش دەكرد.

ئەرێ لەگەڵی دەچمە دەركی زیندان، پاش چاوپێكەوتنی ڕێبوار دەیبەمەوە. «بڵێی ڕێبوار كێی بێ؟ لە سەر چی گیراوە؟» بێ گومان ئەویش قاچاغچییە، ماڵخۆرە، قاتڵە یان قەرزداری خەڵكە، چووزانم. ئەوەی هەیە تاوانێكی قورسی كردووە، بۆیە وا حوكمی زۆریان داوەتێ. لەو گەڕێم چاوی دەرێ. بەمن چی لە سەر چی گیراوە. چی لەو منداڵە بكەم، چۆن و بەچی بیخافڵێنم، كە لێمان نەبێتە دڕووی مەم و زین. «بڵێی ئەوانە بزانێ؟» ڕەنگە! گەورەیە، تۆ تەماشای بەختی من كە، كەس نییە پێی بڵێ تۆ ئەوە چییە لەگەڵ خۆتی دەگێڕی. دەبێ شیرینی و تۆپ و شتی وای بۆ بكڕم، پێیەوە بخڵافێ، تەلەفزیۆنی بۆ هەڵكەم. ئەگەر شریتێكی كارتۆنم وەگیركەوتایە، دەیكوشت، بە ڤیدیۆ سەرقاڵم دەكرد. ئینجا ڕووت ڕووتم دەكردەوە، سەت كەڕەتم چەنەگە و بەڵگی گوێی دەگەزت. هێندەم بەخۆوە دەگوشی و دەمژی، هەموو لەشیم وەك خۆم شین و ڕەش هەڵدەگێڕا. «نا! نا! چۆن وا دەكەی، ئاقڵ بە. نابێ وابێ، شوێن لە سەر لەشی بمێنێتەوە، حەتمەن كەسی هەیە، لێی وەشك

دەکەون. خۆ تۆ ناتەوێ هەر ئەم جارە بێ؟ ئیتر تەواو. هـا!» ئـەرێ نابـێ بیشەمزێنم.

چاوی هەر لە تۆ بوو، پێکەنی وتی: پیـاو چـۆن دەبـێ وابکـا، ژن و منداڵی بەجێبێڵێ؟ خۆی لەوێ بۆی دانیشتووە، ئاسوودە و بێخەیاڵ، نـە سەرما لێی دەدات نە گەرما، ئاگای لە حاڵی ئێمـە نییـە، ئـەوە ساڵـێکی رەبەقە گیراوە. ئـەوجار بـۆت روون بـۆوە رێبـوار مێردەکەیـەتی، مـاوەی ساڵێکە لێی دوورە، جوان و جەحێڵە، تەڕ و تازەیە، بۆیە وا ئاوری گرتووە. پێویستی هەیە، منیش هەر هەمە. ژن بە تەنێ ناتەواوە، پیـاویش هـەروا. ئەو دووانە پێکەوە کامڵ دەبن. زۆر لەمێژە هەردووکمان پێویستیمان بـە یەک هەیە و پێمانخۆشە. ئەوە مافی رەوا و ئینسانی خۆمانە، کەس بـۆی نییە بەرمان لێ بگرێ. حەیف نییە باخ بێ باخەوان بێ، داری بـەر وشـک هەڵگەڕێ، بەر بە دارەوە رەق هەڵگەڕێ؟ تۆخوا گوناح نییە شۆخی وا بـە تەنیا بخەوێ. پڕ بە پڕی سییەکانت بۆنی ئارەقەی لەشی هەڵمژی، بـۆنی مێی و تەنیایی، بۆنی خۆشی و لەزەت.

ماشێنەکە گەیشتە شاری، ئەو بـە پـیرەی وت: بـا لێـرە دابـەزین تاکسی زووتر وەدەست دەکەوێ. «من دەچمە کارێژ تـۆ فـەرموو» تـۆش رانەوەستای بە دوایدا دەستت دا جانتاکە، وتت تۆ فەرموو من ئـەوەت بـۆ دێنمە خوارێ. دوور لە خەڵکەکە بۆ تاکسی وێستان، دەستێکت بە سەری کوڕەکەی داهێنا. «رێیەکەمان لێک نێزیکـە، پێکـەوە دەڕۆیـن» ئـەویش وتی: دەبێ تاکسی دەربەست بگرین، ئەگینا نامانبـەن. دەسـتی کـوڕەت گرت و جانتاکەت دانایە سەر عەرزی. هەرات لە ماشێنێک کـرد، لـە بـەر دەمتان وێستا. «دەربەست بۆ مـەحموودکان» جانتاکـەت خـستە پـشت

ماشێنەکە و دەرکەی پشتەوەت بۆ کردنەوە، ئـەو کوڕەکـەی خـستە ئـەو لاوە، خێرا خۆت خزاندە پاڵی. بۆ ئەوەی سەری قسەی لە گەڵ دامەزرێنی «ئەم هاتوچۆیە بۆ دەکەی؟ بۆتۆ زۆر ناخۆش و زەحمەتە. بـۆ داوا ناکـەی مێردەکەت راگوێزن بۆ زینـدانی بۆکـان» وتی زینـدانی بۆکـان زینـدانی سیاسی وەرناگرن. ئەوێ جێـی لات و چـەقۆکێش، دز و پیـاوکوژە. مـن دەمزانی وای لێ بە سەردێ. سەت جارم پێوت. لێی پاڕامەوە، بە قسەی نەکردم، وەڵامی نەدامەوە. ئەو خەڵـکە هـەمووی لـە گـەڵ ژن ومنداڵـی خۆیان دانیشتوون، چ مەنزووریان منە؟ سەت کەڕەتم پێ وت! کوڕە بۆچی وادەکەی،لەوانە گەڕێ دەست هەڵگرە. بۆ کێی دەکەی. کـێ هەیـە پـێ بزانێ؟ تەزوویەکی توندت پێـداهات،ئارەقەیـەکی سـارد لـە نـاو جۆگـەی پشتت، شۆلاوگەی بەست. مەستی لە کەللەت پـەڕی، دەسـتت کـرد بـە گیرفاندا، کرێـی ماشـێنەکەت دا. «کاکـە لێـرە رایگـرە مـن دادەبـەزم» بێئەوەی چاوی لێ بکەی و فورجەی قسەیەکی پێ بدەی، بە تونـدی لـە ماشێنەکە هاتییە خوارێ، خۆت لە نێو کۆڵانێک راکرد. بـە بـێمەبەسـت، بەرەو شوێنێکی نادیار، بە پەلە لێیان دوور کەوتییەوە.

گوڵانی ١٣٧٧ (١٩٩٨/٤)

# چاوەڕوانی

**بۆ چاوەڕوانییەکانی یەسنا**

هاوینەڕێیەک کەوتبووە ناو زەوییەکانی ئەو. خەڵکی ئەو ناوە بۆ زوو گەیشتن بە جادەی قیلەتاو، ملی ئـەو ڕێگـەیان دەگرتـە بـەر. ئـەو وەک ئەوەی دایمە و دەرهەم لە سیپە دابێ، کەس نەیدەزانی لە کوێوە و کـەی دەردەپەڕێ. چەشنی سەگی یانیگر، ئاوقای ڕێبواری ئەو ڕێیە دەبوو. زۆر جار ڕێبواری لە نیوەڕێ گەڕاندبۆوە. چاوی دەقووچاند و دەمی دەکردەوە.

لـە قاوەڵـتوونێکی درەنگـی پاییزیـدا، جیـڕە جیـڕی داشـقەیەکی چکۆلـە، پـڕ لـە سـیپی تـرێ و باینجـان، بێـدەنگی ئـەو هاوینەڕێیـە هەڵدەلووشێ. ئەو وەک لە بنە بەرد دەرپەڕێ، ئاوقـای داشـقەکە دەبـێ. بەرزایی بارەکە، داشقەچی لە چاوی ون دەکات. لە پشتەوەڕا زۆر شـات و

شووت دەکات، بەڵام وەڵامێک هەست ناکا. بە هەڵـەداوان هەڵـدەکوتێتە سەر جڵەوی وڵاغەکە، دەیوێستێنێ. چاوی دەقووچێنێ، ئـەوەی دەیـڵێ نایڵێتەوە. بەرەو داشقەچییەکە دەچـێ. پێیـدا هەڵدەشـاخێ. کـە چـاو دەکاتەوە، بزەیەکی تەڕ و شیرین، جووتێک چاوی هـەنگوینی و قژێکـی کاڵ، دەستی پێ لە دەسکەوساری وڵاغەکە شـل دەکـا. چەشـنی دار لـە زەوی دەیچەقێنێ.

ئێستا ئەو هاوینەڕێیە بۆتە جادەڕێ. هەر دوو بـەری بـە شـۆڕەبی پەرژین کراوە. ئەگەرکوو هات و تۆش! ڕۆژێک بوویتە ڕێبواری ئەم ڕێیـە، کە ورد سەرنج بدەی، وا هەست دەکەی هەر دارێک، پیرەپیاوێکی سەر و ردێن درێژی پرچنە. بە پرتاو دێتە سەر ڕێت. بە پێـدزە، بـۆ یـەک نیگـا سەیرت دەکا. لە دواتەوە جێدەمێنێ، دەبێتە دار. دەلـەرزێ و بـە سـەر جادەکەدا دەچەمێتەوە.

ڕەزبەری ١٣٨٠(٢٠٠١/١٠)

# سەیتەرە

ڕەنگی دەموچاوی سپییەکی بێتامە. تەنانەت وردیلە دەمارەکانی ژێر گۆناشی، ڕەنگی خۆیان دۆڕاندووە. جوانـاو لـە تەوێـڵـییەوە بـەرەو هەنیەی شۆلاوگە دەبەستێ. تـاکوو لـە سـەیتەرەکە نزیکتـر دەبینـەوە، پشووی ئاستەمتر دێت. وەک ئەوەی کەسێک تونـد دەسـتی لـە قـوڕگی نابێ. مشەمشی تاکوو دووسێ کەسی پشت منیش، دەبیسرێ. چاوە سپی و ڕەشەکانی تۆوی شەرم دەوەشێنن. ژنێکی قەڵەوی لـە تەنیـشتە. هـەر دوو دەستی توند بە دەستی ژنە قەڵەوەی تەنیشتیەوە جەڕ دا. بەڵکوو بە یارمەتی دەستی ئەو، قەوەت بکاتە خۆی و خەلاسی بێ.

ژنە قەڵەوەی پەنای بە گوێیدا چرپاند: «ددان بە جـەرگت دابنـێ. ئەوە گەیشتینێ، ئیتر تەواو» دەستێکی لە تەڵەی دەستی ژنە دووگیانەکە ڕزگار کرد. بە ئەسپایی کراسەکەی لە سـەر زگـە هەڵمـساوەکەی ڕێـک

کرد. تیری بێدەسەڵاتی چاوی موسافیرێک چاوی ژنە دووگیانەکە دەئەنگێوێ. تۆزێک خۆی پێ کۆ دەکاتەوە. بێن لە سییەکانی هەڵدەخلیسکێ، نایەتە دەر. رووی لە ژنە قەڵەوەی تەنیشتی کرد. بە لۆخەلۆخ وتی: «رووسیا خۆم. حەیام چوو. خوای دەکرد ئەمجارە بە سلامەتی نەجاتم دەبوو، ئیتر تۆبە!»

ماشێنەکە لە بەر دەم سەیتەرەکە دەوێستێ. سەربازێک تازە خەتی داوە، دەرکەی ماشێنەکە دەکاتەوە، وەژوور دەکەوێ. چاو بە بن کورسییەکانی ماشێنەکەدا دەگێڕێ. وەک ئەوەی شتێکی زۆر بەنرخی لێ دزرابێ. نیگای لە سەر سیمای ژنە دووگیانەکە دەگیرسێ. دەپرسێ ئەوە بۆ وا رەنگی هەڵبزرکاوە. ژنە قەڵەوەی تەنیشتی لە بری ئەو وەڵام دەداتەوە: «برادەر! ئەو دووگیانە. سەخڵەتە، ناتوانێ قسان بکا. دەیبەم بۆ سەر حەکیم» سەربازە لاوەکە بزەی دێتێ. دەڵێ ئەگەرکوو خوای کرد بە سلامەتی نەجاتی بوو، حەتمەن ناوی بنێن بەهمەن. لە ماشێنەکە دادەبەزێ و دەرکە پێوە دەدا.

دەنگی نووکە نووکی گریانی ژنە دووگیانەکە، تا لە سەیتەرەکە دوور دەکەوینەوە بەرزتر دەبێ. وەک ئەوەی رووی لە هەموو جەماوەری نێو ماشێنەکە بێ. لە بەر خۆیەوە دەڵێ: «خەتای تۆ بوو. ئەگینا من چی و ئەوە چی؟» ژنە قەڵەوەی تەنیشتی بە بێئەوەی خۆی شلوێ بکات، دەستی کرد بە ژێر داوێنی کراسی ژنە دووگیانەکەدا. هەر جارە لایەک لە زگە هەڵمساوەکەی بەتاڵ دەکات. دەڵێ: «نەموت هیچ نییە. هەر هەوەڵجار تۆزێک زەحمەتە، ئیتر ترست دەشکێ».

گەلاوێژی ١٣٨١(٢٠٠٢/٨)

# نووسەر

کە نۆرەی گەیشتێ، بۆ خوێندنەوەی وتارەکەی، بانگیان کرد بچێتە پشت تریبۆنەکە. کەچی ئەو یەکسەر چووە بەر تریبۆنەکە! گوڵدانێک گوڵی لایلۆنی رەنگاوڕەنگ تریبۆنەکەی رازاندبۆوە. دەستی دایە گوڵدانەکە و لە تریبۆنەکە دووری خستەوە. پشوویەکی ئەرخەیانی هەڵکێشا. ئەو جار بە متمانەیەکی زیاترەوە چووە پشت تریبۆنەکە. لە سەرەخۆ، ورد. دەستی کرد بە خوێندنەوەی وتارەکەی. لای وابوو لە چاوی بیسەرانی کۆڕەکەوە، مرۆیەکی تەواوە.

سەرماوەزی ١٣٨٠(٢٠٠١/١٢)

# چەتە

بۆ عەلی. گ

ئەوەی دەیڵێن شک و گومانە و هیچی‌تر. ئەگینا کەس نازانێ، لە کوێوە و چۆناوچۆن سەری هەڵدا. کوت و پڕ وەک قارچکی پاش هەورە تریشقە، سەری لە ژێر خاک هێنابووە دەر. ناوەکەی پەتایەک بوو. بەرە بەرە خەڵکی ناوچەکە لە یەکیان دەگرتەوە، دووچاری دەبوون. رەنگە کۆنە برینێک بووبێ بە قووڵایی مێژوو، تەشەنەی کردبۆوە. هەر کەس بە پێی هەڵسوکەوتی ئەو لە گەڵ خۆیدا تەعبیری لە ناوەکەی دەکرد. ئەرچۆ! ئەرچۆ ناوێک بوو منداڵی ناو بێشکەی پێ ژێر دەکراوە. هێزی هەناو بوو، بۆ ڕێبوارێکی چۆڵەوانی، لە شەوی ئەنگوستەچاودا.

[٢]

حاجی عەلی گورگە دەڵێ: ئەو حیزبابە دەڵە دزە. خوێڕییە. من خۆم دیتوومە، گوارەی لە گوێی کچی هەشت نۆ ساڵانە داقڵیشاندووە. قامک و دەستی ئافرەتی بۆ ئەوەی زێڕەکەی دانەماڵکاوە، بڕیوەتەوە. ئەو سەگبابە، ڕەفیقی قافڵەیە و شەریکی دزە. لە گەڵ ئەمنیە و قوڵە شین ڕێک کەوتووە. بەچی دیارە خۆی پیاوی دەوڵەت نەبێ؟ فێرکرابێ. کردوویانەتە سەر ئەو خەڵکە. لەم ناوە ئاژاوە بنێتەوە، بۆ ئەوەی پێی دەوڵەت لەم لایە زیاتر بکرێتەوە.

[٣]

زێڕینە قیتە لە سەر کانی، بۆ ژنانی گێڕاوەتەوە. ئەو جوانمێرە. بە ڕاستی جوانمێر ناوێکە تەنیا لەو دەوەشێتەوە، تەنیا شیاوی ئەوە. ئەرچۆی لە هەموو شێخ و مشایەخان پێ گەورەترە. هەموو پیر و چاکی وڵاتی کردووە، لە هیچ کوێیە، مرادی دڵی حاسڵ نەبووە. وتوویەتی خۆی و سیامەند ماوەی هەشت ساڵ دڵیان بە یەکەوە بووە. لەو ناوە کەس نەمابوو لە لای باوکی نەیکەنە تکاکار. قسەی باوکی هەر یەک بوو. نا!

تا ئەو ڕۆژەی لە گەڵ چەند دەستە خوشکی دەچنە گیا کردن. بە دەم گیا کردنەوە هەر کەس لە بەر خۆیەوە ویرە ویرێکی کردبوو. زێڕین بە بێ ئاگا، دەنگی هەڵبڕیوە، ڕازی دڵی بە گوێی «با»دا چرپاندووە. کاتی گەڕانەوە کوڕێکی جوانکیلانەی بۆشناخ، هاتۆتە سەر ڕێیان. وتوویەتی کێهەیان بووە ئاوا بە سۆز گۆرانی چڕیوە. کچەگەل تریقابوونەوە. کچێک وتبووی ئەوەی تۆ لێی دەپرسی خاوەنی هەیە. درەنگ هاتووی. دیسان

هەموو لە قاقای پێکەنین دەدەن. کچێکی‌تر وتبووی، لە مێژ ساڵە دڵی لە گرەوی یەکی تر دایە. خوا غەزەب لە پیاوی کەللەڕەق و ناحاڵی بگرێ.

وتبووی زێڕین. شەوێک ناخافڵ، سیامەند و مەلا و چوار کەسی تر خۆیان کردووە بە ماڵی ئەواندا. لە ترسان زەندەقیان چووە. یەکێک لەو چوار کەسە ئەرچۆ بووە. میرزای باوکی زێڕین کە چاوی بە چاردە خۆرەکەی کەوتووە، تا ماوەیەک زمانی شکاوە. زێڕین وتوویەتی پێشتر غەیری ئەو جارەی کە چووبونە گیا کردن، نەیدیبوو. نەیزانیوە کێ حەکایەتی دڵداری ئەو و سیامەندی بۆ گێڕاوەتەوە.

ئەو شەوە هەموو پیاوەکانی ماڵێ لە ترسان لە دیوێک کۆ بوونەتەوە. ژنانیش خۆیان لە پشت دەرکە مەڵاس داوە. چاوەڕوانی رووداوێکی تاڵیان کردووە. ئەرچۆ رووی کردۆتە باوکی زێڕین وتوویەتی میرزا، من حورمەتی پیاوی خوێندەوارم زۆر لە بەرە. نامەوێ سەرشۆڕت کەم. بۆیە مەلا و ئەو شایەدانەم هێناوەتە ماڵت. بڵێ ئێستا مەلا، زێڕین لە سیامەند مارە بکات. ژنان لە پشت دەرکە پشوویەکی ئەرخەیانیان هەڵکێشاوە. زێڕین لە خۆشیان شاگەشکە بووە. هەر بەو شەوە مارەیان بڕیوە. ئەرچۆ خۆی پووڵی زێڕ و جلە بووکی داوە. ئەرچۆ وتوویەتی دەبێ لەم حەوتووەدا هەموو کارێک بەڕێوە بچێ، ئاو بە ئاوردا بکرێ. زێڕین وتوویەتی ئەو تەنیا بووکی ئاوایی بووە لە کاتی بووکێنیدا، گوللەی بە سەردا هەڵتۆقاوە. ئەرچۆ دوو ریز بڕناوی بە سەر بووک و زاوادا تەقاندبۆوە. [٤]

ئەمنیە چرچە دەڵێ: خوا ئەرچۆ بۆ ئێمە بپارێزێ. ئەو بۆ ئێمە لە شا بەکەرەمترە، رەبی هەر راوەستاو بێ، دەی تریش لە ناوچەکانی تر

قوتکاتەوە. ئەگەر پیاوی وەک ئەرچۆ نەبێ، ئێمەمانان لەم پاسگایە ئەسپێ کەلاکمان دەخات. دەوڵەتیش پێمان نازانێ. لە سایەی سەری ئەرچۆیـە، هـەموو سـەری مانگێـک رێـک حـەقی خۆمـان بـە زیـادەوە دەدەنــێ. خواردەمەنی و فیشەکمان بۆ دەنێرن.

ئەمنیە چرچە پیاوێکی زۆر بەزافتەیە. ئـەم قـسانە لـە لای کـەس نادرکێنێ. ئەو ئەم قسانەی بە سەرجووغە دەگوت، کە فیشەکی پێدا بەڕێ دەکرد بۆ ئەرچۆ. زۆریشی ئامۆژگاری کرد، کەس بەم کارە نەزانێ. ئەگینا سەروماڵیان تێدا دەچێ. سەرجووغەش ئـەوەی تـەنیا بـۆ خـەجێ لارەی دۆستی گێڕابۆوە.

[٥]

مینەقرخە دڵی بە خەجێ لارەوەیە. هـەرچی دەکـا خـەجێ دڵــی ناداتێ. خەجێ بێوەژنێکی قسرە، منداڵی نابێ. مینەقرخە ماوەیـەکی زۆر خۆی لێداگرت، تاکوو بۆی مەعلووم بوو، خەجێ لە بەرچی دڵــی ناداتــێ. سـەرجووخە بـە دزی و ئاشـکرا، هـاتوچـۆی دەکـات. مینــە لای وایــە سەرجووخە ژنخواز نییە. ئەویش بێوەژنێکی قسری وەک خەجێلارە! لێی روونە پیاوێکی نیزامی، ژنێکی وەک خەجێ ناخوازێ. ئـەوەش کـە هەیـە تەنیا بۆ دەس‌گەرمکردنەوە و رابواردنە، هیچی‌تر. رۆژێک مینەقرخە دەمی سووتا، هەر ئەوەندەی بە خەجێ وت: «ئەگەر سەرجووخە راست دەکـا و پیاوە، بڵێ با بتخوازێ. ئەگینا من سبەی شەو دەتخوازم.»

بەیانی زوو مەئموور هاتە سەرم، بردمیانە پازگا. بێ‌ئەوەی هیچم لێ بپرسن،پاوانیان لە لاق و کەلەبچەیان لە دەستم دا. تاکوو بانگی شێوان لە تەویلەی ئێستریان کردم. شەو پـاش مەلابانگـدان، سـەرجووخە و چـوار

سەرباز، بە نۆرە تا بەرەبەیانی، هەموو گیانیان بە قەمچی کردمـە کفتـەی کوتراو. هیچ کوێمیان نەدەپاراست،لە سەرخۆم دەچووم. سەتڵێک ئاویـان پێدادەکردم تا دەهاتمەوە سەرهۆش. هێزی هـاوار کردنیـشم لـێ بـڕابوو. بەرەبەیان چاویشیان بەستم. لەگەڵ دوو سەرباز، بە جیب بەڕێ کـرام بـۆ پادگانی شار.

لە پادگانی شار، بە تاوانی چەتەیی و کوشتنی خەڵـکی و دژایـەتی دەوڵەت، بە دوو ڕیز فیـشەک و بڕنوویـەکی قوڵـە ـ کـە تـەنیا لـە کـاتی دادگاییدا دیتمن ـ بە ئیعدام مەحکووم کرام. بەڵام من نەچوومە ژێر هیچ تاوانێکەوە. دووبارە بەڕێ کرامەوە بۆ پادگان. چـاوت ڕۆژی بـەد نـەبینێ. هیچ شتێک نەما لەگەڵم نەکەن، بۆ ئەوەی ددان بەو تاوانە نەکردراوانـەدا بێنم، کە پێی تاوانبار کرابووم. هەزار جار مەرگم بە ئاوات دەخواست.

چاویـان دەبەسـتم. لـە ژوورێکـی چووکـەدا، بـە دەوری خۆمـدا دەیانسووڕاندم. جارێک دەیانگوت خۆت دانەوێنە با سـەرت وە دەرکـە نەکەوێ. لە سەر چۆکان دەڕۆیشتم. جارێک دەیانگوت هەستە سـەرپێ، لە پڕ شەقە لە سەرم هەڵدەستا. سەرم وە سەردەرانەی دەرکە دەکـەوت، خوێن فیچقەی دەکرد. سەرباقی ئەوەش وەبەر شـەپانیان دەدام. دەیـان گوت سەگباب کوێری، مەگەر من نەمگوت سەرت دانەوێنە. پێدەکەنین. پاشان دەیانبردمە ژوورێک، لە سەر تـەختێک دەیـانبەسـتمەوە. پـاش ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی، دەهاتنە جەستەم. هەتا دەیانتوانی بە سـیمی بەرق، لە بەری لاقمیان دەدا. جاری وابوو تـاکوو دە ڕۆژ لـە سـەر قـوون دەڕۆیشتم. هەموو میزەکەشم دەبووە خوێن.

زۆر شەو دەمەو ئێواریٚ، لە دەرکی ژوورەکانیـان دەدا. دەیـانگوت، ئەمشەو نۆرەتە. خۆت ساز کە. کوتە کاغـەزێکیان دەهاویـشتە ژوورەکـە، دەیان‌گوت وەسیەت بکە. رۆح دەهاتە سەر لووتم. بە بیستنی خشەیەک، دەمردم و دەژیامەوە. بەربەیانێک هاتن. لـە ژوورەکـەم بردمیانـە دەریٚ. هێزی لاقم نەبوو. دوو کەس دەستیان وەبن پیلم دا. تا بن دیوارێـک بـە عەرزیدا راکێشیان کردم. چاویـان بەسـتم. بـە بـژاردنی ژومـارەی ســیٚ، دەسرێژێک کرا. لام وابوو مردووم. ئەوەی بـە پێـوە ویـشکبووە رۆحمـە. گەرمییەکم لە ناوگەڵوسەر لاقم هەست کرد. لام وابوو خوێنە. بیٚئەوەی بە خۆم بزانم وەک شتێکی نەرم و لینچق، بە دیوارەکەدا داچۆڕام.

دەنگی قاقای پێکەنینی چەند کەسێکم هاتە گـویٚ. لام وابـوو ئـەو مەلایکەتانەن پاش مردن، بۆ سوئالوجواب دێنە سەر پیاو. کەسێک گوتی ئەو سەگبابە لێرە لابـەن، بۆگـەن ولـاتی هەڵـگرت. دووبـارە دوو کـەس دەستیان وەبن پیلم دا، بەرەو ژوورەکەم بە عەرزیدا راکێشیان کـردم. لـە ناو ژوورەکەش باوەڕم نـەدەکرد، زینـدوو بم. ئەگـەرچی دەسـت و لاق و چاویشم کرابوونەوە.

ئەگەرچی جگە لە تاریکی چی ترم نەدەدی. حیسێبی رۆژ و مانگ و ساڵم لیٚ‌تێکچووبوو. لام وابوو هەر لەو رۆژەوەی کە دونیا دانـراوە، ئـەم جەحەندەمەش بۆ من ساز کراوە، کە تێیدا بژیم. لە مەحکەمە قـازی وتی من زۆر کەللەڕەق و سەگ‌گیانم. شەش مانگە گـیراوم. ددانم بـە تـاوانی خۆمدا نەهێناوە. ئەگەرچی هیچیش لە گۆڕێدا نەبوو. ئـەوجار بـە تـاوانی هاوکاری لەگەڵ دژی شۆڕش، بە حەفسی دایم مەحکووم کـرام. دووبـارە حاشام کرد، پاڕامەوە، لالامەوە، کەڵکی نەبوو.

برامەوە بۆ پادگان. شوێنەکەم کەمێک خۆشتر بـوو. لـە ژوورێکـی سێ لە چواردا سی کەسی تێدابوو. بە نۆرە دەخەوتین. هەر شـەوێک دوو سێ کەسیان دەبـرد، ئیتـر نـەمان‌دیتنـەوە. جـاری واشـبوو سـێ چـوار کەسی‌تریان دەکردە نێومان. کەس نەی‌دەوێرا لە گەڵ کەس قسە بکات، هەموو گومانمان لە یەک دەکرد. چاوپێکەوتنی خـزم و کـەس لەگۆڕێـدا نەبوو. نێوە نێوە بیراز دەکرام. لەو ماوەیە کە لەوێ بووم، دوو جار برام بـۆ حەمام. ئەویش تەنیا فریای خۆتەڕ کردن کەوتم. خواردن چـی وا نـەبوو، تەنیا بەشی ئەوەی دەکرد نەمرین.

پاش شەش مانگێ کە بردمیانەوە بۆ مەحکەمە، قازی بە بێ‌ئـەوەی سەری هەڵبڕێ و چاوم لـێ‌بکـات، بـە تـاوانی ئـەوەی هاوکـاری پازگـام نەکردووە، بە پازدە ساڵ حەفس مەحکوومی کردم. ئـەوجار لـە زینـدانی پادگانڕا گوێزرامەوە، بۆ زینـدانی شـار. وەزع لـەوێ باشـتر بـوو. ئەگـەر خواردن نەبوو، لێدانیش نەبوو. لەگەڵ دە کەسی‌تر لـە ژوورێکـدا بـووین. جلم دەشۆرد، ژوورەکەم دەماڵی، چایی و نانم ساز دەکرد. زۆربـەی ئـەو کەسانە دەوڵەمەند بوون، نانی زیندانیان نەدەخوارد. تێکڕا پووڵـیان دەدا، لە دەرەوەی زیندان شتیان بۆ دەهات. خۆیـان خواردنیـان سـاز دەکـرد. پاش دوو ساڵ وەبەر عەفوو کەوتم، خەلاسیم هات.

پاش بەربوون لە زینـدان، گەڕامـەوە بـۆ دێ. کـەس لـەو هـەموو خەڵـکەی دێ، پێـشی ئـەوەی خـۆم بناسـێنم نەیناسـیمەوە. تەنانـەت خەجێش. کاتێـک خـۆم پـێ‌ناسـاند، لـە پرمـەی گریـانی دا و هەڵـات. ناحەقیشیان نەبوو، ئەو رۆژەی پاش شەش مانگی هەوەڵ، کە بەیانی بڕیار بوو بمبەن بۆ مەحکەمە. شەو هاتن وتیان بچم بۆ حەمام، سەلمانی هـات

سەر و ریشی بۆ تاشیم. کاتێک ئاوێنەی رووبەڕووم راگرت، سەرم سوورما. ئەو کابرایە کێیە، لە پڕ پەیدا بوو. سڵاوم لێکرد. کابرای سەلمانی لە قاقای پێکەنینی دا، گوتی وەعەلێکمە سەلام. برالە ئـەوە وێنـەی خۆتـە، چەنـد مانگە خۆت نەدیوە. پێم سەیر بوو من لـەو ماوەیـەدا، چـۆن ئـاوا سـەر و ردێنم سپی بووە و پیر بووم. لام وابوو رەنگە ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە، من حیسێبی مانگ و رۆژ و ساڵم لێ‌تێکچووە.

کاتێک کە گەڕامەوە بۆ دێ، دوهەم مانگی بەهار بوو. لە دێ وەدەر کەوتم. رووم کردە دەشت و کێو و سەحرا. بۆ ئەو شوێنانەی کە مـەکۆی بیرەوەری منداڵی و لاویم بوون، کە لەگەڵیان ژیـابووم. دڵـنیا بـووم ئـەم شوێنانە سەت هێندەی‌تریش شێوەم بگۆڕدرێ،دەمناسنەوە. خـاک قـەت رۆڵەی خۆی لێ گوم نابێ. بە بۆن، هەر بە بۆن دەمناسێتەوە. وەک مـەڕ چۆن بەرخی خۆی دەناسێتەوە. دەچوومە هەر شوێنێک، چینێکـی بـاش دەگریام. لە سەر کانی سەنگەران تووشی حەسـەن شـوان بـووم. مـەڕی نیوەڕۆی مۆڵدابوو. چوومە لای. پێش ئەوەی قسەیەک بکات، خۆمم پـێ ناساند. ئیتر وەڕەز ببووم لەوەی بە کەسی‌تر بـڵێم مـن کـێم، جـا چـۆن نامناسنەوە! ئەمە راستیەک بوو،من ئەو مرۆڤەی جاران نەبووم. خەڵکیش ناحەقی نەبوو نەمناسێتەوە.

حەسەن شوان بۆی باس کردم کاتێک ئەرچۆ ئاگادار بووە، مـن بـە نەخشەی سەرجووخە و خەجێ لارە، تـا پێـی دار چـووم. دەچێتـە سـەر خەجێ لارە و سەرجووخە. گوتوویەتی لـووتی خـەجێ دەبـڕێ و سـەری دەتاشـێ، سـواری کـەری دەکـات. دێ بـە دێ دەیگێـڕێ. نێفـەکی سـەرجووخە دەبـڕێ و ئـەتکی دەکـات. پاشـان بـە گوللەیـەک سـاردی

دەکاتەوە. سەرجووخە وەخۆ دەکەوێ، بە یارمەتی مەلا و کەیخودای ئاوایی و ناسیاوی شار، کاغەز دەنووسن کە من بێتاوانم. راپۆرتی درۆیان لێداوم. دوایەش پازگا کاغەز دەنووسێ، کە من لەگەڵ کەسێکی‌تر کە ناو و شۆرەتمان یەکە، لێ‌تێکچووە. ئەو رای کردووە، من لە بری ئەو گیراوم.

[٦]

حەسەن شوان لە ماوەی شەوگاری زستان، لە چەقەخانەی مزگەوتی دێ، تەنیا باسی ئەو بوو بۆ کوڕە جەحێڵلانی ئاوایی دەگێڕاوە. دەگێڕێتەوە شەکێکی بۆ کوشتۆتەوە، بە تەنیا خواردوویە. دیتوویە گوێرێژەکەی بە کورتان و تێرەوە کردۆتە قەڵاندۆش، تاکوو نوچکی شاخەڕەش داینەناوە. دەڵێ ئەنگێوەیەکە موو هەڵدەگرێ. هەر ئەوەندەی دەست بداتە شاخی، ئاوڕ لە سەت تفەنگچی ناداتەوە. دەڵێ لە شەڕەکەی پاردا خۆی چاوی تێوەبووە، کاتێک کەوتۆتە بۆسەی جاشەکان. بۆ ماوەی نیو سەعات لە دوو لاوە، بە بیست کەس یەکبین دەسرێژیان لێکردووە. لای وا بووە ئەگەر هەزار گیانی پێ بووبێ، یەکیان دەرنابات.پاش ئەوەی هەموو دڵنیابوون پێکاویانە، دیسانیش نەیانوێراوە لە جێی خۆیان ببزوون. قەدەرێک پاش بێدەنگیەکە بۆڕەی لە یەکیان هەستاندووە. تەنگ بە ئەمنیە و جاش هەڵدەچنێ. تا تاریکان شەڕ دەکات.

بەیانی کە تەرمەکان بە خەڵکی ئاوایی کۆ دەکەنەوە، سێ کەسی کوژراو پێنجی لێ بریندار کردبوون. حەسەن شوان دەڵێ دوو رۆژ دوای شەڕەکە، بۆی دەرکەوتووە لە بۆسەکەدا ئەنگێوتراوە. شوێن خوێنەکەی گێڕاوە، تا گەیوەتە دوندی شاخی. لە بنە بەردێک هێندێک خوێنی دیتۆتەوە. وەک کەڵیان لێ کوشتبێتەوە. دەڵێ بەو هەموو خوێنە رژاوەدا

لام وابوو لە بنە بەردێک، ڕەوەزێک مردووە. ئێستا نـا ئێـستا تەرمەکـەی دەدۆزمەوە. ئەو ناوە هەمووی ورد دەپشکنێ. هیچی دەس ناکەوێ. پاش ماوەیەکی زۆر، قاچاغچی و تـووتن فـرۆش لـەو دیـو دیبوویـان. لاقێکـی کەوتبووە ئەو لاوە. بە تاقە لاقێک خۆی کردووە بەو دیودا. لە گەڵ گیای بەهار گەڕابۆوە.

[٧]

حەمە کەتەش ئاوامان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو بـانگی بـە گوێمـدا دا و ناوەکەمی گـۆڕی. لـە پـاش ئـەو ئێـوارە شـووم و نەگبەتـە، نـاوم گـۆڕا. ئێوارەیەکی درەنگی مانگی خەرمانان بـوو. خـەرمانم سـوور کردبـوو. بـە تەنێ، خەریکی تایـە داگـرتن بـووم. ئـاورم کردبـۆوە، قەرەوێـڵە گیـزەی دەهات. ڕێبوارێکی باڵا بەرزی باریکە، لە دوورەوە بەرەو من دەهات. زمانم بە برین چێ، سێ چوار جاران گازم کرد. وەک ئەوەی لـە گـەڵ ئەویـشم نەبێ وابوو. وەها لەماڵی فکر و خەیاڵ ڕۆچووبوو، ئاگای لـە مـەحموودی بێزەواد نەبوو. وەک ئەوەی لە عاسمان و شتی وا بفڕێ. دەمزانی غەریبە. قەتم لەو دەور و بەرانە نەدیبوو. خوڵکی چایەکم کرد.

دەم و چاوێکی ویشک و ڕەق. کەپۆیـەکی قـنج. چاوەکـانی ورد و ڕەش. وەک چاوی ماری زیتەیان دەهات. دوو چـام بـە دووی یەکـدا بـۆ تێکرد. دڵم بە خەلەوخەرمان خۆش بوو. قەرزی کەسم لـە سـەر نـەبوو. دەنگیشم، ئایش کاتێک قامان دەڵێم، گەپم پێ نـادەن. خەڵـکی دەڵـێن ناخۆش نییە. یەک دوو قامم بۆ گوت. زانـیم ماوەیـەکی زۆرە هەڵـوەدای شتێکە. زۆر بە غەریبی گـوتم. گریانـدم. بۆکـڕووزی هەناسـەییم دەدی. پاش ئاگردانی جگەرەیەک، بە بێ ئەوەی چاوم لێ بکا وتی: «تۆ بۆ؟» بۆ وا

غەریبی دەکەم. دڵنیایە ژن و منداڵم هەیە، بۆ ئەوە نابێ گراوم هەبێ. گوتی وەک ئەو لە لان راو نەنراوم و ئاوارە و پەڕیوەی وڵات نیم. لە ماڵی خۆمم. پانتای دونیای خەیاڵی من، لە جەغزی خەرمانەکەم تێناپەڕێ. زیرەک بوو، دەیزانی نان و تووشم هەیە. کایەکەش ئەگەر زستانەکەی زۆر تووش نەبێ، بەشی بیست سەر ئاژەڵی وردە و دوو مانگای تا بەهار لێ پەیدا دەبێ. گوتی: «دەی ئەم خەمە قورسە چییە؟» بۆ وا غەریبی دەکەم.

قسەکانی زۆر رێک و پێک و جوان بوون. بە دەم و راوێژیدا دەمزانی دەست و پێ سپیلکەیە و خەڵکی شارییە. بەڵام سەیر بوو، شارەزای هەموو گیر و گرفتەکانی لادێ بوو. وەک ئەوەی حەوت پشتی لە دێ ژیابێ. من لە مەجلیس و شتی وا جارجار قسان دەکەم. خەڵکی ئەم ناوە پێم دەڵێن، حەمە زۆر قسەزانە. زمانی لە ئاست کەس گۆڵە ناکات. حەیف بڕێکی سەواد نییە. ئەگینا بۆ مەجلیسی شای ئێران دەبێ. منی ماڵ وێران و مل بەکوێن، بۆ ئەوەی پاساوی قسەکانی ئەوم دابێتەوە، باسی ئەو چەتەیەم کرد، کە تازە لەو ناوە سەری هەڵدابوو. ناوەکەیم لەم و لەو بیستبوو. لە هەموو ماڵان باس، باسی ئەو بوو. لە هەوەڵەوە قسەکانی ئەوم سەرەوقوون کرد.

کاکی خوم چ بڵێم. لە کوێوە دەس پێ بکەم. شوکر بۆ خوا جەرگم نەسووتاوە. ئەوەش راستە پانتای دونیای خەیاڵی وەرزێڕ، لە جەغزی نان و تۆو و تفاق تێناپەڕێ. بەڵام سەرباری ئەوانەش، مـن خۆم دەردم زۆرە. برالە خۆشی لە هیچ شوێنێک نەماوە. راستە دەغڵ و دانەکەم باشە، بەڵام

دڵم پێی خۆش نییه. برابەش زۆره. کاتی کار هەر بە تەنێی، کەس نییـه. حاسڵ پێگەیشت لە سەت لاوە، بە سەت نێو دەگەنیّ.

گوتی: «زۆر قەرزداری؟» گوتم ناوەڵڵا برالـه. کابرایـەکی چەتـەی سەگباب، لەم ناوه پەیدا بووه. وەک گورگ بکەوێتە ناو رانە مەڕ. کەسـی بە ساغی نەهێشتۆتەوه. عالەمی رووتاندۆتەوه. هـەر رۆژه دەنێرێتـە سـەر کەسێک، بۆ پووڵ. حەوتوویەکە کردوویەتە سـەرم، بـۆ دووسـەت تمـەن. هەراسی پێ هەڵگرتووم. گوتوویەتی ئەگەر نەیدەم، هەر دوو گوێم خشت دەبڕێ. خودا دەیزانێ تەنیا سەت تمەنم هەیه. کابرای ڕێبوار گوتی: «جا ئەوه راسته» گوتم بەڵێ بەڵێ. پرسیاری کرد کێ ئەو راسـپاردەیەی پـێ گەیانـدووم. گـوتم برالـه ئـەوه بـە راسـتته. ئـەو سـەگبابە لـە کـەس ناپرینگێتەوه. هێنده چاو قایمه، باکی لە کەس نییه. بە رۆژی روون دێته ناو ئاوایی. کەسی نەناردووه. خۆی سـێ جـار هاتۆتـە سـەرم. بـەربینگی پێگرتووم بۆ دووسەت تمەن. ڕێبوار پرسی ئەو چەتەیە ناوی چییـه. مـن گوتم ناوی ئەرچۆی قوڕمساغه. ڕێبوار گوتی: «مەعلووم ئەرچۆ خۆی بـوو داوای پووڵی لێ کـردی؟» گـوتم بەڵـێ. بـێ قـەزا بی. بـۆ کـوێرم؟ وای دەناسم، کەردار کەری خۆی وا ناناسێ.

کابرای ڕێبوار بە هێمنی گوتی: «سەگی سەگباب خۆتی. قوڕمساغ خۆتی. من ئەرچۆم» کەی من ئەوم دیوه. کەی وتوویەتی پووڵی دەمـێ. هەر پێم وابوو شۆخی دەکا، سەر دەخاتە سەرم. هیچ وە قەد و قەڵـافەتی نەدەچوو. دەستی بـرد بـۆ بـەر پـشتێنەکەی. چـاردەخۆرێکی دەرهێنـا، خستیه سەرپێ. چاوم بە لوولەی چاردەخۆرەکەوه شەقیلەی دا. قەڵافەتی گەوره و گەورەتر دەبوو. بە جۆرێک لە بەر چاوم خەریک بوو دونیـای پـڕ

دەکرد. گوتی دەزانیٚ دوو سەت تمەنم هەیە. دەبیٚ بیدەمیٚ، ئەگینا هەر دوو گوێم خشت دەبڕیٚ. هەرچی پاڕامەوە و لالامەوە. گووم خوارد، کەڵکی نەبوو.

سەت تمەنم لە ناو پزووی پاتۆڵەکەم شاردبۆوە، دامیٚ. گوتم ئیزنم بدا با ئەو گەنمە بفرۆشم، سەت تمەنەکەی دیشی دەدەمیٚ. دەستی برد بۆ گیرفانی. چەقۆیەکی سەرتاشی دەرهێنا. من وەک دار ویشک هەڵگەڕابووم. ئەو لایەکی لە ئاتەکی کەواکەم بڕی، نایە سەر ئاورەکە. بە بیٚ ئەوەی بە خۆم ئاگا بکەم، گوێیەکی لە بندا خشت بڕیم. کەوا سووتاوەکەی کردە بۆسۆ، نایە سەر برینەکەم. گوێچکە بڕاوەکەشی خستە ناو قولی مستم. گوتی: «بیبەوە بۆ ماڵیٚ. لە ناوەڕاستی ژوورەکەت، بە بزمار هەڵیواسە.»

ئیتر لەو کاتەوە، لەو ئێوارێیەوە کە بانگی بە گوێمدا دا، بوومەتە حەمە کەتە. خەڵکیش هەر وام پیٚ دەڵێن. تاکوو نەڵێن حەمە کەتە، کەس نامناسیٚ.

رەزبەری ۱۳۸۱(۲۰۰۲/۱۰)

# قەلەندەر

**پێشکەش بە ڕۆحی گۆرانی ڕەسەنی کوردی (حەسەن زیرەک)**

ماشێن لە قەراخ ئاوایی وێستا. ئەو دە دوازدە گــەزێک دوورتــر لــە ڕێگاکە دایرەیەکی لە بن باخەڵی نابوو دەهات و دەچوو. دوو ســێ نەفــەر دابەزین. ئەو جگەرەیەکی داگیرساند. ماشێنەکە تۆزێک لێی چووە پێشتر و لە بەر دەمی وێستا. ئەو خێرا خێرا مژی توندی لە جگەرەکەی دەداو بە ناخیدا دەیبردە خوارێ. شۆفێر یاڵڵای لێکرد و گوتی: وەرە ســەرێ. ئــەو یەکجار وەڕەز و پەشێو دیــاری دەدا. نەیــدەتوانی ســاخ بێتــەوە، ســواری ماشێن بێ یان هــەر لــە ســەر جادەکــە بوێــستێ. هــەموو موســافیرەکان دەیــانناســی. بۆیــە یــەک یــەک و دوو دوو هانیــان دا بــۆ ســوار بــوونی ماشێنەکە. بەنابەدڵی دەرکەی کردەوە و ســەرکەوت. شــۆفێر دەنگــی دا

جگەرەکەی بکوژێنێتەوە. ئەویش خێرا هات بە گژیدا «کێ بە تۆی گـوت بۆم راگری؟ بەخوا تا قرتی لێ نەبڕم فڕێی نادەم، دەنا رایگرە دادەبەزم»

لەبەر دەرکە پشت لە شۆفێر و روو لە موسافیرەکان دانیشت. خۆی بەسەر ئەژنۆیدا چەماندەوە، بەهەموو کەیفی خۆی مـژی لـە جگەرەکـەی دەدا. دووکەڵ و خەمەکانی بە ناخیدا دەبردە خوارێ، نێوچاوانە تاڵەکەی بە سێ چوار هێڵی راست و چەپ کەوتبوونە سەر یەک، نوێنگەی خـەم و پەژارەیەکی گەورە بـوو، مـووی رەشـی لـە جەسـتەدا نـەمابوو. سمێـڵە بابڕیەکەی بە هۆی دووکەڵی جگەرە، ببـووە زەردێکـی کارەبـایی. ددانـە زەردەکانی کەلێنیان تێکەوتبوو. لەگەڵ ئەوەی تـووڕە و تۆسـن بـوو، زوو دەچووە دڵەوە.

پێکەنینی موسافیرێک بـێ دەنگـی ماشـێنەکەی شـکاند. گـوتی: «ئەوە سیغارەکەشت کێشا، ئەو جار یەک دوو بەندمان گۆرانی بـۆ بـڵێ» ئەو بەتوندی قسەی کابرای بەر پەرچ داوە: «ئەمڕۆ عاسیم. بە قسەی هیچ کەس ناکەم، تەنانەت ئەگە . . . بـڵێ نایـڵێم. زۆر بـێ دەمـاخم، هـەموو دەمارەکانم گیراون، کەس ورتەم لێ نابیستێ. ئەمـڕۆ لـە هـەموو کـەس قەڵسم، تەنانەت لە خۆشم. خۆشم زیادیم بە کۆڵ خۆمەوە، سەر مەخەنـە سەرم». موسافیرێکی کە گـوتی: «هـا! دەزانم ئەمـڕۆ بـۆ مەیموونەکـەت تۆپیوە. ئەوە لەسەر ئەو شاییە دەریان کردووی»

ئەو وەک ئەوەی تازە بێتەوە سەرهۆش، سـەرنجێکی تەنیـشتیدا، دایرەکەی هەڵگرت و نایە سەرکۆشی. گوتی: نا! بۆ خۆم رۆیشتم. تا ئەمڕۆ کەس نەیتوانیوە لە شاییدا لە رووبەڕووم بخوێنــێ. ئـەوەی مـن راو بنـێ هێشتا لە دایکی خۆی نەبووە. سێ چوار لۆتی بەرقی هاتن. تازە خـەتیان

دابوو، منیش بەزەییم پێیان‌داهات. شتێکیشم کۆکربۆوە، بۆیە شـاییەکەم بۆ بەجێ‌هێشتن. موسافیرێکی کە گـوتی: ئەوانـەی ئەمـڕۆ دەچنـە سـەر شایی جوان و جەحێڵن. دەگەڵ مۆد دەگەڕێن. چـۆن بـە هـی وەک تـۆ رازی دەبن. من دەزانم هەر ئەوان هاتوون دامەزراون، تۆیان وەدەرناوە.

ئەو سەرێکی راوەشاند و گوتی: هەی هۆ هەی هۆ! خۆتان دەشـی بڕن و دەشی دوورن. ئەوانە کوا دەزانن گـۆرانی بـڵێن و شـایی بگێـڕن؟ چووزانن گـۆرانی چـی‌یـە. گـۆرانی ئەوانـە لـەبری ئـەوەی ببێتـە هـۆی هێورکردنەوە و حەسـانەوەی مێـشک و دەروونی مـرۆڤ، ئەوەنـدەی تـر عاسیان دەکات و دەیانڕووشنێ. ئەمانە تەنیا زرم و کوتیان هەیە و بەس. کەس لێیان حاڵی نابێ، کەلیمە نازانن، دەنگ‌وسەدایان لە ژێر ئـەو زرمـە زرمە دەشارنەوە. کەم و کووڕییان بە جرینگە جرینگی سازەکەیان قەرەبوو دەکەنەوە. گەڕی شایی بەکێش و هەرای ئەوانە تەنیا دەبێ ببێتە حەلوا و سێ‌جرتەکی. ئەوە بڕوای منە، ئێوەش چـۆنی حیـسێب دەکـەن بیکـەن، کەیفی خۆتانە.

زۆریان سەر خستە سەری، تاریفیان کرد، بەدەست و پەنجە، دەنگ و سەدایان هەڵگوت، بەشکوو شتێک بڵێ، بەڵام بێ‌کەڵک بوو. ئەو متەقی لە خۆی بڕی، ئەژنۆی لـە بـاوەش گـرت و سـەری پێـدا شـۆڕ کـردەوە. چاوەکانی بە قووڵایی خەمەکانیدا چوونە خـوار. گـوێی دڵـی بـۆ راوێـژی بیرەوەری‌یەکانی راداشت، بیرەوەری رابردوو، کاتی لاوی. لە نێوەڕاسـتی مەیدان دەچەقێ. کەواو پاتۆڵێکی ئیندیگۆی رەش، کەوشی شبراو، پێچی پڕلۆنی سپی، گوڵ وردی سوور ، پشتێنی شـەدەی لـێ دەبێتـە نـەخش. لکی سۆرانی بەسەر قۆڵیدا دادەنووشتێنێ، چەق دەبەستێ. بە دەنگی پـڕ

لە خرۆشی کوڕ و کیژ گەڕی زەماوەند دێنێتە جۆش. لەگەڵ تـەواوبوونی هەر بەندێک دەستی راستەی بەرز دەکاتەوە، دەورێک بـە دەوری خۆیـدا دەسووڕێ. بە سێ چوار کەس گۆرانی بـۆ دەسـتێننەوە. حـەوت شـەو و حەوت رۆژ شایی دەگێڕێ، کەلیمـەی لـێ تـەواو نابـێ. ئـەوەی دەیـڵێ نایڵێتەوە. هەموو چاوەش و شایەرەکان هەوڵیانە رەگەڵ خۆیـانی خـەن. سـەروبنی بەنـدەکان بـەڕێکو پێکـی دێنێتـەوە. جـوان و جەحێـڵە. جارجاریش دێتە نێو گەڕی شایی. قیت و قۆز و بۆشناخە، دۆی دەبێ. چاو بڕکێی دەگەڵ دەکەن. هۆش و ئاگای لێ دەبڕێ. دەچێتە حاڵەوە، وەک دەروێش جەزبە دەیگرێ.

برینی کۆن دەم دەکەنەوە، زووخاو و وەرهەم قوڵپە قوڵپ لە دڵەوە کەلاو دەکات. جەستە و لەش دەئاژوێ. یادوبیرەوەری کۆن،یادی پیرۆز. یادی شیرین. یادێک ببێتـە مایـەی دەربـەدەری و قەلەنـدەری، هـەموو جارێک لە هیچ و نەبوونەوە بژیێنێتەوە و بێنێتەوە بـوون. لـە بوونـەوەش بەرێتەوە بۆ ئەوپەڕی نەبوون. یادی ئەوین، یادی نازێ.

نازێ ئەو کیژە جوان و دڵـڕفێنەیە وەک تـەوار، کـەوی دڵـمی راو کرد. پەڕوباڵی هەڵوەراند و لە پەلوپۆی خست. لەو کاتەوە کە دیومە تەنیا و تەنیا بۆ ئەوە گۆرانی دەڵێم و شایی دەگێڕم. لە گەڵ هەر پێکەنینێک بە دڵ دەگریم. گۆرانیم کردۆتە دەرکی هەڵڕشـتنی کـەفوکوڵـی دەروون. هەموو کات گۆرانیم بۆ خۆم وتووە، بۆ نازێم وتووە، هـەموو ئافرەتێـک لـە نازێدا دەبینم، نازێش لە هەموو کیژێکی جوان و دڵـڕفێن. ئـەویش دڵـی دامێ. زۆرمان یەکتر خۆش دەویست، چەند جێژوانم دەگەڵ کرد، حەیف ئەو ماوەیە هێندە کورت و کەم بوو نەمزانی کـەی هـات و چـۆن رۆیـی.

ناردمە سەری، کەس نەما لە شاردا نەیکەمە تکاکـار. قـسەی ئـەوان هـەر یەک بوو ((کەوش و کڵاش نابنە یۆڵداش)) تۆ بابەیەکی شایەر و ئـەویش کچە سۆفی، یەکتر ناگرنەوە. گوتم هەرچییەکی ئێوە دەڵـێن وا دەکـەم، دەست لە هەموو شتێک هەڵـدەگرم. دەبمـە تۆبـەکار، دەروێـش، گـاور، هەرچی ئێوە دەڵێن. گوتیان ئێمە چۆن خۆمان دێنینە ڕێزەی تۆ.

ئیتر لەو کاتەوە بوومەتە بولبولی شەیدای نازێ، ڕۆژ تـاکوو ئێـوارە، شـەو تـاکوو بـەیانی دەچـریکێنم. ئـەوینی مـن و نـازێ ببـووە بنێـشتە خۆشکەی زاری خەڵکی شار و دێ، پیر و جحـێڵ. ڕۆژێـک لـە قاوەخانـە دانیشتبووم، حەمە و ئەحەی برای نازێش لەوێ بوون. خەڵک داوایان کرد گۆرانییان بۆ بڵێم، منیش لە خـوام دەویـست بیانوویـەکی وام وەدەسـت کەوێ. قسەی دڵم بە گوێیاندا بچرپێنم، لە پێشدا دەنگم ئاوا هەڵبڕی:

وەی لـــــە زاڵـــــم، وەی لـــــە زاڵـــــم
ئـــــەوی دەبێتـــــە باعیـــــسی دوو دڵـــــان
ڕۆژی قیامەتێ، لە سەر پردی سەخرەتوڵڵایە
دەرفـەت نـەبا لـە بـەر شـەیتانی لـەعینێ
وەی لـــــە زاڵـــــم، وەی لـــــە زاڵـــــم
ئـــــەوی دەبێتـــــە باعیـــــسی دوو دڵـــــان
خێــر لــە مــاڵ و مەنزڵــی خــۆی نــەبینێ
ڕەنــج بەخەســار بــێ ســەری ساڵــێ . . .

دڵی دانیشتوانی قاوەخانەکەم هێنایە جۆش، هـەموو هاودەردییـان دەگەڵ من و چاویان لە حەمە و ئەحە دەکرد. وەک ئەوەی پێیـان بـڵێن

بەزەییەکتان بەو عاشقە دڵ سووتاوەدا بێت. بەڵام ئەوان خۆیان گێل دەکرد و وەک دەگەڵ ئەوانیشم نەبێ وابوو، پاشان گرژم کرد:

شاعیرێکی مسکینم، بۆ بەندان دانامێنم
بۆیە کەوتمە سەر و پێت، بە زمانی خۆش بتدوێنم
لە تۆی کەژاوەدا بێت، قەد لە قەدی دەهاڵێنم
بە زۆر بێ، یان بە خوایش، دێم لە باوکی دەستێنم
بیست و دوو لانکی پێ بێ، هەمووی بۆ رادەژێنم
وەک ماینێ شێخ خەزاڵێ، دەیبەم و دەیرفێنم

حەمە و ئەحە خۆیان پێ نەگیرا، بە تووڕەیی وەدەرکەوتن. شەوێ ئاوری ئەوین هەڵیگرتم، بەرەو جێژوان وەڕێ‌کەوتم.ماڵی نازێ کەتبووە قەراخ شار، لە دوورەوە بە دەم شنەی باوە نەرم نەرم تێم هەڵکرد:

بەهار دێت و گوڵ دەڕوێت، گیانە
تۆ سەرێکم لێ نادەیت
سێو پێگەیی نەهاتی گیانە
کە لیمۆت زەرد بوو وەرە
نەخۆش کەوتم نەهاتی گیانە
وادەی گیان کێشان وەرە

دەنگم دەگەڵ تریفەی مانگەشەو تێکەڵ دەبوو. شێتانە سەری لە تاوێرە بەردەکانی ماڵی نازێ دەکوتا، تاکوو ئەم لەمپەرە بەدقەوارەیە لە مابەینی ئێمە لابەرێ. بێ‌گومان نازێش گوێی لە دەنگم دەبوو، لە

لایەکەوە هەستی بە نزیکی من و خۆی دەکـرد. دەیـزانی مـن بـۆ ئـەوە گۆرانی دەچڕم، دەروونی هەڵقرچاوی هێور دەبۆوە. دەبوو بێتە حەوشە لە سەر دیوارەوە پێم راگەیەنێ کەی دێتە دەرێ. ئەگەر چاوی کەسێکی بـە سەرەوە بایە زیاتر هەستی بە لەمپەری نێوانمان دەکرد. دووبارە بۆکرۆزی دڵی لە دوورەوە بە دەم هەناسەوە هەست پێ دەکرا. لە ماڵی ئەوان تەواو نزیک ببوومەوە، گوێم لە دەنگی شکانی شتێک بوو. گوێم نەدایە . هاتمە هەوایەکی تر . . .

پـــێم خۆشـــە لێـــرە بمـــرم، مـــەبادا بـــڕۆم لـــە لات
لە بەر ئەو چاوەت دەمرم، دەگەڕێ وەک سانیەی سەعات
دەست هەڵگری باڵـات نـیم، تـاکوو لـێم دا بـای بەسـات
شـەو و رۆژ بیـست و چـوارە، بـە دەقیقـە و بـە سـەعات
چـــاوەڕێی باڵـــای یـــارم، نـــازانم بـــۆچی نـــەهات
یـارم کـە هاتـە دەرێ، عالـەم دەڵـێ مانـگ هەڵـات

حەمە و ئەحە و عەلی ئامۆزایان رژانە سەرم. خوری شۆریان کردم و بە نیوەگیانی بەجێیان هێشتم. بێ سەروزمان کەوتبووم، جارجار بە حـاڵ دەمنووزاند. دەمەو بەیان بە چنگە کرکێ و گاگۆلکێ خۆم گەیانـدە سـەر شەقام. یەک دوو نەفەر چاویان پێم کەوت، زۆریان هات و هاوار کرد. کێ وای لێ کردووم، گوتم تکایە بمبەنەوە ماڵێ، جارێ کاتی ئـەوە نییـە. دە پازدە رۆژێـک دەبـوو لـە ماڵـێ کـەتبووم، نەدەچوومـە دەرێ. بـە هـۆی دۆستێکەوە زانیم لە تەنیشت ماڵی نازێ شاییە. خێرا ریشم تاشی و خۆم رازاندەوە. لە بەر ئاوێنەکە تەماشای خۆم کرد دەتگـوت تـازە لـە دەسـت

عیزرائیل هەڵاتووم. بە شەلەشەل خۆم کرد بە حەوشەی شاییدا. نازێ لە بەر هەیوان مات و مەلوول دانیشتبوو، سەیری داوەتی دەکرد. گۆنا سوورەکەی زەردی پاییزی لێ نیشتبوو. تریفەتریفی جاران لە چاوەکانیدا نەدەبینرا. بزە و خەندە شیرینەکەی سەر لێوی تۆرابوو. کە چاوی بە من کەوت ڕەنگی هێندەی دیکە هەڵبزرکا. لێوی کرۆشت و خۆی کرد بە ژوورێدا. منیش ئاورم گرت. خۆم پێڕانەگیرا. بێ ئەوەی کەس پێم بڵێ، تێمهەڵکرد . . .

قوربانـــت بم چـــاوی چـــاوم
لــە ســەر تــۆزۆریــان لــێ داوم
وام زانی خەڵـــــات کـــــراوم
بــۆ تــۆرت کــرد بــۆ تۆریــای
گوڵــم لــە ســەر چــی تۆریــای

لەپڕ زرمەیەک لە بناگوێم هەستا، بەرچاوم تاریک بوو، سێ چوار کەس وەبنیان نام، هەر مست و شەق بوو وەک بارانە وێم دەکەوت. شایی شێوا. ژنان بە زیق و هۆڕ خۆیان کرد بە ژوورێدا. خەڵک بە زۆر لە بن چنگیان دەرهێنام. نەڕاندم، ئەی هاوار خەڵکینە! خۆ من رقم لێی نییە،خۆشم دەوێ، لە کوێ و کەی خۆشەویستی تاوان بووە. جگە لەوەش تاوانم نییە. بۆ دەمکوژن، ئەی هاوار! ئەگەر بشکوژرێم هەر خۆشم ویستووە و خۆشم دەوێ. تەنیا بۆ ئەو دەژیم، ئەم دونیایەم لە بەر ئەو پێخۆشە. ئەحە و حەمە سیمڕ سیمڕ بۆم دەهاتن. دەیانگوت: ئەوە

حەیات نییە، هەتیوە حیزە. دەتکووژین. خەڵکەکەش ببوونە لەمپەر. بە قوونەشەڕ منیان بردە دەرێ.

ئیتر ئەوە ئاخر جار بوو نازێم دیت. ئەگەر دەمزانی وا دەبێ، بشیان کوشتایەم، لەو دەرک و بانە دوور نەدەکەوتمەوە. نازێ وەک بەردێک بکەوێتە ناو گۆمێکەوە، شرت و گوم بوو. دوای ماوەیەکی زۆر زانیم بەزۆر داویانە بە شوو. بەڵام ئێستاش بۆم روون نەبۆوە چۆن و بە کێ و لەکوێ. قەتیشم نەزانی. لەوە بەدوا من و دایرەکەم بووینە قەلەندەر. کەوتینە گەڕان، شار بە شار و دێ بە دێ. هەموو جێیەکی بە شوێندا دەپشکنم. دەنگ هەڵدەبڕم، نازێ دێنمەوە بەر زەینم. قسەی بۆ دەکەم. باسی دووری و خەمەکانمی بۆ دەگێڕمەوە. بۆم دەشنێتەوە، دەڵێ: ئێمە هی یەکین، هی یەکبووین و هەر دەگەینەوە بە یەک. جار جاریش بە نازەوە لێم دەتۆرێ، گۆرانی بۆ دەچڕم، ئاشتی دەکەمەوە. بۆ من گۆرانی و نازێ وەها تێکەڵاو بووە قەت ناتوانم لێکیان جیا بکەمەوە. تەنانەت خۆشم لێم تێک چووە، نازێ گۆرانییە یان گۆرانی نازێ. خەڵکیش هەروا. زۆربەیان من بە گۆرانییەوە دەناسن، هێندێکیش کە من دەبینن وە بیر گۆرانی دەکەونەوە.

زۆر جار بیرم لەوە کردۆتەوە هەر چاکتر بوو وای لێهات. رەنگە ئەو جۆرە کە شیاوی نازێ بێ نەمتوانیبایە ژیانێکی خۆش و تێر و تەسەلی بۆ دابین کەم. کێ دەڵێ نازێ ئێستا بەختەوەر نییە. دەی مەگین لەوە زیاتر چیم دەوێ؟ دڵم دێتە جواب دەڵێ: خۆ تۆ خۆت نەتدیوە. کێ دەڵێ نازێ ئێستا بەختەوەرە؟ کێ دەتوانێ ئەوە بسەلمێنێ ئەگەر هی تۆ بایە بەختەوەر نەدەبوو؟ خۆ تۆ بڕیارت دا، دەست لە هەموو شت هەڵگری.

ئەوەی ئەوان پێیان خۆش بێ بیکەی. مـرۆڤ بـۆی هەیـە ئـاڵ و گـۆڕی بەسەردا بێت، هەڵوێست بگرێ، ببێتە هەموو شت.

هەگ کوێراییم دابێ. خۆ ئەوە نازێیە لە نێو ماشێنەکە دانیـشتووە. چاوی بڕیوەتە چاوم. ئەوە لە کەیەوە خەریکی چیم؟ لە پڕ زرمەی دایرە و دەنگێکی بەسۆز و کەمێک گڕی نێرانە، سەرنجی هەموو موسـافیری نێـو ماشێنەکەی بۆ لای خۆی راکێش کرد . . .

هــەر ئــەمنم ئــەو کەســەی، ژیــنی بــۆ تــۆ مــاوە
حەز لە کەس ناکەم من قەت، تـاکوو دونیـا مـاوە
هــەر تــۆی قــسەی عیــشم، بــە دڵ دەتپەرەســتم
تــۆی تـــەنیا تەکیـــەگای، شـــیعر و هەڵبەســـتم
بــە یــادی دوو چــاوت، وەڵــا بــێ مــەی مەســتم
بـــــە خـــــوا بـــــێ مــــــەی مەســــــتم . . . . .

بەبێ ئـەوەی کـەس داوای گـۆرانی بکـات یـەک لـە دووی یـەک دەیگوت. حەزێکی زۆر نادیار لە چاوەکانییـەوە شـەپۆلی دەدا، چیرۆکـی ئەوین و خولیایی بە گوێدا دەچرپاند، سەر بە هۆردەی خەمێکی خەست و کۆن کە لە دەروونیدا پۆنگی خواردبۆوە، جینگڵی پـێ دەدا و دەیهەژانـد. ئێستا بە هۆی سۆزی دەنگی گۆرانییـەوە چەشـنی کوێرەکـانی بـەهاران دەتەقییەوە.

ئــــــــەرێ وەی وەی وەی
قیتێـــی گـــوارە جۆلانـــێ
مـــەیلی جارانـــت کوانـــێ
وەرە دەســـتم لـــە مـــل کـــە
بـــا عالـــەم پـــێ بزانـــێ
گـــرتم دوو مـــاچم لـــێ ســـەند
لـــــە راســـــتەی خیابانـــــێ
چـــون لـــە ســـەرم لازم بـــوو
وەک رۆژووی رەمـــــــــەزانێ

لە نزیک شاری موسافیرێک هەرای کرد کاکی شۆفێر لـە تەنیـشت ساردخانە بۆمان راگرە، دادەبەزین. ژن و پیاوێک و منداڵێکی چوار پێـنج ساڵانە چوونە خوارێ. ئافرەتەکە تـا دەسـت هەڵـێنی کەڵـەگەت، سـپی پێست و کێل گەردن. جووتێک گوارەی مەنگۆڵەدار، پیرۆزەی شین پێوە لە گوێیدا بوو. خاڵێکی رەش بە قەت تاقڕانییەک بەپەنا بەڵـگی گوێیـەوە لێی ببووە نەخش. چاو و برۆ رەش و کـەوانی، پرچـە رەشـە درێژەکـەی وەک دوو ماری رەش لە ژێر لەچکەکەیەوە سەری وەدەرنابوو. لە جـوانی خودایی لە هیچ شتێک بێ بەش نەبوو. ماشێنەکە کەوتەوە ڕێ. ئـەو لـە بەر خۆیەوە گوتی: تۆ تەماشات کرد، دەتگـوت لیرەیـە. تـۆ بـڵێی نـازێ نەبێ!؟. لە سەرەخۆ دایرەکەی لە پرێسکەکەیەوە پێچـا. گنجـەکانی نێـو چاوانی بە تەواوەتی رەوی بۆوە. لچە ئەسـتوور و گۆشـتنەکەی هێنـدێک داچۆڕابوو. ددانە زەردەکانی وەدیار خستبوو. سمێڵە بابرپەکەی هەر بزەی

دەهات. زۆر جحێڵ تر لە تەمەنی دیاری ئەدا. حەز و هیوایەکی بەرز وەک ئەسپێکی سەرکەش و تۆڕ، لـە چاویـدا پـەلی دەهاویـشت و سمکۆڵـانی دەکرد. دوو سێ نەفەر دەستیان بە گیرفاندا کرد پووڵی بدەنێ، ئەو گوتی: «نا پێویست بە پووڵ ناکات. ئەوڕۆ بۆ خۆم بوو، ئەمڕۆ هـەمووتان میـوانی خۆمن. هەڵی گرن بۆ جارێکی تر.»

بەفرانباری ١٣٧٦ (١/١٩٩٧)

# پیلان

نووچ. نابێ نا! ئەمە کارێکە کەس نەبیستوو و کەس نـەکردوو. جـا چۆن وا دەبێ؟ با هەموو کەسیش وا بڵێت. ئەگەرکوو ئەم قسەیەش راست بێ و لەگەڵ هەموو کەسدا وابووبێ، خۆ لە گەڵ تۆ وا نەبووە. نا! نـا قـەت دڵم بەرایی ئەم کارە نادات. من بـۆ ئـەوە بـەم گەرمایـە زەحمـەتی ئـەم سەفەرە دوور و درێژەم خستۆتە بـەرخۆم، خەڵـکی بـەم بەرگـە نوێیـەوە متمانەیەکی زیاترم پێبکەن. قسەم زیاتر لێ وەرگرن. بەڵام شتی وا نەبووە و ناشبێ. لە زۆر کۆنەوە لە پیر و گەورە پیاوانـەوە ئـەم قـسە نەسـتەق و بەکاکڵانەمان بۆ بڕاوەتەوە،هێندە جوان و رێکوپـێکن، هـەموو دەبـێ بـە ئاوی زێڕ بنووسرێنەوە. مەگین خوا بۆ خۆی بزانـێ هەوەڵـجار کـێ و لـە کوێدا بـەکاری هێنـاون، پشتاوپـشت هـاتوون، تـا ئەمڕۆکـە. لـە هـەموو

سەردەمێکدا چەشنی یاسایەکی پیرۆز لە کاریان کردوون، ئێستا چۆن دەکرێ چاو لە حاندیان بنووقێنم، خۆیان لێ نەبان کەم. سەیر کەن «سەرچاوەیەک کە ئاوت لێ خواردەوە، بەردی تێمەهاوە» «کە نانت خوارد، ناندێنەکە، مەدڕێنە» زۆر شتی تر کە دەتوانم بۆ نەکردنی ئەم کارە پشتیان پێ ببەستم. ها! خوێنەری هێژا ئێوە دەڵێن چی؟ چۆن بیر دەکەنەوە، پێتان وایە هێندە گەوجم رەنگە کاری وا بکەم. قەت شتی وا نەبووە و ناشکرێ.

✪ ✪ ✪

کوێر و چاوساغەکەی کە مێرمنداڵێکی دە دوزادە ساڵانە بوو،تازە خەریک بوو گوندەکەیان بەجێدەهێشت. هێشتا بە تەواوی دارودرەختەکانی بەر ئاواییان لێ نەدیو نەکەوتبوو، کوێرەکە لە چاوساغەکەی رادەخوڕێ: «هەتیوە بزانە ئەوە کێیە بە دوومانەوە؟» ئەو دوو ساڵێک دەبوو باوکی دابوویە دەست ئەم کوێرە. زۆر ئاوایی دوور و نزیک گەڕابوون. داوای سەرفترە، بەرات و خەرمان لۆغەیان کردبوو، خەڵکیش بە گوێرەی توانای خۆیان لە زۆر زۆر و لە کەم کەمیان دابوونێ. چاوساغەکە ئەوەی بە تاقیکردنەوە بۆ روون ببۆوە، ئەگەرکوو کەسێک ئەندامێکی هەستکردنی لەشی نقوستان بێ، لەبری ئەم نوقستانییە ئەندامێکی تری بەهێزتر دەبێ. کوێریش کە چاوی نەبوو، گوێی زۆر سووک بوو. تەنانەت سریوەی بزووتنی گەڵاشی دەژنەوی. ئاوڕی دایەوە، دیتی پیاوێک دووسەت گەزێکیان لێ دوورە «هیچم بۆ بەدی ناکرێ مەلا، لێمان دوورە» کوێرەکە لێی تووڕە دەبێ و پێی دەڵێ کوێرایی دابێ، خۆی کوێرە ئەو چی.

دوو هاوڕێ، به کاوەخۆ ڕێیان دەبڕی. دەنگی کوتە کوتی گۆچـانی کوێرەکە، مووسیقایەکی سـڕ بـوو، ئـاگری دنیـای لـە جـۆش و خرۆشـی منداڵانەی چاوساغەکەی دادەمرکاند. ئەمە تەنیا گەمەیەک بوو جارجـارە بە دزی کوێرەوە دەیکرد. چاوی نووقاند. دەیویست بزانێ کوێر چـۆن بـە بێچاوساغ بە ڕێدا دەڕوا. هەرەکی بوو بزانێ ئەگەر ئـەویش خـۆی کـوێر بکات، گوێی باشتر دەبیستێ. هەست بە بوونی ئەو ڕێبوارە دەکات. چاوی نووقاند و گوێ قوڵاغ بوو، بەڵام هەر چییەکی کرد، هیچی لێ حاڵی نەبوو. لەناکاو کەوتنە ناو قوڵکێکەوە، دەمەو ڕوو کەوت بە عەرزیدا، کوێریش لـە سەری تخێڵ بوو. بەشی ئەمجارەی، سێ چوار سیخورمە و جنێوی تەڕ و دوو قەفــە گۆچــان بــوو. بەرەدەســتی و ســەر ئــەژنۆکانی داماڵــکان، دەزوورانەوە. کوێر خۆی دەتەکێنێ و پێی دەڵێ، هەتیوە سەگبابە، ئـەوە دووبارە خەریکی کایە و گەمە بووی، بۆیە لە ڕێیەکە لاتداوە. ئا بزانە ئـەو ڕێبوارە زۆری ماوە بمانگاتێ، کێیە. چاوساغەکە ئاوڕی دایەوە، دیتی کابرا دەستی لە پشت خۆیەوە هەڵپێکاوە، سەری داخستووە بە هێـوری بـەرەو ئەوان دێتە پێشەوە. «مەلا جلەکانی بەری زۆر پاک و خاوێنە، لە خەڵکی دێهات ناچێ، دەوڵـەمەندە، کەوشـەکانی تازەیـە، ڕەنگـە خێرێکیـشمان بداتێ» کوێر ئەم قسەیەی بە کەیفێ بوو، بزەیەکی تاڵی دەکەوێتـە سـەر لێو. بە چاوساغەکەی دەڵێ ئافەرین، هەمیشە ئاوا ورد سەرنج بداتە شت. دەبێ کاغەز بـە سـپییەتی بخوێنێتـەوە. دەگەنـە سـەر کـانی و ئاوێـک، چاوساغ بە کوێرەکەی وت: «مەلا توونیمە، ئەمڕۆ زۆر گەرمە، نەچینە سەر ئەم کانییە، چۆڕێک ئاو بخۆینەوە و بڕێکیش خۆمان فێنک کەینەوە، با ئەو پیاوەش بمانگاتێ» پـاش قـەدەرێک غەریبـە دەگاتـە جانـدیان، ئـەویش

لادەدا، پاش سڵاو و ماندوو نەبوونی دوو سێ شڵپ ئاو دەکا بە دەموچاویدا و دوو مستیش دەخواتەوە. ئەوجا سێ بە سێ بە پێی یەک وەڕێ دەکەون. چاوساغەکە زۆری پێ خۆش بوو لەم ڕێیەدا هاوسەفەرێکی تریان هەیە، دەتوانێ لە گەڵی بدوێ و پرسیاری لێبکات. دنیا تاریک و بێدەنگی خۆی بشکێنێ، کوێرە، کەم دوێ بوو، جارجارەیەک لە نێو ڕێدا پرسیارێکی لێدەکرد، تەنیا بە ئا یان نایەک قسەکەی دەبڕیەوە. لە کابرای پرسی خاڵە تۆش خەڵکی ئەم ئاواییەی. غەریبە وەڵامی داوە زوو خەڵکی ئێرە بووە، دەمێکە ماڵی چۆتە شار. کارێکی بووە، بۆیە هاتۆتە ئێرە، ئێستێ دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ شار. لە سەرەخۆ لە چاوساغەکە دەپرسێ، ئەی کوڕی باش ئێوە بۆ کوێ دەچن. کوێرەکە وەڵام دەداتەوە بۆ خێر هاتوونە ئێرە. گەرەکیانە ئەم دوو سێ ئاواییەی تریش بگەڕێن. بزانن خوا چییان بە نسیب دەکا. غەریبە پیاوێکی ڕەزاشیرین و جوانچاک بوو، لە بەر خۆیەوە هەر ورتە ورتی دەهات، وا دیار بوو لە گەڵ خۆی کەوتۆتە راوێژ. لە کوێرەکەی پرسی: «مەلا ئەمساڵ ویشکە ساڵە، بەروبوو باش نییە، کوا خەڵک خێر دەکەن؟» ئەو پێی وایە وەرزێڕ لە خۆیدا چاوچنۆکە، لە سیاساڵێکی ئاوادا پێی وا نییە دەستی بچێتە خێر و خێرات. کوێرەکە وەڵامی دایەوە  راست دەکا، ساڵەکەی خراپە، خۆ قەرزیان لە سەر کەس نییە، هەر کەس لە هەمبانەی خۆی گوێز دەبژێرێ. بە گوێرەی توانا شتێکیان داوێ، ماڵیان ئاوا. خوا خێریان بنووسێ و لە شەڕی شەیتانی لەعین بیانپارێزێ. غەریبە پرسیاری کرد: «مەلا! تۆ شەرع و حەدیسیش دەزانی؟» کوێر وەڵام دەداتەوە، بەڵێ! بەڵێ دەزانێ. قورئانی بە تەفسیرەوە لە خزمەت مەلا سادق، لە مزگەوتی سوور خەتم کردووە. مەلا

سادق فەقێی زۆر بوون، کە بۆ خەتمی قورئان چۆتە خزمەتی ، ئەویش وەک فەقێیان تا نۆرە دەرسی گەیوەتێ، گوێی لێ راگرتووە. شارەزایی لە حەدیس و شەرعیش هەیە. غەریبە دەڵێ رێگەیان دوورە و رێگەی دووریش بە قسە نەبێ نابڕێتەوە. ئەگەر کوێرەکە ئیزنی لە سەر بێ پرسیارێکی لێبکات. کوێرەکە لە زوویەکەوە بە تەمابوو ئەو پیاوە خێرێکی بداتێ. لە دەرفەتێک دەگەڕا دڵی نەرم کا و ئەوەی پێ بسەلمێنێ کە مەلایەکی لایق و موستەحەقە، لە سەر هەموو کەس فەڕزە خێری بداتێ. کوێرەکە ئەم قسەیەی پێ خۆش بوو، وتی لە خزمەتی دایە. غەریبە «مەلا شەیتان بۆ خراپە؟» کوێرەکە بە سەرسووڕمانەوە پێی وت، ئەی بێ قەزا بی. جا چۆن ئەوە نازانی! چونکە بێ ئەمری خوای تەبارەک و تەعالای کردووە. سوجدەی نەبردۆتە بەر حەزرەتی ئادەم، خواش تۆقی نەحلەتی کردۆتە ملی. ئەشێ ئینسان هەمیشە لە خوای گەورە بپاڕێتەوە کە لە شەڕی شەیتان بیپارێزێ. کاری شەیتان کەڵکەڵە کردنی مرۆیە بۆکاری خراپ و گوناح. بەڵام ئێمە نابێ بکەوینە داوی و بە قسەی بکەین. چونکە بەرەو هەڵدێرمان دەبات، دوچاری ئاوری جەحەندەممان دەکات. «ئەی ئەگەر بێتو بەرەو کاری باش رێنموونی کردین، چی؟» کوێرەکە دەڵێ جا براله شتی وا کێ بیستوویەتی و کێ دیتوویە. کاری وا قەت نەبووە و قەتیش نابێ.

غەریبە بە کوێرەکەی وت دەزانێ ئەو بۆ رووی لەم ئاواییە کردووە، خزم و کەسی لەوێ زۆرە، دەستەنگە. قەرزێکی لە سەرە. بەیانی وادەیەتی دەبێ بیداتەوە. نیشیەتی. دەستی بە هیچ کوێیەک رانەگەیشتووە، بە ناچاری رووی کردۆتە ئێرە. لێرەش دەسبەتاڵ

گەڕاوەتەوە. کوێرەکە «خوا ناهومێدت نەکا» غەریبە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: لە چاو خۆیەوە چـاو لـەوان دەکـات، ڕەنگـە ئـەوانیش وەک ئـەو دەسبەتاڵ گەڕابێتنەوە، یان چی وایان پێ نەدابن، ئەگەرچی ئێستێ لـەو کاتەدا خۆی لەوان زۆر موحتاجترە، ئەوە ماوەیەکە شەیتان دنـەی دەدا و دەڵێ: پێنج قڕان بدە بەو مەلایـە. ئـەو لـە تـۆ هـەژارترە، موسـتەحەقە. ئێستێ نازانێ بە قسەی بکات یان نا. کوێرەکە «بەڵێ! بەڵـێ بـە قـسەی بکە،ئەوە ڕەحمانە، کاری خێر، یەک و دووی ناوێ». غەریبە پێنج قڕان لە گیرفانی دەردێنێ و دەیدا بە کوێرەکە. ئـەویش وەریـدەگرێ و دەیخاتـە تەنکەی گیرفانی.

سێ هاوڕێ لەسەرەخۆ بە پێی یـەک، دەڕۆیـشتن. غەریبـە لەبـەر خۆیەوە هەر ورتە ورتی دەهات. کوێرەکە لێی دەپرسێ، براله ئەوە لە بەر خۆیەوە دەڵێ چی؟ دەنگ هەڵێنێ با ئەوانیش گوێیان لـێ بـێ. غەریبـە وتی: مەلا چت لێ بشارمەوە، شەیتان دەست لە یەخەم ناکاتەوە، دیـسان دەڵێ ئەم مەلایە کوێر و هەژارە. بەو گەرمایە لە شارەوە بەم توڵـفەوە بـۆ خێر هاتۆتە ئێرە. ڕەنگە چی وایان پەیدا نـەکردبێ. پێـنج قـڕانی دیـشی بدەیە. ئەویش دەڵێ بیـست تمـەن قـەرزدارە، بـەیانی وادەیـەتی دەبـێ بیداتــەوە، تاقــە تمــەنێکی پێیــە. کوێرەکــە: «خــوا گەورەیــە. خــۆی ئەڕحەمەڕڕاحمینە، براله بە قسەی بکە. ئەوە ڕەحمانـە» غەریبـە دەسـت دەبا بۆ گیرفانی، تمەنێک دەردێنێ دەیدا بە کوێرەکە و دەڵێ پێنج قڕانی بداتەوە. کوێرەکە دەست بە پووڵەکەدا دێنێ، پاش ئەوەی کە لێی دڵـنیا دەبێ، دەیخاتە تەنکەی گیرفانی باخەڵی. لە گیرفانی پانتۆڵـەکەی پێـنج قڕانییـەک دەردێنـێ و دەیداتـەوە بـە غەریبـە. پـاش ماوەیـەکی تـر

چاوساغەکەش گـوێی لـە ورتـە ورتی هاوڕێکـەیان دەبـێ. کوێرەکـە بـە پێکەنینەوە دەپرسێ: «ها براله، دیسان چییه؟» غەریبە لەسەرەخۆ دەڵێ: مەلا چت لێ بشارمەوە، دیسان شـەیتانە دەسـتی لـێ هەڵـناگرێ. پێـی دەڵێ تۆ کارت بەو پێنج قڕانە مسۆگەر نابێ، ئەو مەلایە هەژارە، ئەو پێنج قڕانەشی بدەیە. بەشکو دەردێک لەو دەوا بکات. کوێرەکـە بـە دەنگێکـی بەرز پێکەنی وتی: «بە خوا سەیرە! کوڕە بابم لە کاری خێر، یـەک و دوو ناکرێ. ئەوە ڕەحمانە، بە قسەی بکە» غەریبە دەست دەبـا بـۆ گیرفـانی، پێنج قڕانەکەی دەردێنێ دەیدا بە کوێرەکە. دەڵێ ڕەنگە ئەوجار ئاسوودە بێ شەیتان دەستی لە کۆڵ کاتەوە. چونکە تاقە شاییەکی پێ نەماوە ئیتر بیداتێ. کوێرە پووڵەکە وەردەگرێ و دەیخاتە ناو گیرفانی، دەڵـێ: «خـوا کەریمە، سەری بێ ڕۆزی لە ژێر خاک دایە».

سێ هاوڕێ گەیشتبوونە نیوەی ڕێ، شیو و دۆڵێ بوو، پیاو زەندەقی دەچوو. ورتە ورتی غەریبە دەگەڵ سیرە سیرەی دەنگی سیسرکە و کوتە کوتی گۆچانی مەلا ئاوێتە دەبوو. کوێرە بە پێکەنینەوە پرسیار دەکا: «ها! براله، دەی شەیتان ئەوجار دەڵێ چی!»، «خۆ تۆ خۆت وتـت پووڵـم پـێ نەماوە،ئەوجار چمان دەدەیتێ؟» غەریبە وتی: مەلا چت لێ وەشارم. ئەوە دیسان دەمێکە سەری خستۆتە سەرم، دەڵێ ئەو مەلایە کـوێر و هـەژارە «دەی دەی بە قوربانت بم» هەموو کەس خێری پێ دەکا و موسـتەحەقە «دەی دەی لە سەرت گەڕێم» قەت دانامێنێ و پێویستی بە پـووڵ نییـە، ئەوەی پووڵی پێیە لێی بستێنە، رووتی کە. مەلا بە پەشۆکاوییەوە دەڵێ: نا! نا! براله بە قسەی نەکا، ئەوە شەیتانە. دوچـاری ئـاگری جەهەنـدەمی دەکات. غەریبە دەست دەبا بۆ گیرفانی، گوێزانێکی سـەرتاش دەردێنـێ،

دەڵێ: براله! بە خوا تا ئێرە بە قسەی کردووە، ئەمەشی بە قسە دەکا و خۆی پیاوخراپ ناکات. خۆشت فتوات داوە، چ رەحمان بێ، چ شەیتان. غەریبە دوو زللە و شەپێک دەسرەوێنێتە چاوساغەکە، ئەو دەزیقێنێ و مەلا بەجێدەهێڵێ. غەریبە گوێزانەکەی دەنێتە سەر ملی مەلا. لەسەرەخۆ دەست دەکا بە ناو گیرفانی باخەڵی مەلادا، ئەوجار یەکە یەکە گیرفانەکانی . . .

✪ ✪ ✪

نا! نا! نابێ، شتی وا نەبووە و ناشبێ. ئەمە کارێکە کەس نەکردووە، کەس نەبیستووە. وا چاکە ئەمشەو بە بەرچاوی هەموویانەوە خۆم نەخۆش خەم، خۆم بێنمە حاڵی جاو، خۆ لەم کارە بپارێزم. دواتر کە لێیان پرسیم، دەڵێم خۆم نەمتوانی. کەسێکم لەبری خۆم بەکرێ گرت . . . .

پووشپەڕی ۱۳۷۸ (۱۹۹۹/۷)